# ڕۆژنامە

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 479 یەکشەممە 31/ 5/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.479 Sun 31/ 5/ 2009







**ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی چۆن دەڕواننە نانبڕینی لایەنگرانی باڵی ریفۆرم؟**

ل ٣

## نوری مالیکی بۆ ڕۆژنامە:

# لەکاتی ڕوودانی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا، حکومەتی ناوەندی ئاگاداربکەنەوە


**فرمان عەبدولڕەحمان**
**هەستیار قادر**

نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامە رایگەیاند: بۆ ڕێگرتن لە کاری ساختەکاریی، پێویستە قەوارە سیاسییەکان پشت بە نوێنەرەکانیان ببەستن لە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا. وتیشي: «لەکاتی ڕوودانی ساختەکارییدا لە هەڵبژاردنەکاندا، پێویستە قەوارە سیاسییەکان حکومەتی ناوەندی ئاگاداربکەنەوە».

دەربارەی ڕۆڵی حکومەتی ناوەندی لە چاودێریکردن‌و ڕێگرتن لە کاری ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتیی هەرێم، کە بڕیارە ٢٥ی تەمموزی داهاتوو ئەنجامبدرێت. سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاماژەی بەوەکرد، بەپێی بنەما یاساییەکان، هەڵبژاردن بە سەرپەرشتیی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق‌و لەژێر چاودێریی ڕێکخراوە عێراقی‌و نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەچێت، بەڵام پاراستنی لایەنی ئەمنیی پرۆسەکە لەژێر دەسەڵاتی پۆلیس‌و ئاسایشی هەرێمدا دەبێت.

دەربارەی ڕێگرتن لە کاری ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا، مالیکی وتی: «بۆ ڕێگرتن لە کاری ساختەکاریی، پێویستە قەوارە سیاسییە بەشدارەکان پشت بەو نوێنەرانەیان ببەستن کە چاودێریی هەڵبژاردنەکان دەکەن‌و لەکاتی ڕوودانی ساختەکاریدا کۆمسیۆنی باڵاو حکومەتی ناوەندی ئاگاداربکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان».

سەبارەت بە دووبارە خۆکاندیدکردنەوەیشی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا، سەرۆک وەزیرانی عێراق وتی: «ڕێز لە هەڵبژاردنی گەل دەگرم، ئەگەر هەڵیانبژاردم ئەوە بە داوایەکی شەرعیی‌و نیشتمانیی دادەنێم، ئەگەریش منیان بەخشی لە بەرپرسیاریی، سوپاسیان دەکەم».



# هەڵهاتن لە بۆشایی

## نیگایەک لە جەوهەری ئەو هێزەی ئێستا لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا دەجوڵێت

**وتارێکی بەختیار عەلی-یە لە ژمارەی سبەینێو لە پاشکۆیەکی تایبەتدا بڵاودەکرێتەوە**

# کۆبونەوەیەکی عیماد ئەحمەد بە هوتافکێشان کۆتایی پێهێنرا

**فاخر تەلانی**

دوێنێ ژمارەیەکهاوڵاتی دانیشتووی شارۆچکەی پیرەمەگروون بە هوتافکێشان کۆبوونەوەیەکی عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیان کۆتایی پێهێناو زانایانی ئایینیش کۆبوونەوەکەیان بە بانگەشەی هەڵبژاردن وەسفکردوەک لەوەی دابینکردنی خزمەتگوزاریی بێت بۆ هاوڵاتییان.

لەسەر داوای مەڵبەندی (٢٧)ی ڕێکخستنی دوکانی یەکێتی، دوێنێ عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، سەردانی شارۆچکەی پیرەمەگروونی کرد بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە، بەڵام لەکاتی کۆبوونەوەکەدا زانایانی ئایینی سنوورەکە کۆبوونەوەکەیان جێهێشت‌و سەردانەکەیان بە بانگەشەی هەڵبژاردن زانی‌و لەکاتی هاتنە دەرەوەی زانایانی ئایینی، هوتافکێشان لەلایەن جەماوەرەوە دەستیپێکردو تێکرا داوای ئاوی خواردنەوەو پرۆژەی خزمەتگوزارییان کرد بەو هۆیەوە عیماد ئەحمەد کۆبوونەوەکەی جێهێشت.

هاوڵاتییەک کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردبوو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ماوەی (٣) ساڵە حکومەت هیچ پرۆژەیەکی لەو شارۆچکەیە ئەنجام نەداوە، جگە لە پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، وتیشی: «ئەمجۆرە سەردانە تەنیا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە، ئەگینا بۆ لێپێچینەوە نەبووە لەسەر ئەوەی کە بۆچی ئەو (٣) ساڵە هیچ پرۆژەیەک نەکراوە بۆ ئەم شارۆچکەیە».






# وەزارەتی تەندروستی بە «نایاسایی» گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەک ئیمزا دەکات

**ڕۆژنامە**

وەزارەتی تەندروستی هەرێم گرێبەستێکی (٩) ملیۆن‌و (٤٠٠) هەزار دۆلاریی بۆ کڕینی کەلوپەلی پزیشکی لەگەڵ کۆمپانیای سیمنسی ئەڵمانی ئیمزا دەکات‌و سەرچاوەیەکی دیوانی چاودێریی داراییش ئەو مامەڵەیە بە «نایاسایی» دادەنێت.

سەرچاوەیەکی باڵا لەدیوانی چاودێری دارایی، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «وەزیری تەندروستی بەتەنیا ئەوگرێبەستەی لەئەڵمانیا مۆرکردووە، کە دەبوو لەڕێگەی لیژنەیەکی وەزارەتەوە بکرایە، نەک تەنیا وەزیر». بەوپێیەی وەک سەرچاوەکەی چاودێری دارایی وتی: بەپێی یاسا هەرئامێرێک بۆ دامودەزگا حکومیەکان بکڕدرێت، دەبێت لەڕێگەی زیادکردنەوەبێت‌و چەند کۆمپانیایەک بەشداریی تێدابکەن، هەربۆیە ئەو گرێبەستە نایاساییە.

لەبەرامبەردا د. زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم رایگەیاند: ئەوان پێیانباشە ڕاستەوخۆ بچنە سەرچاوەی سەرەکی کۆمپانیاکە بۆ ئامێرکڕین‌و وتی: «ئێمە ناهێڵین هیچ قاچاغچییەک بەشداریی لەومۆزایەدەیەدا بکات‌و لەڕێگەی خۆم‌و سێ ئەندامی دیکەی وەزارەتەوە گرێبەستەکەمان کردووەو هیچ کێشەیەکی یاسایی نییە، بەڵام هەندێک لایەن پێیانناخۆشە، کە لەلایەن خۆیانەوە ئەو ئامێرانە نەکڕدراون».

**زانیاری زیاتر پاشکۆی «خەڵک»دایە**

## مووچەبڕین لەنێوان واقیعو خەباتو قوربانیدا

# ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی چۆن دەڕواننە نانبڕینی لایەنگرانی باڵی ریفۆرم؟



پشتیوان سەعدوڵڵا

هەڵمەتی فشارهێنان بۆ وازهێنانو دەرکـردنـی کـادیـرو ئەندامانی نێو ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تادێت لە زیادبووندایە، بەوهۆیەشەوە ئەو کەسانەی بەر ئەو هەڵمەتە کەوتوونو رووبەڕووی نانبڕین بووونەتەوەو ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتیش رای جیاوازیان لەسەر ئەو مەسەلەیە هەیە.

لە سنووری مەڵبەندی (١)ی رێکخستنی سلێمانیداو لە کۆمیتەکانی (٣)ی ئازادیو (٥)ی خەباتو (١١)ی کارێزەوشکو (١٥)ی تووی مەلیکو (٦)ی چوارباغ، هـەروەهـا کۆمیتەی (٢)ی بـازیـانو مەڵبەندی (٢١)ی دەوربەری سلێمانیو کۆمیتەی شێروانەی کـەلار، کۆمیتەی (٤)ی مامەیارەو چەند کۆمیتەیەکی سنووری مەڵبەندی (١٥)ی چەمچەماڵ، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسو کادیرو ئەندامان دەستیان لەکارکێشاوەتەوە، بەو هۆیەوە مووچەیان بڕدراوە.

### لە شەڕدا تەڕو وشک پێکەوە دەسووتێن

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە بە وتەی خۆی لەگەڵ مووچەبڕینی لایەنگرانی باڵی ریفۆرمدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا واقیعی ئێستای نێو حیزبەکەی بە «سـەردەمـی شـەڕ» وەسفدەکاتو ئاماژە بەوە دەکات، لەکاتی شەڕدا «تەڕو وشک پێکەوە دەسووتێن».

شـالاو عەلی عەسکەری، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە رۆژنـامـەی راگەیاند: لەشەڕدا تەڕو وشک پێکەوە دەسووتێت، منیش لەگەڵ ئـەوەدام خەڵکێک هەیە خاوەنی خەباتێکی زۆرەو ئێستا گوناحە مووچەی دەبڕێت، بەڵام «ئەگەر وەک حیزبییەک سەیری مەسەلەکە بکەین، ئەوە شتێکی رەوایە»، بەڵام ئەگەر وەک ویژادن سەیری مەسەلەکە بکەین، من لەگەڵ ئەوەدانیم نانی هیچ کەسێک ببڕدرێت.

باسی لەوەشکرد، «ئـەو کەسانەی کار بۆ یەکێتی بکەن بێگومان مووچەیان هەیە، بـەڵام کاتێک کە ئیشەکەیان لە یەکێتی نەما، ئەوکاتە هیچ مافێکیان بەسەر یەکێتییەوە نامێنێتو مووچەیان نامێنێت».

بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی پێیانوایە، یەکێتی مافی خۆیەتی بەبێ گوێدانە خەباتو قوربانیی ئەو خەڵکانەی کە لە ئێستادا ریزەکانی ئەو حیزبە جێدەهێڵن، لە هەموو ئیمتیازاتێک بێبەشیان بکات.

مـسـتـەفـا چـــــاوڕەش، ئـەنـدامـی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وتی: «هەرچەندە تائێستا لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان مووچەی کەس نەبڕاوەو کەسیش دەرنەکراوە»، بەڵام هەر کەسێک لەناو یەکێتی نەمێنێت، بەپێی ئەو سزا مادییەی کە دیاریکراوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، «ناکرێت کەسێک یەکێتی مووچەی پێ بداتو بچێتە پاڵ لایەنێکی دیکە، شتی وا لە هیچ قاموسێکدا نییە».

هەر لەوبارەیەوە سەعدی ئەحمەد پـیـرە، ئـەنـدامـی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو واقیعەی ئێستا ململانێیەکی سیاسییەو ئەوەی ئیش بۆ یەکێتی نەکات، نانی دەبڕێتو ئەوەش شتێکی ئاساییە، لە هەموو شوێنێک وایە».

### نانبڕینی کادیرانی یەکێتی ناخۆشترین ئیجرائاتکردنە

بەرپرسانی یەکێتی مووچەبڕینو بێبەشبوون لە هەموو ئیمتیازاتێکی یەکێتی وەک چەکێک لە دژی ئەو کەسانە بەکاردەهێنن کە دەستلەکاردەکێشنەوە، یـان ئـەوانـەی کـە بـەهـۆی لایەنگری باڵی ریفۆرمەوە دەردەکرێن. هاوکات ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە، نەتوانراوە هاوسەنگییەک دروستبکرێت لەنێوان سزادانو نان نەبڕیندا.

فـەریـد ئـەسـەسـەرد، ئـەنـدامـی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەمە ناخۆشترین لایەنی مەسەلەکەیە، خۆزگە ئەم ئیجرائاتە ئەوەی تێنەکەوتایە، پێموایە نەتوانراوە هاوسەنگییەک دروستبکرێت لەنێوان سـزادانو نـان نەبڕیندا، هەردووکی ئـەوەنـدە تێکەڵاو بـووە نـەتـوانـراوە لێکجیابکرێنەوە، ئەوە لایەنی خراپو ناخۆشی مەسەلەکەیە».

وتیشی: ململانێکە ئەوەندە دژوار بووەو لەکاتێکی زۆر هەستیاردا هاتووەتە کایەوە، «زۆر لایەن هەبووە لەبەرچاو نەگیراوە، یەکێک لـەوانـە مەسەلەی رابردووی دێرینی بەشێکی زۆری ئەو جۆرە کەسانەیە».

### ئەوانەی یەکێتی بەجێدەهێڵن چی دەڵێن؟

لەماوەی چەند هەفتەی رابـردوودا ژمـارەیـەک لـە لـێـپـرسـراوو کادیرو ئەندامی نێو رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کـوردسـتـان، بەناچاریی دەستیان لەکارکێشاوەتەوەو بەوەش بەبڕیاری تاڵەبانی، رووبەڕووی نانبڕینو مووچەبڕین بوونەتەوە، هاوکات ئەو بڕیارەش بە ناهەقو ستەم وەسفدەکەن.

کادیرە دەستلەکارکێشاوەکانی سەر بە باڵی ریفۆرم پێیانوایە، ئەوان بەشێکی سەرەکی نێو حیبزبەکەیانن، بەو پێیەی کە هەموویان خاوەنی خەباتو قوربانییەکی زۆرن لەپێناو یەکێتیدا.

رەئوف ئەحمەد کاکی، جێگری یەکەمی کۆمیتەی (٥)ی خەباتی یەکێتی کە ماوەی چەند رۆژێکە دەستی لە کار کێشاوەتەوە، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە تەمەنی (٩) ساڵییەوە لەناو یەکێتیدا من خەبات دەکـەمو چەند مانگێک زیندانیکراوم، جگە لە بریندار بوونی خۆم، چوار برام شەهیدی یەکێتییە، ئێستا بە چ هەقێک پێمدەڵێن خواحافیزت بێت، «نانبڕین بەلای بەرپرسانی یەکێتییەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام بەلای ئێمەوە بڕیارێکی سەقەتە، چونکە سەدان خێزانی وەک خێزانەکەی ئێمە یەکێتییان دروستکردووەو تائێستاش لە خەڵکە دڵسۆزەکانی یەکێتین، هەروەها ئێمە لەسەر بیروڕای جیاواز نانمان برا».

> **«نانبڕین بەلای بەرپرسانی یەکێتییەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام بەلای ئێمەوە بڕیارێکی سەقەتە، چونکە سەدان خێزانی وەک خێزانەکەی ئێمە یەکێتییان دروستکردووەو تائێستاش لە خەڵکە دڵسۆزەکانی یەکێتین، هەروەها ئێمە لەسەر بیروڕای جیاواز نانمان برا»**

وتیشی: «پێویستە سەرکردایەتی یەکێتی بەخۆیدا بچێتەوەو پەشیمان ببێتەوە، هەرچەند من دڵنیام لەوەی سەرکردایەتی یەکێتی لە نانبڕینی خەڵکانی وەک ئێمە پەشیمان دەبێتەوە، چونکە دڵنیاین لەوەی کە ئەو کارەی دەیکەن، غەدرێکی گەورەیە».

### نەبوونی بوار بۆ رای جیاواز

لە راگەیەنراوی ژمارە (١)ی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان- باڵی ریفۆرم کە ٥/٢٦ بڵاوکرایەوە، هاتووە (گروپی باڵادەستی ناو یەکێتی سیاسەتی خۆساغکردنەوە) لەگەڵ ئەندامانی حیزبدا بەکاردەهێنێتو هـیـچ بـوارێـکـی بـۆ رای جـیـاواز نەهێشتووەتەوە، کادیرو پێشمەرگەو ئەندامان ناچاردەکات کە یان وەلائی رەها بۆ ئەو گروپە بسەلمێنن، یان خۆیان ساغبکەنەوەو یەکێتی بەجێبهێڵن، بۆ ئەو مەرامە پەنا دەبەنە بەر هەڕەشەی نانبڕینو مووچەبڕینو سەندنەوەی پۆست، کە ئەڵبەتە ئەمە رەفتارێکی زۆر نادیموکراتو ناشارستانییەو لە دنیای شارستانیو ژیانی حیزبیی مۆدێرندا نموونەی بەدی ناکەین».

حـسـێـن دەروێـــــش، جـێـگـری دەستلەکارکێشاوەی لێپرسراوی کۆمیتەی (١١)ی یەکێتی، بە رۆژنامەی راگەیاند: من باوکو سێ برام شەهیدی یەکێتییە، ئێستا بەبێ ئەوەی حساب بۆ خەباتو قوربانییەکانم بکرێت، ناچار دەکرێم واز لە یەکێتی بهێنم، کە ئەمە بەڕاستی شتێکی نائینسانییەو ئەوەی ئێستا یەکێتی دەیکات، تەنیا لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان دەوەشێتەوە، ئێستا پەشیمانم لەو خەباتەی کە لەناو یەکێتیدا کردوومە».

رۆژنامە چەند جارێک پەیوەندیکرد بە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی، بەڵام بێ سوود بوو.

## ژمارەیەک لە بەرپرسو کادیرانی مەڵبەندی چەمچەماڵی یەکێتی دەستیان لەکارکێشایەوە

پشتیوان سەعدوڵڵا

دوێـنـێ ژمـارەیـەک لە کادیرانی مەڵبەندی (١٥)ی چەمچەماڵ دەستیان لەکارکێشایەوە، لەناویاندا دوو کارگێری مەڵبەندو ژمارەیەک بەرپرسی کۆمیتەو کەرتیان تێدایە.

دوای ئـاگـادارکـردنـەوەیـان لەلایەن بەرپرسانی یەکێتییەوە بۆ خۆساغکردنەوەیان، لەماوەی چەند هەفتەی رابـردوودا سـەدان کادیرو لایەنگری باڵی ریفۆرم رێکخستەکانی یەکێتییان جێهێشتووە، دوێنێ ٥/٣٠ دوو کـارگـێـڕی مەڵبەندی (١٥)ی رێکخستنی چەمچەماڵی یەکێتیو لێپرسراوی کۆمیتەی مامۆستایانو کۆمیتەی خوێندکارانو کۆمیتەی جـەبـاریو ژمـارەیـەک لـە ئەندامی کۆمیتەو ئەندام کەرتی سنوورەکە دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان راگەیاندو چوونەوە ماڵەوە.

بەهجەت رەئوف، کارگێری مەڵبەندی (١٥)ی رێکخستنی چەمچەماڵی یەکێتی، بە رۆژنامەی راگەیاند: دوێنێ دوو کارگێڕی مەڵبەندو سێ لێپرسراوی کۆمیتەکانو چەند کادیرێکی دیکە وازهێنانی خۆمان لە ریزەکانی یەکێتی راگەیاند.

وتیشی: «لە سنووری مەڵبەندی چەمچەماڵدا خەڵکێکی زۆر هەن کە سـەر بە باڵی ریفۆرمنو بەنیازی دەستلەکارکێشانەوەن، وازهێنانیش لە دوێنێوە دەستپێکردووەو لەماوەی چەند رۆژی داهاتووشدا ژمارەیەکی دیکە لە سەرجەم کۆمیتەکانی سنوورەکە وازدەهێنن».

www.netewe.com

# یەکێتی بەردەوامە لەدەرکردنی فەرمانبەرە حکومییەکان

**فەلاح نەجم**

هەڵمەتی دەرکردنی کارمەندە حکومییەکان بەتۆمەتی پەیوەندییان بەلیستی گۆڕانەوە بەردەوامەو لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا دوو کارمەندی ئاسایشی دوکان‌و بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی پشدەر لەلایەن یەکێتییەوە لەسەر کارەکانیان دەرکراون، هاوکات ئەم هەنگاوەش پێچەوانەی هەمواری پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە.

لەپاش ڕاگەیاندنی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، کە بڕیارە ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەنجامبدرێت، چەندین فەرمانبەری حکومیی بەبێ بوونی هیچ سەرپێچییەک لەلایەن یەکێتییەوە بەهۆی پەیوەندییان بەلیستی گۆڕانەوە لەسەر کارەکانیان دەردەکرێن، دەرکردنی فەرمانبەرانی حکومیی بووەتە دیاردەو تائێستاش پەرلەمان‌و حکومەت هیچ هەڵوێستێکی فەرمییان دەربارەی تەشەنەکردنی ئەم دیاردەیە نییە.

فاخیر کاکل، کارمەندێکی ئاسایشی دوکانە، بەپێی وتەی خۆی زیاتر لە (١٣) ساڵە لەپاراستنی ئاسایشی هەرێمدا خزمەتی هەیەو بەهۆی ئەوەی پشتگیری لەلیستی گۆڕان کردووە، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٧ لەسەر کارەکەی لایبردووە، بەتەلەفۆن پێیڕاگەیاندووە (تۆ لەسەر کارەکەت نامێنیت‌و دەرکراویت)، ئێستا ناوبراو لەماڵەوە دانیشتووەو هیچ کارێکی نییە.

لەهەمان ڕۆژی دەرکردنی فاخیردا مفەوەزێکی ئاسایشی دوکان بەناوی (دڵشاد ڕەشید) لەسەر هەمان هۆکار لەلایەن عەمید حەسەن، بەرپرسی ئاسایشی سلێمانییەوە دەردەکرێت.

ئەوکارمەندەی ئاسایش وتیشی: «ئەگەر تاچەند ڕۆژی داهاتوو نەگەڕێمەوە سەر کارەکەی خۆم، داوای یاسایی لەسەر بەرپرسی ئاسایشی سلێمانی تۆماردەکەم».

هەرچەندە دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان وەک دەزگایەکی حکومیی ناسراوەو بودجەو سەرجەم پێداویستییەکانیان لەلایەن حکومەتەوە دابیندەکرێت، بەڵام ئاسایشی سلێمانی تەنیا بەدەست یەکێتییەوەیەو ئاشایشی هەولێریش بەدەست پارتییەوەیە، ئەم دوو دەزگایە لەلایەن ئەم دوو حیزبەوە قۆرغکراون‌و بە موڵکی حیزبی دەزانن نەک حکومەت، بەهۆی ئەم قۆرغکارییەوە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەم دەزگایە دەبێت لەحیزب جیابکرێتەوەو ببێتە دەزگایەکی جێبەجێکاری حکومیی.

ڕۆژنامە پەیوەندی بەعەمید حەسەن نوری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانییەوە کرد، وتی: «تەنیا ئەم قسەیەم هەیە کەسمان لەسەر کارەکەی دەرنەکردووە».

لەسەروبەندی دەرکردنی فەرمانبەرە حکومییەکاندا بەهۆی پشتگیرییان لەلیستی گۆڕان، چەند ڕۆژێک پێش دەرکردنی ئەودوو کارمەندەی ئاسایش، ئاراس ئەحمەد مامۆستای پەیمانگای گەشتوگوزاری دوکان لەسەر کارەکەی دەرکرا، بەپێی وتەی خۆی بەهۆی ئەوەی ناوی لە لیستی گۆڕاندایەو پشتگیریشی لەلیستەکە کردووە، دەرکراوە.

دواتر بەهۆی ئەوەی ئەومامۆستایەی پەیمانگای گەشتوگوزاری دوکان «هیچ سەرپێچییەکی نەبووە، تەنیا لەسەر پەیوەندی بەلیستی گۆڕانەوە دەرکراوە»، خوێندکارەکانی پەیمانگاکە لەخۆپشاندانێکیاندا وەک دەربڕینی نارەزاییان لەسەر دەرکردنی مامۆستاکەیان ڕژانە سەرشەقامەکانی دوکان، بەڵام تائێستا دەنگۆی گەڕانەوەی مامۆستاکە نییە بۆ سەر کارەکەی.

ڕەحیم خدر، بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی پشدەر، یەکێکی دیکەیە لەو فەرمانبەرانەی بەهۆی بوونی بیروڕای جیاوازو پشتگیریکردنی لەلیستی گۆڕان، لەسەر کارەکەی دەرکراوە، ناوبراو پلەی عەقیدی لەوەزارەتی ناوخۆ هەیەو نزیکەی (١٦) ساڵ خزمەتی هەیە، بەپێی وتەی عەقید ڕەحیم چەندجار ئاگادارکراوەتەوە، تادواجار بەبڕیاری یەکێتی لەسەر کارەکەی دەرکراوەو کەسێکی دیکە لەجێگای دانراوە.

ئەو ئەفسەرەی وەزارەتی ناوخۆ وتیشی: «من لەوڕۆژە سەختانەی سەردەمی بەعسدا مام جەلال کردمی بەئامرکەرت، بەڵام ئەوەی جێگای داخە خزمەتێکی زۆرم هەیەو هەبووە، کەچی ئێستا لەسەردەمی دیموکراسیدا بێئەوەی خیانەت یان دزی یان گەندەڵیم کردبێت، بەفەرمانی سکرتاریەتی تاڵەبانی لەسەر کار لابرام».

سەرەڕای ئەم ئەفسەرانە، ژمارەیەکی زۆر لەئەفسەرەکانی وەزارەتی ناوخۆو کارمەندی حکومیی لەسەر بوونی بیرو بۆچوونی جیاوازو پەیوەندییان بەلیستی گۆڕانەوە لەسەر کارەکانیان دەردەکرێن، لەوانەش عەقید وشیار لەپۆلیسی فریاکەوتن‌و ژمارەیەکی دیکە لەپۆلیسی پاسەوانی سنوورو ئاسایشی سلێمانی.

> **بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی پشدەر:**
>
> ئێستا لەسەردەمی دیموکراسیدا بێئەوەی خیانەت یان دزی یان گەندەڵیم کردبێت، بەفەرمانی سکرتاریەتی تاڵەبانی لەسەر کار لابرام

> **پەرلەمانتارێک:**
>
> بەپێی یاسای هەڵبژاردن، هیچ پاڵێوراوێک یان دەنگدەرێک بەهۆی بیرو بۆچوونی تایبەتییەوە نابێت دەربکرێت یان هەڕەشەی لێبکرێت، هەر کەسێک تووشی ئەم حاڵەتانە هات، بۆی هەیە داوای یاسایی تۆماربکات لەسەر ئەو کەسەی پێشێلکارییەکەی بەرامبەر کردووە یان دەریکردووە

وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی تائێستا هەڵوێستی فەرمی نییە لەسەر دەرکردنی ئەو مامۆستایانە کە تەنیا دوای ئاشکرابوونی ناوی پاڵێوراوی لیستی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، زیاتر لە (٧) مامۆستا لەسەر کارەکەیان لابراون. د.ئیدریس هادی، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئامادە نەبوو دەربارەی دەرکردنی ئەو مامۆستایانە هیچ لێدوانێک بۆ ڕۆژنامە بدات.

بەوپێیەی ناوی لەپاڵێوراوانی لیستی گۆڕاندایە، ڕۆژی (٢٠)ی ئەم مانگە بەبێ ئاگاداری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی مەکتەبی سیاسی‌و مەڵبەندی ڕانیەی یەکێتی، بڕیاری دەرکردنی د.جەعفەر عەلی ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی کۆیەی لەڕانیە بەسەر زانکۆکەدا سەپاندو لەگەرمەی تاقیکردنەوەکاندا لەسەر کارەکەی دەرکرا.

لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە د. جەعفەر وتی: «بڕیاری دەرکردنی من بڕیارێکی حکومیی نییە لەسەر خراپەکاری دەرکرابم، ئەوە بڕیارێکی حیزبییەو بەسەر سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیەدا سەپێنراوە».

زانا ڕۆستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان، جەختی لەوە کردەوە بەپێی هەمواری پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هیچ پاڵێوراوێک یان دەنگدەرێک بەهۆی بیرو بۆچوونی تایبەتییەوە لەکاتی هەڵبژاردندا نابێت دەربکرێت یان هەڕەشەی لێبکرێت، هەر کەسێک تووشی ئەم حاڵەتانە هات، بۆی هەیە داوای یاسایی تۆماربکات لەسەر ئەو کەسەی پێشێلکارییەکەی بەرامبەر کردووە یان دەریکردووە.

هەرچەندە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان لەپرێس کۆنفرانسەکاندا ئەوە ڕەتدەکەنەوە، نابێت هیچ فەرمانبەرێکی حکومیی بەهۆی لایەنگری بۆ لیستێکی تایبەت دەربکرێت یان لەکارەکەی دووربخرێتەوە، بەڵام بەهۆی پشتگیرییان بۆ لیستی گۆڕان، ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری حکومیی لەلایەن یەکێتییەوە دەرکراون، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هیچ کەسێک بەهۆی پابەندی بۆ لیستی گۆڕان دەرنەکراوە، وەک عەدنان موفتی لەلێداوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «کەس لەسەر کارەکەی دەرنەکراوە».

## ئەمڕۆ ژمارە دەدرێت بەلیستەکان

# لەسەرەتای حوزەیراندا بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات

**شارا، ئاوارە، ئارام**

بڕیارە لەم هەفتەیەدا وردبینی ناوی پاڵێوراوی لیستەکانی بەشدار لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمەوە تەواوبکرێت‌و لەسەرەتای مانگی حوزەیراندا بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێبکات‌و هەروەها بڕیارە ئەمڕۆ لەڕێگەی تیروپشکەوە ژمارە بەلیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن بدرێت.

عەلی قادر سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پرۆسەی وردبینی ناوی پاڵێوراوی لیستەکانی بەشدار لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا بەردەوامەو پێدەچێت لەم هەفتەیەدا کۆتایی پێبێت، دوابەدوای ئەوەش لەسەرەتای مانگی داهاتوودا بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات.

لەلایەکی دیکەوە، بڕیارە ئەمڕۆ ژمارە دابەشبکرێت بەسەر لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن، لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە، فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق ڕایگەیاند: «دوای ئەوەی کە ژمارە دەدرێت بەلیستەکان دواتر موسادەقە دەکرێت‌و خاوەن لیستەکان دەبنە خاوەن ژمارەی تایبەت بەخۆیان بۆ پڕوپاگەندەکانیان دەتوانن بەکاری بهێنن».

هەرچەندە پێشتر بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵا، دەبوایە بانگەشەی هەڵبژاردن دوومانگ بخایەنێت‌و لە (٥/٢٣) دەستپێبکات تاکو (٤٨) سەعات پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەردەوامبێت، بەڵام بەهۆی تەواونەبوونی پرۆسەی وردبینی پاڵێوراوانی لیستەکان بانگەشە لەکاتی خۆیدا دەستی پێنەکرد، بەوپێیەش پێدەچێت بانگەشەی هەڵبژاردن لە (٤٠) بۆ (٤٥) ڕۆژ بخایەنێت.

سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم ئەوەشی ڕوونکردەوە، کە دەیانەوێت ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن لەقازانجی سەرجەم لیستەکاندابێت‌و کەمترین حاڵەتی پێشێلکاریی تیادا ڕووبدات.

لەناوەڕاستی ئەم مانگەدا ژمارەیەک ئەندام پەرلەمانی کوردستان داوایانکرد کە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن کەمبکرێتەوە بۆ مانگێک‌و داواکارییەکەشیان ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کرد.

زانا ڕۆستایی ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەهۆی ئەوەی کەپێدەچێت ماوەی دوومانگ بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن پێشێلکاریی‌و پشێویی لێبکەوێتەوە، داوامانکرد کە ماوەی بانگەشە کەمبکرێتەوە بۆ مانگێک‌و داواکەشمان لەڕێگەی لیژنەی یاساییەوە ئاراستەی کۆمسیۆن کرد، بەڵام تائێستا بەنووسراو وەڵامی داواکەیان نەداوینەتەوە.

ئەندامەکەی پەرلەمان پێیوابوو، کە کەمکردنەوەی ماوەی بانگەشە لەدوو مانگەوە بۆ (٤٠) یان (٤٥) ڕۆژ جێبەجێکردنی داواکەی ئەوانە، بەڵام بەڕەسمیی پێیانڕانەگەیاندوون.

بەبڕوای چاودێرانی سیاسی‌و شارەزایانی بوارەکە، درێژکردنەوەی ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن پێدەچێت ئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوەو ببێتە ساردکردنەوەی خەڵک لەدەنگدان.

عەلی کەریم یاساناس‌و چاودێری سیاسی لەوبارەیەوە بەڕۆژنامەی وت: «درێژکردنەوەی ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن هۆکارێکە بۆ کوشتنی کاتی خەڵک‌و تێکدانی بارودۆخی ئاسایی‌و بەڕێوەچوونی کارەکان لەپرۆسەی خوێندن‌و دامودەزگاکاندا، ئەمە جگە لەوەی کە پێدەچێت موهاتەراتی لێبکەوێتەوە».

هاوکات بەبڕوای ئاشتی حەمە ساڵح خاوەنی ماستەر لەبانگەشەی هەڵبژاردندا، دیاریکردنی زیاتر لەمانگێک بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن زۆرەو «پێدەچێت لەوماوە دوورودرێژەدا چەندین پێشێلکاریی لەلایەن قەوارە سیاسییەکانەوە بەرامبەر یەکتر ئەنجامبدرێت، دووریش نییە بەهۆی ئەوماوە زۆرەوە خەڵک سارد ببێتەوە لەچوون بۆ دەنگدان.

بەڵام فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاماژەی بەوەدا، کە تائێستا (٣٠) هەزار کەس لەشارەکانی هەرێم سەردانی بنکەکانی کۆمسیۆنیان کردووەو ژمارەکەش ڕوو لەزیادبوونە.

## هۆگر چەتۆ، بەرپرسی رێکخراوی (تۆڕی شەمس) بۆ هەڵبژاردن:

# سەروەتو سامانی گشتیی لە باخچەیەکەوە تا هەموو دامەزراوەکانی حکومەت، نابێت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێت

سازدانی:
ئارام شێخ وەسانی،
سامان بەشارەتی

**بەرپرسی تۆڕی شەمس بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان ئاماژە بەوە دەکات، نابێت هیچ کیانێکی سیاسیی ماڵو موڵکی گشتیی بەکاربهێنێت بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان، ئەویش لە پەرلەمانو حکومەتو فەرمانگەکانەوە دەیگرێتەوە تا باخچەیەک، روونیشیکردەوە کە رێکخراوەکەیان هەنگاو بە هەنگاو چاودێری هەموو کارەکانی هەڵبژاردن دەکات،دواتریش چاودێری جێبەجێکردنی بەرنامەی لیستە براوەکان دەکات کە تاچەند بەرنامەکانیان جێبەجێدەکەن.**

**ڕۆژنامە: تۆڕی شەمس چ ئامادەکارییەکی کـــردووە بـۆ هـەڵـبـژاردنـی پەرلەمانی کوردستان؟**

* تـــۆڕی شـــەمـــس بـــۆ چـــاودێـریـی هەڵبژاردن بریتین لە (١١٣) رێکخراوی ناحکومیی لەخۆگرتووە، کاردەکەن لە بوارە جۆراوجۆرەکان وەک (دیموکراسیو مافی مرۆڤ، چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان)، وەک ئەوەی لە رابردوودا چاودێریی هەڵبژاردنی کرد لە سەرتاسەری عێراق، بۆ هەرێمی کوردستانیش هەمان پلانی هەیە، سەرەتای کارەکانمان بەوە دەستپێدەکات کە چاودێری ئەو یاسایانە دەکەین کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەریدەکاتو دواتر بەراوردی دەکەین بە یاسا نێودەوڵەتییەکانو لەم ئاراستەیەدا راپۆرتێکی تایبەت دەردەکەین، لە قۆناغی دووەمـــدا چاودێریی تۆماری لایەنە سیاسییەکانو ئەو هاوپەیمانیەتییانەی پێکدەهێنرێن دەکەین، پاشان یەکلاییکردنەوەی پاڵێوراوانو بەدرێژایی ئەو پرۆسەیەش چاودێریی ئەو قۆناغە دەکەینو دواتر راپۆرتی تایبەت دەردەکەین، لە قۆناغی سێیەمدا ئێمە چاودێریی تۆماری دەنگدەران دەکەین، چۆنێتی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بەهاوکاری سەنتەری عەمان بۆ چاودێریی مافەکانی مرۆڤ چاودێرمان داناوە، رەنگە خەڵک وابزانێت تەنیا رۆژی دەنگدان (رۆژی گەورە) ساختەکاریی دەکرێت، زۆر قۆناغ هەیە پێش رۆژی دەنگدان دەکرێت، یاری بە ئەنجامەکانو دەنگی خەڵک بکرێت، قۆناغی دوای ئەوە کە قۆناغی چوارەمە، بریتییە لە چاودێریکردنی ئەو داراییەی کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکاردێتو ئەو پارتانە ئەو پارەیە لەکوێ دەهێنن، چۆن خەرجی دەکەنو لە چی سەرفی دەکەن، ئەگەرچی یاسایەکی تایبەت نییە بەو بابەتە، بەڵام هەندێک چوارچێوەی یاسایی هەیە سەبارەت بەو بابەتە بۆ نموونە، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی موڵکی گشتیی بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، موڵکی گشتیی نابێت بۆ هیچ لایەنێک بەکاربێت کە حکومەتو پەرلەمانو دامەزراوەکانی دەگرێتەوە، پاش ئەوە دەرۆینە سەر قۆناغێکی دیکە، ئەویش سیستمی پڕوپاگەندەیە، لەمەدا پێویستە رەچاوی رێورەسمی پڕوپاگەندە لە چوارچێوەیەکی یاسایدا بێت، نابێت هیچ پارتو لایەنێک تەشهیرو تانە لە خەڵکی دیکە بدات، دوای ئەوە رۆژی هەرە گرنگ دێت کە رۆژی هەڵبژاردنە یا رۆژی گەورەیە، ئەوەش چاودێری دەکەین، لە پلانی تۆڕی شەمسە کە چاودێری هەموو بنکەکانی دەنگدان بکەینو لە هەموو بنکەکان چاودێرمان هەیە، دوا قۆناغی کارەکانی تۆڕی شەمس قۆناغێکە ئەویش تازەیەو یەکەمجارە لەو ناوچەیە ئەنجامبدرێت، ئەویش چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنە پاش ئەوەی هەندێک لە پارتە سیاسییەکان دەیبەنەوە لە هەڵبژاردن بەرنامەکانیان دەهێنین، بەراوردی دەکەین ئاخۆ تاچەند ئەو بەڵێنانە جێبەجێدەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش راپۆرتی تایبەت دەردەکەین کە ئەنجامی بەڵێنەکانە.

**ڕۆژنـــامـــە: بـــاســـت لـــەو قۆناغانەی چـــاودێـــریـــکـــردن کـــرد، ئەنجامی ئەو چاودێرییکردنە دەگاتە کوێ، کاردانەوەی چی دەبێت، یا تەنیا لە چوارچێوەی راپۆرتێکی نووسراودا کۆتایی دێت؟**

* ئێمە لەو قۆناغانەی کە چاودێریی دەکەین بەپێی ئەوەی کە کۆمسیۆن رێگای بە ئێمە داوە دەرکردنی راپۆرتە، ئەو راپۆرتەش پێویستە بە ئیلزامی بیدەینە کۆمسیۆنی باڵا، پاشان ئەو راپۆرتە پێویستە بەشێوەی ئیلزامی بدرێتە ئەوانەی کە تەمویلی هەڵبژاردن دەکەن کە ئەویش نەتەوەیەکگرتووەکانو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانن، کە گرنگی دەدەن بەبابەتی دیموکراسی لە هەموو دنیادا، هەروەها ئێمە خۆمان راپۆرتەکانمان دەدەین بە هەموو ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارن بە بابەتی دیموکراسیو هەڵبژاردن.

**ڕۆژنامە: سەنگی یاسایی ئەو راپۆرتانە چییە؟**

* لەڕووی یاساییەوە ئەو راپۆرتانە تەنیا راپۆرتی شایەدحاڵن، بۆ کۆمسیۆنی باڵا هەیە وەریانبگرێت یان نا، ئەو راپۆرتانە شایەدی دەدەن لەسەر رێورەسمی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە، ئەوە لەڕووی یاساییەوە، بەڵام ئـەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە وەک تۆڕی شەمس ئەوەیە، کە بینیمان ئەو راپۆرتانەی کە دەرمان کردبوو لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەموویان وەک راپۆرتی لایەنەکانو سکاڵای لایەنەکانو دەنگە نارازییەکان چووە لیژنەی سکاڵاو تانە، ئەو کاتیش هێزی دیکەی یاسایی درا بەو راپۆرتانە، بۆ نموونە ئێمە بە زانیاری تەواوەوە ئاماژەمان بە هەندێک ساختەکاریی کردبوو کە یاریی بە سندوقەکانی هەڵبژاردن کراوە، بەشێکی ئەو سندوقانە ئەنجامەکانیان وەرنەگیراوەو ئەژمار نەکران، دەنگەکان دوورخرانەوەو حساب نەکران، لەلایەکی دیکەوە راپۆرتەکانمان بەشێوەیەکی سەرەکی بەکاردێت بۆ شیکردنەوەو بەدواداچوون.

**ڕۆژنـــامـــە: ئێوە چیتان کـــردووە بۆ چاودێریکردنی دوو حیزبەکە، کە موڵکی گشتیی بەکارنەهێنن؟**

* بەپێی یاسا، سەروەتو سامانی گشتی لە باخچەیەکەوە تا دامەزراوەکانی حکومەت، دەبێت بەکارنەهێنرێن بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنو یەکلاییکردنەوەی دەنگەکان، ئەگەر ئەوەکرا، دەبێت بەڵگەی تەواوت هەبێت بە زانیاری تـەواو سەبارەت بە شوێنو کاتی پێشێلکارییەکە، هەروەها تەنیا هەبوونی بەڵگەش بەس نییە بۆ لێپێچینەوە، بەڵکو دوولایـەن هەیە بۆیان هەیە سکاڵا تۆماربکەن.

**ڕۆژنامە: پێتوایە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم پرۆسەی هەڵبژاردن کامانەن؟**

*من پێموایە زۆرینەی گرفتەکان ئەمانەن، وەک دەبینین لە عێراقدا ئیلتیزامی کۆنکرێتی بە یاساکان ناکرێت، کێشەی دووەم، تێکەڵبوونی ئەو دامەزراوانەیە بە کاری حیزبی کە بۆ بەرژەوەندی گشتیی بەکاردێن، بەداخەوە ئێمە ئەو دامەزراوانەمان بۆ جیانەکراوەتەوە، کێشەی سێیەم، خەڵکی نەخوێندەوارە، چونکە کاریگەری دروستدەکات لەسەر نەهێنیبوونی دەنـگـدان، چونکە نهێنیبوونی دەنگدان یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی هەڵبژاردنی سـەرکـەوتـوو، ئەمەش کێشەیە هـەم لە کوردستانو هەم لە عێراق، ئەم خاڵانەش بەئاشکرا تۆڕی شەمس جەختیان لەسەر دەکاتەوە کە چارەسەربکرێن.

**ڕۆژنامە: ئێوە هەستتان پێکردووە کە لە کوردستان موڵکی گشتیی بەکاردێت بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن؟**

* ئێمە ئـەوەی تائێستا چاودێریمان کـردبـێـتو هەستمان پـێـکـردووە، کە ئـەوە پڕوپاگەندەیەو بەکاردەهێنرێت، بۆنموونە کاتێک بەرپرسێکی حکومیی باسی دەستکەوتەکانی حکومەت دەکات، شتێکی ئاساییە، بەڵام کاتێک بڵێت ئەوە دەستکەوتەکانمانە بۆیە دەنگبدەنە ئێمە، ئەوە پڕوپاگەندەیە، ئێمە لەئێستادا چاودێریی ئەو پرۆسەیە ناکەین کە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە، چونکە تائێستا بە یاسایی ماوەی پڕوپاگەندە رانەگەیەنراوە، چونکە بۆمان نییە، ئێمە دەبێت لە چوارچێوەی یاسادا ئەو پرۆسەیە ئەنجامبدەین.

**ڕۆژنـــامـــە: ئێوە تائێستا لەسەرەتای ئامادەکاریدان؟**

* ئـێـمـــە ســـێ تیشکی گرنگمان بڵاوکردووەتەوە، یەکەمیان: کە پەیوەستە بەپرۆسەی هەڵبژاردن، بریتییە لە چوارچێوەی یاساییو بودجە، واتە رۆژمێری هەڵبژاردن، بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی شەش مانگ پێش هەڵبژاردن هاوڵاتی بزانێت چ رۆژێک هەڵبژاردنە، دەبێت هەموو ئەو رێوشوێنانە بزانێت کە بۆ ئەو رێورەسمە کە هەڵبژاردنە دەگرێتەبەر، پێوەری نێودەوڵەتی کە دەڵێت شەش مانگ ئەوە بۆ هاوڵاتییە، کۆمسیۆن پێویستە پێنج ساڵ پێش هەڵبژاردن کاتەکە بزانێت، هاوڵاتی پێویستە پێش شەش مانگ رێنماییەکان بزانێت، چۆن دەچێتە دەنگدان، کەی رۆژی هەڵبژاردنە، کاندیدەکان کێن، بەڵام پێموایە ئەمەی کوردستان پەیوەندی بە ئـیـرادەی سیاسییەوە هەیە، پێموایە لەبەرئەوەی لە کوردستان هاوڵاتی رازی بووە بە هەموو کەموکورتییەکان، شتێکی ئاساییە پێش مانگێک بزانێت کەی هەڵبژاردنە، ئەوە لەگەڵ پێوەرەکانی نێودەوڵەتی ناگونجێت.

دووەم: دەبێت هەموو ئەو پێداویستیانە دابین بکرێن بـۆئـەوەی هەڵبژاردنەکە لەکاتی خـۆیـدا بکرێت، ئـــەوەی کـــە لە عێراقو کوردستانیش هەستی پێدەکەین، کۆمسیۆنیش تـــارادەیـــەک بەرپرسیارە، بەردەوام ئەوکاتە دیاریکراوانە دەگۆڕدرێت یان درەنگ رادەگەیەنرێت، یان کە راگەیەنرا کات درێـژدەکـرێـتـەوە، هەرچەندە ئەوە شتێکی یاساییەو رێگا بە کۆمسیۆن دراوە کە ئەو کارە بکات، بەڵام بەپێی نەریتی نێودەوڵەتی، ئەوە شتێکی زۆر ناشیرینە، نەک هەر ناشیرینە، بەڵکو مانای کەموکورتیو ناتەواوی دەگەیەنێت، کۆمەڵێک شت گوناهی کۆمسیۆنی تێدانییە، چونکە لە پەرلەمان یاسا دەرچـووە یان میزانیەی پێدەدەرێت، یان گرفتی کۆمسۆن نییە، بەڵام شتێکی غەریبە کە سێ مانگ ماوە بۆ هەڵبژاردنو کۆمسیۆن نازانێت کەی رۆژەکەیە.

**ڕۆژنامە: مەرجی بەشداریی رێکخراوە ناحکومییو نێودەوڵەتییەکان چییە بۆ چاودێریکردن؟**

* کێشەی ئەو رێکخراوانە ئەوەیە کە دەبێت مۆڵەتیان هەبێت لە وەزارەتی ناوخۆ یان مۆڵەت تازە بکەنەوە، کۆمسیۆن بە رێککەوتن لەگەڵ حکومەت ئەمەی کردووەتە مەرج بۆ رێکخراوەکان، ئەمەش کێشەو گرفتی دروسـتـکـردووە، ئەمەش مانای تەگەرەخستنە بـــەردەم چاودێریکردنی رێکخراوەکانە، ئەگەرچی رێگری ناکەن، وەزارەتـــی نـاوخـۆش سـەر بەلایەنێکی سیاسییە، بەو هۆیەشەوە شتەکە وای لێدێت کێ باج وەربگرێتو کێ وەرینەگرێت، کێ چاودێریی بکاتو کێ نەیکات، لەمەش خراپتر بابەتی مۆڵەتە، چونکە نە لە یاسای عێراقیو نە لە کوردستان تۆڕبەندی رێکخراوەکان رێکنەخراوە بە یاسا، کە یاساش نەبوو ئەوان دەتوانن داوای مۆڵەت بکەن، بۆ نموونە تۆڕی شەمس خاوەنی پێگەیەکی مەنتیقیو حەقیقیو شەرعییەو رێگاپێدراوە لەساڵی ٢٠٠٥-ەوە، هەزاران چاودێرمان هەبووە لە هەڵبژاردنەکان لە دوایین هەڵبژاردنەکانی عێراق (١٠) هەزار چاودێرمان هەبوو، ئێستا کە مەرجێکی وادانراوە، ئێمە مافمان دەفەوتێت بـەشـداریـی پـرۆسـەی چاودێریکردنی هەڵبژاردن بکەین، ناچار دەبێت رێگای دیکە بدۆزینەوە بۆ بەشداریکردن، ئەویش لە رێگای رێکخراوەکانی دیکەی هاوکارمان لە شارەکان کە مۆڵەتیان هەیە، ئێمە بە کۆمسیۆنیشمان راگـەیـانـدووە کە ئەوە پێچەوانەی یاساو دەستوور کاردەکەن.

**ڕۆژنامە: بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چەند چاودێرتان ئامادە کردووە؟**

* چاودێریکردنی ئێمە بە چەند قۆناغێک دەڕواتـە پێشەوە، ئێستا چاودێریی هەر (٨٤) بنکەکەی تۆماری دەنگدەران دەکەین، بۆ رۆژی هەڵبژاردنیش پلانمان هەیە کە لە سەرتاپای بنکەکان چاودێرمان هەبێت کە خۆی زیاد لە هەزار بنکە دەبینێتەوە، بێگومان پاش پرۆسەی تۆماری دەنگدەران ئەو رێژەیە زیاد دەکات، بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە ئامادەکاریی تەواومان کـردووە کە نزیکەی (٢٠٠٠-٢٥٠٠) چاودێرمان ئامادەیە بۆ پرۆسەکە، بۆئەوەی لە رۆژی هەڵبژاردن چاودێریی تەواوی پرۆسەکە بکرێت.

**ڕۆژنـــامـــە: هەست بـــەوە دەکـرێـت کە بەڕێوەبەرانی بنکەکان هەموویان، یان زۆرینەیان ئەو کەسانەن کە سەر بە دوو حیزبی دەســەڵاتــدارن، ئــەوش گومانی ساختەکاریی دروستکردووە؟**

*لەم کۆمەڵگایەدا هەر کەسێک وەربگرێت بۆ چاودێریی سەر بە لایەنێکە، سەر بە حیزبێکە، چونکە کۆمەڵگا بە حیزبیی کراوە، بەڕێوەبەری قوتابخانە سەر بە لایەنێکە، بەڕێوەبەری فەرمانگە، پۆلیس سەر بە لایەنێکن، ئەی کۆمسیۆن پێویستە چی بکات، کۆمسیۆن باشترین رێگای هەڵبژاردووە، مامۆستاو بەڕێوەبەرێکی دانـاوە، چونکە هەڵبژاردنەکە لە قوتابخانەکەیە، لەلایەکی دیکەوە ئەو کەسانەی کە ئەمساڵ وەرگیراون بۆ چاودێریی، هەوڵدراوە ئەو گەنجانە بن کە تازە لە زانکۆ دەرچوونو دانەمەزراون، هەوڵدراوە کە زۆرینەیان دەرچووی یاسا بن.

هـــەمـــوو ئـــەو کـــەســـانـــەی کـــە دەبنە چاودێر راهێنانیان پێدەکرێت، لەڕووی ویژدانییەوە ئامادە دەکرێنو تێدەگەیەنرێن کە ساختەکاریی کاریگەری خراپی لەسەر ئایندەی ئەم گەلە دەبێت، هەروەها سوێندیش دەدرێن کە دەستکاری ئەنجامەکان نەکەن، بەڵام ئایا ئەوە بەسە؟ بێگومان نەخێر، کۆمسیۆن هێشتا ئیجرائات وەردەگرێت، بۆنموونە ئەوەی لە عێراقدا کرا، ئەوە بوو کە هەر (٥٠٠) کەس لە یەک بنکە ناوی هەیە، بچێتە هەر شوێنێکی دیکە ناوی نییە، تەنیا پێویستە بێتە ئەو بنکەیەی کە ناوی لێیە ئەمەش شتێکی زۆر باشە، کۆمسیۆن ژمارەی فۆرمی دەنگدەرانیش دیاریدەکات، واتە بۆ بنکەیەک کە (٥٠٠) ناوی دەنگدەری هەبێت تەنیا (٥٥٠) فۆرمی بۆ دەنێرێت، ئەوەش بۆ ئەو حاڵەتانەی کە دروستدەبن وەک درانو تێکچوون، گۆڕانێک لە فۆرمی دەنگدەر، بەمەش کۆمسیۆن جارێکی دیکە بەربەست دادەنێت لەبەردەم کاری ساختەکاریی.

**ڕۆژنامە: گومانی ئەوە هەیە کە پرۆسەی ساختەکاریی ئەنجامبدرێتە چی دەکرێت بۆ رێگرتن لە کاری ساختەکاریی؟**

* گرەنتی چییە بـۆئـەوەی یـاری بە سندوقەکان نەکرێت، بوونی چاودێریی لایەنەکانە، ئەو چاودێرانە دەتوانن لەگەڵ سندوقەکان بن تا سندوقەکان تەسلیم بە کۆمسیۆن دەکـرێـن، ئەگەر سەیری هەنگاوەکانی کۆمسیۆن بکەین، دەبینین هەموو یـەک لــەدوای یـەک رێـگـرن لەو ساختەکارییانە، ئـەی دەکـرێـت لەکوێ ساختەکاریی بکەن، پێشتر لە ٢٠٠٥ بنکەی فەرعی هەبوو، دواتر دەچووە پارێزگا، ئێستا ئەوە نەماوە، بنکە راستەوخۆ دەچێتە پارێزگاو دەچێتە ناو داتابەیس، شتێکی دیکە ئەوەیە کە هەموو حیزبێکو لایەنێک دەتوانێت تۆماری دەنگدەران وەربگرێت، بۆئەوەی بزانێت چەند دەنگدەر لەکوێ هەیەو لەکوێ کەمەو لەکوێ زۆرە، بۆیە پێموایە ئەو رێوشوێنانەی کە دانراون رێوشوێنی کۆنکرێتین بۆ رێگرتن لە کاری ساختەکاریی، ئێستا دەنگوباسێکی دیکە هەیە کە کێشەی دەنگدانی هێزی سەربازییە، لە کوردستان بەپێی زانیارییەکان (٤٠٠) هەزار دەنگدەرن، باشە ئەوانە کە دەنگدەدەن، پێشتر هەر هاوڵاتییە، واتا پێشتر وەک هاوڵاتی ناوی تۆمارکراوە، زۆر ئاساییە ئەو کەسانە جلی مەدەنی بکەنەبەرو بچن دەنگبدەن، واتە دەکاتە دووجار دەنگدان، بەڵام ئەمجارە کۆمسیۆن رێگایەکی تازە پەیڕەودەکات بۆ ئەو بابەتە، بۆ ئەمەش تۆمارێکی تایبەت دروستکراوە تایبەت بەو هێزە سەربازیانە، ئەو هێزانە ناویان لە تۆماری گشتیی هاوڵاتییان رەشکراوەتەوە، ئەمەش گرنگە.

**ڕۆژنامە: تاچەند پێشبینی دەکەیت کە ئەم هەڵبژاردنە بەبێ توندوتیژیی کۆتایی بێت؟**

* لە وڵاتێک کە هەموو تاکەکانی ژیانیان لەناو پرۆسەی توندوتیژیی گوزەر دەکات، بەردەوام شەڕ هەبووەو هەیە لەم ناوچەیە، کەواتە دەبێت پێشبینی ئـەوە بکەین کە دەکرێت زمانی زبر بەکاربهێنرێت.

**ڕۆژنامە: ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان چییە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان؟**

* نەتەوەیەکگرتووەکان پشتگیری کۆمسیۆن دەکـــات، دواتـــر بەشداردەبن لەهۆشیارکردنەوەی تاکو بەشداریی تاک لە پرۆسەی سیاسی، چەندان رێکخراوی ناحکومیی پارەی پێدراوە، هەروەها خۆیان سەکۆی هۆشیاری هەڵبژاردنیان هەیە بـۆئـەوەی دەنـگـدەر هۆشیار بکرێتەوە، پشتگیری لە چاودێرە بێلایەنەکان دەکەنو راهێنانیان پێدەکەن، ئـەوان کە بڕیاری نێودەوڵەتییان هەبێت بۆ هەر وڵاتێک تیم پێکدەهێنن، شارەزا دەهێنن، دواتر راپۆرت دەردەکەن.


هۆگر چەتۆ

هۆگر چەتۆ شێخە
بەرپرسی (رێکخراوی تۆڕی شەمس)ە، بۆ چاودێریی هەڵبژاردن.
کۆلێژی یاسای تەواوکردووە.
راهێنەرە لە بواری چاودێریی هەڵبژاردن.
چاودێری نێودەوڵەتی بووە
لە هەڵبژاردنەکانی ئوردونو یەمەن.
لە ئایندەدا چاودێریی هەڵبژاردنەکانی لوبنان دەکات لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ.

# ئەگەر هەردوو وەزارەتی دارایی یەکنەخرێتەوە مانایەک نامێنێت بۆ شەفافیەتو تاووتوێکردنی بودجە

ستارە عارف

یەکنەگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێمو جێبەجێنەکردنی مەرجەکانی بودجە لەلایەن حکومەتەوە، شەرعیەتی تاووتوێکردنی بودجە ناهێڵێت.

بەپێی مەرجەکانی پەسەندکردنی پرۆژەیاسای بودجەی ٢٠٠٩، دەبێت هەموو ساڵێک پرۆژەیاسای بودجە لەلایەن حکومەتەوە لەکاتی خۆیدا کە مانگی (تشرینی یەکەم-تشرینی دووەم)ە، بگاتە پەرلەمانو لیژنەی دارایی تاووتوێی بکاتو ساڵانە دووجار حکومەت راپۆرت دەربارەی شێوازی خەرجیی شەش مانگی خۆی بۆ پەرلەمان بنێرێت.

بەڕای هیوا میرزا سابیر، ئەندامی لیژنەی دارایی لەپەرلەمان، کە وەک هەڵوێستێک لەبەرامبەر جێبەجێنەکردنی ئەم مەرجانەدا بەشداریی تاووتوێکردنی بودجە ناکات، دەڵێت: «ئەگەر وەزارەتی دارایی یەکنەخرێتەوە واتایەک نامێنێت بۆ تاووتوێکردنی بودجەو بەرجەستەکردنی شەفافیەت».

دوای چوار مانگو نیو دواکەوتن، بودجە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خوێندنەوەی بۆ کرا، کە پێویستبوو لە ١/١دا تەواو ببوایەو خوێندنەوەی بۆ بکرایە، بەڵام لە مانگی نیساندا بودجە گەیشتە هەرێمی کوردستان.

محەمەد رەفعەت، لێپرسراوی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان، پشتگیریی لەهەڵوێستی هیوا میرزای پەرلەمانتار کرد، وتی: «ئەگەر بودجە بێتە پەرلەمانەوە، لەوێ داوا لەهەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەم گفتوگۆ لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ نەکرێت، تاسێ خاڵ جێبەجێ نەکرێن، ئەوانیش یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی، وردەکاریی خەرجیی شەش مانگی کۆتایی ٢٠٠٨و ئەو پێشینەو مینحانەی، کە وەریانگرتووە، لەکوێ وەرگیراوەو چۆن خەرجکراوە».

لێپرسراوی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان، پرسیاری ئەوەی کرد، کە ئایا ئەو (٣٠) ملیۆن دۆلارەی کە مەلا بەختیار، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی باسیدەکات، مانگانە لەسەر چ بنەمایەک دراوە بەیەکێتیو پارتی، وتیشی: «ئەگەر ئەم چوار خاڵە گفتوگۆی لەسەر نەکرێت، پێشنیاز دەکەم گفتوگۆ لەسەر بودجە نەکرێت، ئەگەر سووربوون لەسەر گفتوگۆکردن، من کار بۆ ئەوە دەکەم کوتلەیەکی پەرلەمانیی دروست بکەینو هۆڵی پەرلەمان بەجێبهێڵین، چونکە ئیتر ئەمساڵیش شەفافیەت لەبودجەدا نامێنێت وەک ساڵانی دیکە چۆنیان بوێت بێئەوەی خەڵکو پەرلەمان بزانێت، خەرجی دەکەن، وەک پەرۆشییەک بەرامبەر بەخەڵک دەبێت ئەم هەڵوێستە وەربگرین».

دوای پەسەندکردنی بودجەی گشتی عێراق لەناوەڕاستی مانگی نیساندا رێژەی بەشە بودجەی هەرێم گەیشتە هەرێمی کوردستانو لە (٦)ی ئەم مانگەدا بودجەی هەرێم گەیشتە پەرلەمانی کوردستان، کە بڕەکەی (٨) ترلیۆنو (٨٥٧) ملیارو (٢٦٣) ملیۆن دینارە.

پسپۆڕانی ئابووریش رەخنە لەدواکەتنی وادەی تاووتوێکردنی بودجەی هەرێم دەگرنو لەوبارەیەوە نەسروڵڵا شێخانی، پسپۆڕی ئابووری، بەڕۆژنامەی راگەیاند: ئەگەر بارودۆخ لەبارنەبوو، بودجە شەرعیەتی دەمێنێتو دەکرێت تاووتوێش بکرێت، بەڵام «تاووتوێکردنی بودجەی ئەمساڵی هەرێم یاسایی نییە»، چونکە دەبێت لەمانگی (تشرینی دووەم)ەوە تاووتوێ بکرێتو بزانرێت کورت دەهێنێت یان زیادەی هەیە کە نەکراوە».

ئەوپسپۆڕە ئابوورییە پێیوایە،لەبودجەی ئەمساڵدا دەبێت پشت بە(اسر رجعي) ببەسترێت، واتە گەڕانەوە بۆ شوێنەوارەکانی کۆنی بودجە، چونکە دەبوو ئێستا قسە لەسەر بودجەی (٢٠١٠) بکرایەو تائێستا نازانرێت بودجەی ئەمساڵی هەرێم کورتی هێناوە یان زیادەی هەیە، خەرجییەکان لەکام بواردانو چەندن، وتیشی: «حکومەتی عێراق لەناو ئەو بودجەیەدا مووچەی فەرمانبەران بەهەرێم دەدات، ئەگەر ١٧٪ دابەش بکەین، (٧٠٪)ی مووچەی فەرمانبەرانەو (٣٠٪)ی بۆ وەبەرهێنان دەمێنێتەوە، کە زۆر کەمە».

راپۆرتی تاووتوێکردنی بودجە لەلایەن لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستانەوە ئامادەکراوەو چاوەڕێی بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت بۆ دانانی رۆژێک کە راپۆرتەکەی تێدا تاووتوێ بکرێت.

راپۆرتی تاووتوێکردنی بودجە لەلایەن لیژنەی دارایی و ئابووریی پەرلەمانی کوردستانەوە ئامادەکراوە، چاوەڕێی بڕیاری سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکرێت بۆ دانانی رۆژێک کە راپۆرتەکەی تێدا تاووتوێ بکرێت.

> **کە راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دارایی ناگاتە پەرلەمان، کەواتە پێوەر بەدەستەوە نییەو ناتوانرێت بودجە بەکاربهێنرێتەوە، کە وەزارەتی دارایی دووبەش بێت، هەموو پرۆژەیەک دووبارەیەو دوو قەوارەی ئابووری لەکوردستاندا بوونی هەیە، بۆیە زۆرجار لەپرۆژەکاندا ناکۆکی پێچەوانە دروستدەکاتو بودجەی کوردستان بەهیچ شێوەیەک لەچوارچێوەی پێناسەی بودجەی ستانداردا جێگای نابێتەوە**

د. نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە پاش ئامادەکردنی راپۆرتەکەو دابەشکردنی بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا، ئەوکاتەی راپۆرتەکە تاووتوێکرا، هەندێک لەئەندامانی پەرلەمان دەچنەوەسەر ئەو مەرجانە کە هەتائێستا هەردوو وەزارەتی دارایی بۆچی یەکیان نەگرتووەتەوەو پرۆژەکە درەنگ خراوەتە بەردەم پەرلەمان، وتیشی: کێشە لێرەدا شەرعیەتو ناشەرعیەت نییە، چونکە لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا بودجە لەکاتی خۆیدا پێشکەش بەپەرلەمان نەکراوە، یان درەنگ گەیشتووەو بەپەلە پەسەندکراوە، چوار ساڵە هەردوو وەزارەتەکە هەن، کەواتە پێشتریش ئەو شەرعیەتە نەبووە، بەڵام ئەمساڵ لەبەرئەوەی سەرۆکی پەرلەمان ئەو مەرجەی دانا، (کە تەماشای پرۆژەیاسای بودجە ناکات، ئەگەر هەردوو وەزارەتەکە یەکنەگرنەوە)، بۆیە ئێستا ئەم کێشەیە بەزەقی خراوەتە بەرچاو، ئەگەرنا، لەڕابردووشدا یەکیان نەگرتبووەوەو بودجەش پەسەندکراوە.

هەندێک لەپسپۆڕانی دیکەش شەرعیەتی بودجەی هەرێمی کوردستان بەوادەی تاووتوێکردنی لەپەرلەماندا دەبەستنەوە.

پرۆژەیاسای بودجەی هەرێم لە (٢٤) مادە پێکهاتووەو خوێندنەوە بۆ هەموو مادەکانی کراوەو خەرجییەکانی ساڵی دارایی بۆ ئەمساڵیش بەبڕی (٨) ترلیۆنو (١٥٧) ملیارو (٢٦٣) ملیۆن دینار دەبێت.

محەمەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووری، لەبارەی بوونی شەرعیەتی بودجەوە دەڵێت: «ئەگەر بودجە دوابکەوێت، وەبەرهێنان لەبۆشاییدا دەمێنێتەوە، بەنەبوونی شەفافیەتیش لەبودجەدا، پسپۆڕانی ئابووری ناتوانن قسەی لەسەر بکەن»، وتیشی: «کاتێکیش کە راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دارایی ناگاتە پەرلەمان، کەواتە پێوەر بەدەستەوە نییەو ناتوانرێت بودجە بەکاربهێنرێتەوە، کە وەزارەتی دارایی دووبەش بێت، هەموو پرۆژەیەک دووبارەیەو دوو قەوارەی ئابووری لەکوردستاندا بوونی هەیە، بۆیە زۆرجار لەپرۆژەکاندا ناکۆکی پێچەوانە دروستدەکاتو بودجەی کوردستان بەهیچ شێوەیەک لەچوارچێوەی پێناسەی بودجەی ستانداردا جێگای نابێتەوە».

محەمەد حەکیم، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، دڵخۆش نییە بەتاووتوێکردنو پەسەندکردنی بودجە بەیاسایەک لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، راشیگەیاند: تائێستا وەزارەتی دارایی یەکینەگرتووەتەوە، راستە کێشەی بودجە دەستی بەغدای تێدایە، بەڵام دەکرا بودجە بۆ هەرێم مەزەندە بکرایە، تاووتوێکردنی بودجە یان نەکردنی، هیچ ناگۆڕێت، ناچاردەکرێین دەنگی پێبدەین، چونکە دەنگی زۆرینەی بۆ مسۆگەرکراوە.

# بۆ لێپێچینەوەی «وەزیرە گەندەڵەکان»، رکابەری لیستەکان دەستپێکرد

محەمەد ساڵح حەمەلاو

وەزیری دەرەوەی عێراق بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت، ئەندامێکی لیژنەی پەیوەندییەکانیش ئاماژە بەوەدەکات بانگهێشتکردنی وەزیری دەرەوە لەلایەک کێشەی شەخسییە، لەلایەکی دیکەش دەیانەوێت وەزیرە کوردەکانیش بەتۆمەتی گەندەڵی راپێچی پەرلەمان بکرێن.

حەسەند سنەیدی سەر بە لیستی ئیئتیلاف لە ئەنجومەنی نوێنەران، ئاماژەی بەوەکرد هەندێک لە ئەندامانی لیژنەی کاروباری پەیوەندییەکانو دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەران، ئیمزای پێویستیان بۆ بانگهێشتکردنی هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوە کۆکردووەتەوە.

وتیشی: «بەمەبەستی بوونی سەرپێچیو کاری نایاسایی و گەندەڵیی ئیداریی، تائێستا (٥٠) ئیمزا بۆ ئەو مەبەستە کۆکراوەتەوە».

تانیا تەڵعەت، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانو دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەکاتی کۆکردنەوەی ئیمزاکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە سامی عەسکەری سەرپەرشتی دەکرد، پرسیاری ئەوەم لێکرد کە ئاخۆ بانگهێشتکردنە لەسەر چییە؟ لە وەڵامدا سامی عەسکەری باسی لەوەکرد، کە بانگهێشتکردنەکەی وەزیری دەرەوە لەسەر گەندەڵیی ئیدارییە، ئەندامەکەی لیژنەی پەیوەندییەکان وتیشی لەکاتی کۆکردنەوەی ئیمزاکاندا، سامی عەسکەری ئاماژەی بە هیچ بەڵگەیەک نەکردووەو وتیشی کاتێک پرسیاری ئەوەم لێکرد کە ئایا بەڵگەی پێویست لەبەردەستدایە بۆ ئەو مەسەلەیە، عەسکەری وتی «گەندەڵی ئیداریی بەڵگەی بۆچییە».

نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر سامی عەسکەری، هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراقی بەوە تۆمەتبارکرد کە گوایە لە وڵاتانی دەرەوە سەرگەرمی کاری ناشایستەیە، هەربۆیە دوای ئەو تۆمەت خستنەپاڵەی، هۆشیار زێباری سکاڵای لەسەر سامی عەسکەری تۆمارکرد.

تەنیا تەڵعەت پێیوابوو «مەسەلەی بانگهێشتکردنەکەی وەزیری دەرەوە لەلایەک کێشەی شەخسییەو لەلایەکی دیکەشەوە ئێستا بۆچوونێک لەنێوان ئەندامانی سەر بە لیستی ئیئتیلافدا دروستبووە، بەوەی کە ئەو وەزیرانەی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەموویان سەر بە لیستی ئیئتیلافنو کوردیان تێدانییە».

بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی تانیا وتیشی: «دوو ئەندامی سەر بە لیستی ئیئتیلاف لەوبارەیەوە نیگەرانیی خۆیان دەربڕیوە بەوەی کە ئێستا وا هەست دەکرێت تەنیا لیستەکەی ئەوان کەسانی گەندەڵکاری تێدایە، هەربۆیە هەوڵێک هەیە بۆ لێپێچینەوە لە وەزیرە کوردەکانیش».

دەربارەی ئەو دەنگۆیانەش کە گوایە یەکێک لەو خاڵانەی وەزیری دەرەوەی پێ تۆمەتبار دەکرێت ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری لە کورد لە وەزارەتی دەرەوەو باڵیۆزخانەکاندا داناوە، تانیا ئەوەی روونکردەوە، لەکۆی (٩٨) باڵیۆز، (٣٤)یان کوردن، ئەوەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە پێشتر باڵیۆزی کورد لە وڵاتاندا نەبووەو ئێستاش کە وەزارەتی دەرەوە بەدەست کوردەوەیە، مافی خۆیەتی وەزارەتەکە نوێنەرایەتیی کورد بکاتو ژمارەیەک باڵیۆزی کورد لە وڵاتاندا کاربکەن.

بەپێی زانیارییەکان هەر وەزیرێک لەسەر مەسەلەی گەندەڵی تۆمەتبار دەکرێت، پێویستە ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی دەکرێن پێشتر لە رێگای سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە ئاراستەی بکرێت، بۆئەوەی وەزیرەکە خۆی بۆ وەڵامدانەوەیان ئامادەبکات.

دەربارەی کۆکردنەوەی (٥٠) ئیمزا لەسەر وەزیری دەرەوە کە ئاخۆ کۆکردنەوەی ئەو ئیمزایانە لەسەر چ بنەمایەکە، ئەندامەکەی لیژنەی پەیوەندییەکان وتی: «ئەوەی ئێستا کراوە تەنیا کۆکردنەوەی ئیمزایە، پێناچێت لایەنی پەیوەندیداریش بەڵگەیەکی وای لەبەردەستدابێت کە تۆمەتباریی وەزیری دەرەوە بسەلمێنێت».


هۆشیار



# هەڵبژاردنو حکومەتی فول ئۆتۆماتیک...

**هوشیار عەبدوڵڵا**

ساڵی رابردوو، هەرچی خوێندکارانی دواقۆناغەکانی خوێندنی زانکۆو پەیمانگاکان بوو، هاتو هاوارو خۆپیشاندانیان بوو بۆ سەفرەی عیلمیو کەس وەڵامی نەدەدانەوە، ئەمساڵو لە سایەی هەڵبژاردندا، ئاساییە کولیەی دوو سەفرەش بکات، یەکێکیان عیلمی یەکێکیشیان حوبی، تا دوێنێ هەرچی کۆڵانی شارەکانە جەرگیان کون کونو هەلا هەلا بوو، پارەو قیر نەبوو پێی پینە بکەن، ئێستا لە سایەی هەڵبژاردندا ئەوەندە قیر زۆرە، وەک رۆنی پەندە کوردییەکی لێهاتووە کە زۆرەو نازانن لە کوێی هەڵسون، ئەمانەو ریزێک عاجباتی دیکەی خزمەتگوزاریی، ئەوەی بەلای منەوە سەیرە ئەوەیە، کە چۆن حساب بۆ ئەوە ناکرێت کە خەڵک دەزانێت ئەوە هەمووی لەبەر خاتری چاوی رەشی ئەوان نییە، ئەگەر هەڵبژاردن نەبوایە، نە دهۆک ئەوەندە قەرەباڵغ دەبوو بۆ سەفەری عیلمیو نە جادەکانیش چاویان وارەش دەچووەوە بە قیری رەشو نوێ.

من ئەگەر لە دەسەڵات بوومایە، قەت لە سەروبەندی هەڵبژاردن ئەوەندە وەعدم نەدەدا لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان: خەڵک هەمووی دەزانێت لەبەرئەوە نییە کە تۆ زۆر خزمەتگوزاری، بەڵکو دەتەوێت تەنیا بۆ دوو مانگ باشو دڵ سەغی دەربکەویتو (٣ ساڵو ١٠) مانگیش بێمنەت بیت، (ئەوە ئەگەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن بێت، نەک چواردە ساڵ جارێک).

دووەمیان: تۆ بەردەم دەڵێیت حیزب دەست وەرناداتە بودجەی گشتیو بە بڕی چەندەها ملیار دۆلاریش خانوو قوتابخانە دروستدەکەیت، ئاخر ناپرسیت خەڵک ناڵێت ئەو حیزبە چاوکاڵە ئەو هەموو دۆلارە لەکوێوە تەخشان دەکاتو پەخشانی وەعدی هەڵبژاردنی پێ دەنووسێتەوە.

ئەو وەعدانە ئەوەندە کەشفن لای خەڵک، وەک نوکتەی ئەو سەعیدیەی میسری لێهاتووە کە رۆیشتە دوکانی کەلوپەلی کارەباییو وتی (ئەو تەلەفزیۆنە بایی چەندە)؟ فرۆشیار (برۆ بابە شت بە سەعیدی نافرۆشین) کابرا زۆر تورە دەبێتو دەڵێت هەر دەبێت بیکرم، دەڕوات شازی جلوبەرگی گرانو سەنگین لەبەردەکاتو دەڕواتەوە دوکانەکە، (نیوەڕۆتان باش زەحمەت نەبێت ئەم تەلەفزیۆنە بایی چەندە)؟ فرۆشیار دەڵێت (برۆ دەرەوە بابە هیچ بە سەعیدی نافرۆشین)! کابرای سەعیدی زۆر تورە دەبێتو ئەمجارەیان بە جلوبەرگی ژنانەوەو بە پەچەیەکەوە دەچێتەوەدوکانەکەوە،(سڵاوی خواتان لێبێت برا، ئەم تەلەفزیۆنە بەچەندە)؟ فرۆشیار (برۆ کاکە گیان شت بە سەعیدی نافرۆشین)؟! سەعیدیەکە شێت دەبێتو پەچەکەی لادەباتو دەڵێت (تۆ چۆن من دەناسیتەوە)؟! فرۆشیارەکە دەڵێت (ئاخر ئەوە تەلەفزیۆن نییە! ئەوە غەسالەی فول ئۆتۆماتیکە، بۆیە دەتناسمەوە)؟! جا حیزبیش هەزار دەمامک بکاتە بەر وەعدو کارەکانیەوە، خەڵک دەیناسێتەوە وەعدە سەعیدییەکانی هەڵبژاردنن، مەحوی وتەنی (شوکر هۆشیارە میللەت تێدەگەن ئەوە بەرەبەری ئینتیخاباتە، بۆیە حکومەت فول ئۆتۆماتیکە).



# سەردەمی گەنجو لاوان


**نیعمەت عەبدوڵڵا**

سەردەمی ئەمڕۆ گرنگیدانە بە رۆڵی کۆمەڵ بە هەموو چینو توێژەکانییەوە، هەریەکە ئاسۆیەکی بیرکردنەوەی لە پانتایی سەدەی بیستو یەکدا داگیرکردووە، ئەم سەدەیە پێویستی بە هزری شیاوو بەرزە، پێویستی بە خوێنی گەرمو لێکدانەوەی وردە بۆ پڕکردنەوەی داخوازییەکانی جیهانی تەکنەلۆژیا، باشترین توێژ ئەو ئەرکەی پێ بسپێردرێت بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی بەختەوەرانە بۆ نەوەی داهاتوو گەنجو لاوەکانن، ئەمە لە رێگای پێدانی هەلو رەخساندنی بواری کارکردن لە گشت ئاستەکاندا، گرنگ ئەوە نییە تەنیا گەنجەکان بێنە مەیدان، بەڵکو گرنگ لەوەدایە کامە گەنج کام لە تواناکان، بە چ پێوەرێک ئەم توێژە دەستنیشاندەکرێتو کێ ئەمە دەکات بۆئەوەی بزانرێت کێیە دێتە پێشەوە، مەرج نییە لاوەکان ئەم کارە بکەن، دەکرێت هزرەکان، ئەو هزرەی لە بەرژەوەندی گەنجەکان کاردەکاتو دەدوێت، چار نییە دەبێت ئەو هەوڵانە بە هەند وەربگیرێت، دەرفەتەکانیش زۆرن بەتایبەتی لە بواری ئاوەدانکردنەوە، زانست، ئابووری، رێکخراوەکانو دامودەزگاکانی جێبەجێکردن، لە چوارچێوەی ئەرکو مافەکان. بەهۆی خۆسەپاندنی لاوان لە بەرەوپێشبردنی ئەم بوارانە، وایکرد پەرلەمانی کوردستان دەرفەت بدات بە گەنجان لە تەمەنی (٢٥) ساڵیدا بتوانن خۆیان کاندید بکەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، سەرکەوتنی ئەم دەرفەتە لەسەر خودی لاوان دەوەستێت تا چ ئاستێک ئەم بەرپرسیارێتییە بە متمانەو دڵنیاییەوە هەڵدەگرن، ئایا گۆڕانێک لە ژیانی کۆمەڵگا لەنێوان گرەوی لاینگرانو نەیارانیان دەبەنەوە یان دەدۆڕێنن؟ ئایا کەمکردنەوە لە تەمەنی پاڵێوراوان بۆ پەرلەمان بەرامبەر زیادکردنی رێژەی ژنان چ خوێندنەوەیەک هەیە؟

دەبێت ئەزموونی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان هانی ئەوەی دابێت هەم رێژەکەیان بەرزبێتەوەو شانسی بە گەنجانیش دا ئەوانیش بێنە پێشەوە؟ یان هەوەسەو بۆچوونێکی کاتییە؟ ئەمانە هەمووی بۆ ئایندە هەڵدەگرینو ئەم گۆڕانە ئەوکات پێویستی بە هەڵسەنگاندن دەبێت.

*** سەرۆکی یەکێتی**

**پەرلەمانتارانی کوردستان**



# چەواشەکردنی ویژدان، پێشێلکردنی مافەکانی تاکو کۆمەڵە

**ئەمین جاف**

**کورد وتویەتی (رەشم لێمەکە بە سپی، شەوم لێمەکە بە رۆژ، خۆم عەقڵم هەیە، دونیاشم لەسەر تاپۆکەیت ویژدانی خۆم نادۆڕێنم).**

کارکردن بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانیو پەروەردەکردنی هاوڵاتییان لەسەر بنەماکانی مرۆڤایەتیی، گۆشکردنی منداڵانی گەلەکەمان بە رەوشتی بەرزو بەنرخ، ئەرکی هەموو حیزبو لایەنەکانە، بەوانەی ناو حکومەتو دەرەوەی حکومەتیشەوە.

هەموومان لەبیرمانە کە بەعسییەکان چۆن دیاردەی چەک هەڵگرتنیان کردبوو بە بەشێک لە ژیانی میللەتی کورد، پەنابردن بۆ جەیشی شەعبی، بە بەعسبوون، کرابوو بە مەرجەکانی وەدەستهێنانی نانی رۆژانە.

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە رێگا بگیرێت لە چەواشەکردنی هاوڵاتییان، مامەڵەکردن بە ویژدان، با کەس هەوڵی ئەوە نەدات هاوڵاتی بۆ لای خۆی راکێشێت بە رێگای نایاسایی، چونکە ئەم رەفتارە دەبێتە نەریت، نەوە لەدوای نەوە دەمێنێتەوە بۆیان.

کەواتە هەرکەسە خاوەنی عەقڵو ویژدانی خۆیەتی، هەر هەوڵێکیش بۆ چەواشەکردنی ئەو ویژدانە، دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مافی ئەو کەسە، با کەس دەست لە کاری تاکەکانی کۆمەڵ وەرنەدات، هاوڵاتی بۆخۆی ئازادبێت.

هەوڵدان بۆ گەیشتن بە کورسیو دەسەڵات، کارێکی مەشروعە، بەڵام دانیشتن لەسەر کورسیی دەسەڵات، حوکمرانی، کاتێک مەشروعە کە کۆمەڵانی خەڵکیش تارادەیەک کەمترینی مافەکانی خۆیان وەدەست هێنابێت. حوکمران ئەوکاتە سەرفرازە کە میللەت سەرفرازبێت، پێچەوانەکەشی چەواشەکردنی خەڵکە بۆ دەنگدان تەنیا لەپێناوی بەرژەوەندییە تایبەتەکاندا.

ئەوەی کە جێگای شەرمەزارییە لە وڵاتانی ناوچەکەدا بە ئێمەشەوە، کاتێک کە وادەی هەڵبژاردنەکان نزیکدەبێتەوە، باس لە کڕینو فرۆشتنی ویژدان وەک کاڵا دەکرێت، لە وڵاتانی ئەوروپا کاتێک کەسێک بیەوێت لە کەسێک نزیک بێتەوە بۆ هەر بەرژەوەندییەک، هەوڵدەدات پێی بڵێت من دیارییەک دەدەم بە تۆ، کابرا لە وەڵامدا دەڵێت: بۆچی ئەو دیارییە دەدەیتە من؟ (کاتێک کە هەستدەکات مەبەست لەوکارە کڕینی ویژدانە)، وەڵامی دەداتەوە، بە پەنجەی دەستی ئاماژە بۆ سەری خۆی دەکات، دەڵێت: ئەو پارەیە بەرە بۆ پزیشکەکەت، بەواتای تۆ نەخۆشیی دەروونیت هەیە.

ویژدان بەواتای توانای مرۆڤ بۆ زانینی جیاوازیی لەنێوان کاری دروستو نادروستدا، بەواتایەکی دیکە جیاکردنەوە لەنێوان کردەوەی رەواو ناڕەوادا، کارەکەش دەبێت بەهۆی پەشیمانیی کاتێک کردەوەکان دژ بە پرەنسیپە ئەخلاقییەکان رادەوەستن، یا هەستکردن بە سەرفرازییە کاتێک کارەکان لەگەڵ بەها ئەخلاقییەکاندا یەکدەگرنەوە.

ویژدان تاکە وەک بەرپرس لە هەڵسوکەوتی تاکەکانی ناو کۆمەڵ، ویژدان کۆمەڵیشە بۆ جموجۆڵی ناو کۆمەڵانی خەڵک، بۆ نموونە کاتێک کە دەوترێت ویژدانی مرۆڤایەتی یاخود ویژدانی گەل (ضمیرالشعب)، لەکاتی راپەڕینەکاندا، یاخود لەکاتی کارەساتەکاندا، کە ویژدان بەکۆمەڵ دەکەوێتە جموجۆڵ.

زۆرجار کە دەبیستین لە وڵاتاندا خەڵک دەڕژێنە سەر شەقامەکان، بۆ یەکخستنی ئیرادەو ویژدان، لەپێناوی داخوازییەکاندا.

ویژدان بەرپرسی باڵای بەرێوەبردنی هەڵسوکەوتی رۆژانەی مرۆڤە، بۆیە هەمیشە لێپرسینەوە لە هەموو جموجۆڵەکانی تاک دەکات، ئەو لێپرسینەوەیەش تەنیا رۆژانە نییە، بەڵکو لەئێستاو رابردوو و ئایندەشە.

کاتێک مرۆڤ کە ویژدانی خۆی لەدەستدەدات، ویژدانی لە سکە رەواکەی دەردەچێت، ئەوکاتە هەموو پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی وندەکات، بەواتای ناڕەوایی بە رەوایی دەبینێت، ناڕاستی بە راستی دەنرخێنێت.

بەپێی هەموو یاسا ئایینیو شارستانییەکان، ئەو کەسانەی کە دەبنە بەهۆی چەواشەکردنی کەسانێکی دیکە، یاخود راستەوخۆ پەنا دەبەنەبەر هەر رێگایەکی نایاسایی بۆ ئەو مەبەستە، ئەوانە سزای یاسایی دەیانگرێتەوە، دەبێت بدرێن بە دادگا.

ئەو کەسانە بە (فێڵکەر) لەقەڵەمدەدرێن، واتە (موخادیع)، چونکە دەبێت بەهۆی گۆڕینی راستییەکان، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێشێلکردنی یاسایە، وەک ئەوە وایە کە تۆ شایەتێک بە پارە بگریت بۆئەوەی بە ناڕەوایی شایەتیت بۆ بدات، بەمجۆرە هەردوو لایەنی لە رێ لادەرو لە رێ لادراو، تومەتبارن.

ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای جوتەکان (الثنائیات) بەرێوەدەچێت، وەک خێرو شەڕ، رەواو ناڕەوا، گەرمو سارد، تێرو برسی، راستو ناراست... هتد، لێرەدا ئیتر گرنگیی رۆڵی ویژدان بەدیار دەکەوێت، کە دەبێتە دادوەری جیاکردنەوەکان.

هیچ کەسێک ناتوانێت لەو نرخە بەرزانەی ویژدان کەمبکاتەوە، ویژدان دادگایەکی بێسنوورە کە بەرپرسە لە راگرتنی کۆڵەکەی عەدالەت.

ویژدان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا راگری هەموو قورساییەکانە بێئەوەی رێگا بە هیچ پێشێلکارییەک بدات، ئەگەر رۆڵی ویژدان نەبوایە، خۆ دادوەر مرۆڤێکە وەک هەموو مرۆڤە ئاساییەکان.

کێ دەتوانێت داوا لە کەسێک بکات بۆئەوەی ئەو توانا بەرزە پیرۆزە لەدەست خۆی بدات، کێ ئامادەیە بۆ گەورەترین ماڵو سەروەتی ئەم دنیایە، سەری خۆی نزمبکاتەوە، بڵێ من فلان شتم لەلا گرنگترە لە ویژدان، پیرۆزییو گرنگیی هەڵبژاردن لە هەموو دنیادا لەوەدایە، کە کاتێک مرۆڤ دەچێتە کابینەی دەنگدانەوە، کاتێک کە لەسەر سندوقەکەی دەنگدان رادەوەستێت، ئا لەوکاتەدا بە سەربەستییەوە کورتە بیرێک دەکاتەوە، کە دەبینێت لەو شوێنەدا تەنیاو تەنیا خۆیو ویژدانیو خوای خۆی لەگەڵدایە (ئەمەش هەڵگری هەمو فیکرو دینو مەزهەبێک دەگرێتەوە بەبێ جیاوازیی)، بۆیە وا چاکەو گرنگیشە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە، کاتێک بەشداران کە دەچن بۆ هەڵبژاردنەکان، هەریەکەو قەڵەمی خۆی لەگەڵ خۆیدا پێبێت بۆ دەنگدانەکە، کە دەبێت بەدەستی خۆی بینووسێت، یا کەسی یەکەمو دووەمی لەگەڵدا بێت بۆی بنووسێت.

کاتێک کە کۆمەڵانی خەڵک بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەکەونەرێ، ئەو رۆژە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ رۆژانی پێشمەرگایەتی، رۆژانی خەبات، رۆژانی راپەڕین، چونکە ئامانجەکان هەمیشە گەیشتنە بە ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە هەموو چینەکانییەوە.

ئا لەو کاتو ساتەدا تاکەکانی کۆمەڵ هەستدەکەن کە بۆ کوێ دەچن، ئامانج لەو بەشداریکردنە چییە، ئا لەو چرکانەدا بیردەکەنەوە کە ئەو رۆژە چەند گرنگە بۆ وەدەستهێنانی حکومەتێکی خزمەتگوزار، ئەو حکومەتەی کە ساڵەهای ساڵە بەئاواتەوە بیری لێدەکەینەوە.

لەکاتی دەنگداندا کە هاوڵاتی دەست بۆ قەڵەمەکەی دەبات، ئەوکاتە هیچ شتێکی دیکە کاری تێناکات، هەموو ئەو چەواشەکردنو بەڵێنانەی کە مێشکیان شتووەتەوە، کارناکەت سەر ئەو ویژدانە بەرزو پیرۆزە.

لە چرکەیەکەدا داوا لە ویژدانی خۆی دەکات، ئەویش بەپەلە پێی دەڵێت ئەو لیستە نوێنەری تۆیە، ئەوە لیستی رەوایە.

پاش دەنگدانەکە هەریەکەو دەگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی، ئەو قەڵەمە دەپارێزێت لەناو زەرفێکدا وەک بەڵگەیەک بۆ دەستکەوتێکی گرنگی خەباتی ویژدانی مێژووی ئەو مرۆڤە.

لە هەموو خێزانێکدا هەرکەس دەزانێت کە دەنگی بۆ کام لیست داوە، بە چاوەڕوانی راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بۆئەوەی ئەو پێنووسە بەرزبکاتەوە وەک دروشمی سەرکەوتنەکان.

ئەگەر کەسانێک ئەم بیرۆکەیە بە هەر جۆرێک لێکدەدەنەوە، بەڵام من لێرەدا دەڵێم ئەی باشە کورد نزیکەی نیو سەدەیە شۆڕش دەکات، بە هەزاران قوربانیو ماڵوێرانیی لەپێناوی ئایندەی ئەم میللەتدا نەبووە، کەواتە چەکی ئەوکاتە چەکە جۆراوجۆرەکان بوو کە لە شەڕەکاندا بەکاردەهات، لە هەموو جیهاندا پاش کۆتایی جەنگ، مۆزەخانە بۆ ئەو چەکانە دەکرێتەوە، ئەمەش لەپاش شادبوونی جەماوەر بە کۆتایی جەنگو وەدەستهێنانی رزگاریی.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەموو جەماوەر بەوپەڕی شادییەوە تێدەکۆشنو کاردەکەن بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان، دونیای ئەمڕۆش دونیایەکی تازەیە، ئەمجارە خەڵک بە شێوازی ئاشتی تێدەکۆشێت، کەواتە مۆزەخانەکەش پێویستە بۆ ئەو پێنووسانە دروستبکرێت، چونکە سەرکەوتنیان وەدەستهێناوە بۆ میللەت.

**ئەو کەسانەی کە دەبنە بەهۆی چەواشەکردنی کەسانێکی دیکە، یاخود راستەوخۆ پەنادەبەنە بەر هەر رێگایەکی نایاسایی بۆ ئەو مەبەستە، ئەوانە سزای یاسایی دەیانگرێتەوە، دەبێت بدرێن بە دادگا**

www.netewe.com

# کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت نییە

**ئاپۆرەی تامیلەکان دەگاتە زیاتر لە (٧٧) ملیۆن کەس کە بەشی زۆریو نزیک بە (٦٥) ملیۆن کەسیان لە هندستان دەژین، لە یەکێک لە ویلایەتەکانی ئەو وڵاتە بە ناوی تامیل نادو کە سەربەخۆ نین، ٨٨٪ تامیلەکان هیندوس، ٦٪ مسوڵمانو ٥،٥٪یشیان مەسیحین، زمانو کلتوورو مێژووی تایبەت بەخۆیان هەیە**

جەمال ئیختیار

لە چوارچێوەی بەردەوامی دۆسیەی تامیلەکان لە میدیای نێودەوڵەتیدا، نیۆرک تایمز دەنووسێت (لە شەڕی سریلانکادا کەس براوە نییەو حکومەتی سریلانکا ئێستاش ناتوانێت شەڕکەرەکانی تامیلو خەڵکی مەدەنی لێکجیابکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە (٢٨٠) هەزار کەس پێویستیان بە یارمەتی سەرەتایی خواردنو دەرمان هەیە. بان کیمون سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکانو لایەنەکانی دیکە داوایان کردووە دەرگا بە رووی ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکاندا بکرێتەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆلۆمبۆ ڕێگا نادەن ئاوارەکانی تامیل پێویستیەکانیان پێبگات.

ڕووداوەکانی نەتەوەی تامیل لەم دوایەیەدا سەرنجی زۆری میدیای نێودەوڵەتی بۆ خۆی ڕاکێشاو تائێستاش ئەو سەرنجانە بەردەوامن. ڕۆژنامەنووسانو نووسەرانی کورد ئەوانیان بە ئامۆزای کورد ناوبرد، لاپەڕەی ئەوەیان هەڵدایەوە کە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت کورد نییە، بەڵکو تامیلەکان بە قەبارەی زیاتر لە (٧٧) ملیۆن کەس، گەورەترین نەتەوەی جیهانن کە تائێستاش قەوارەی سەربەخۆیان نییە، ڕەخنەگران لەئاستی نێودەوڵەتیو کورددیدا، ئۆباڵی تراژیدیای داگیرکردنەوەی وڵاتی نەتەوەی تامیلیان، خستە ئەستۆی ئیدارەی ئۆباماو بەوە تۆمەتباریان کرد کە دەستی کۆلۆمبۆی ئاوەڵا کردبوو بۆ سووتاندنو بە تورەکەپێوانی خاکو وڵاتی تامیلەکان بە شێوازێکی زۆر توندتر لەوەی کە لەسەر دەستی سوپای ئیسرائیل لە غەزە ڕوویدا، هەندێک لە چاودێران پێیانوایە، دەوڵەتی ناوەندی سریلانکا لەماوەی چەند مانگێک لەمەوبەر تائێستاو بەتایبەتی کاتێک سەرنجی هەموو جیهان لەسەر غەزە بوو، دەستیکرد بە هێرشێکی بەربڵاو بۆ سەر تامیلەکان کە دەوترێت پاڵپشتی هندستان، چین، ئیسرائیلو پشتیوانی دارایی ئەمریکای لەگەڵ بووەو چەکی قەدەغەکراوی وەک بۆمبی فۆسفۆڕی تێدا بەکارهێنراوە، هەموو ئەمانە تەنیا بە پاساوی ئەوە بوو کە پڵنگەکانی تامیل «تیرۆریستن»، بەبێ ئەوەی گرنگی بە کێشەکەیان کە کێشەی نەتەوەیەکی داگیرکراوە بدرێتو ڕەچاوی پرەنسیپو کۆدەکانی ئەخلاق بکرێت لەو ڕووبەڕووبوونەوە ناهاوسەنگو ناعادیلانەیەدا.

سریلانکا وڵاتێکی (٢٠) ملیۆن کەسییە، نزیکەی ١٤٪ دانیشتووانی لە باکووری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە لە نەتەوەی تامیلنو زیاتر لە چەند دەیەیە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەگەڵ دەوڵەتی کۆلۆمبۆ شەڕدەکەن، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تامیلەکان لەلایەن پڵنگەکانی ئازادیی تامیل سەرکردایەتی دەکرێتو لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی کێشەیەکی نەتەوەیین، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژیی لەلایەن (٣٢) وڵاتەوە، بە تیرۆریست ناسراون.

ئاپۆرەی تامیلەکان دەگاتە زیاتر لە (٧٧) ملیۆن کەس کە بەشی زۆریو نزیک بە (٦٥) ملیۆن کەسیان لە هندستان دەژین، لە یەکێک لە ویلایەتەکانی ئەو وڵاتە بە ناوی تامیل نادو کە سەربەخۆ نین، ٨٨٪ تامیلەکان هیندوس، ٦٪ مسوڵمانو ٥،٥٪یشیان مەسیحین، زمانو کلتوورو مێژووی تایبەت بەخۆیان هەیەو لە مێژوودا بەشداری بەرچاویان هەبووە بۆ شارستانییەتو شارستانییەتی ئەو ناوچانەی کە ئێستا لە هندستان بە تامیل نادو ناسراوە، کە لە ڕابردوودا بە شارستانییەتی تامیل ناوبانگی هەبووە.

ژماری تامیلەکان لە سریلانکا زیاتر لە (٣) ملیۆن کەسە، بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئەو وڵاتەدا لە شەڕدابوون بۆ سەربەخۆیی، لەم دوایییەداو دوای نزیکەی (٣٠) ساڵ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بە سەرکردایەتی سەرۆکی ئەفسانەیی بزووتنەوەی پڵنگەکانی تامیل (ڤێلوپیلەی پرابهاکاران)، بۆ جارێکی دیکە خاکەکەیان داگیرکرایەوە، (ڤێلوپیلەی پرابهاکاران) وەک تیرۆریست ناسرابوو، بەڵام بە ڕای چاودێران ئەوە هیچی لە شەرعیەتی کێشەی تامیلەکان کەم نەکردووەتەوەو زۆرجار بەهۆی بەرژەوەندی زلهێزەکانەوە، تۆمەتی وا دەدرێتە پاڵ گروپە ڕزگاریخوازەکان، ئەگەرچی پێشێلکاریی دەوڵەتەکان لەوان زیاتریش بێت.

پڵنگەکانی ڕزگاریخوازی تامیل لە ١٩٧٦دا بە سەرۆکایەتی (ڤێلوپیلەی پرابهاکاران) دامەزراوە، لەماوەی نزیکەی سێ دەیە لە شەڕی نێوان ئەوانو حکومەتی سریلانکا زیاتر لە (٧٠٠٠٠) کەس بوونە قوربانی، بە دامەزراندنی پڵنگەکان، ئەوان توانییان سەرنجی زۆری گەنجەکانی تامیل بۆ خۆیان ڕابکێشنو بە کردەوە بوونە نوێنەری براڤی ڕزگاریخوازی تامیل.

پڵنگەکان لە ٢٠٠١دا ئاگربەستیان ڕاگەیاندبوو، ڕاشیانگەیاند واز لە داواکاری سەربەخۆیی دەهێننو بەجۆرێک لە دەسەڵاتداریەتی خۆجێیی ڕازی دەبن، لە ٢٠٠٢دا بە ڕەسمی ئاگربەست لەنێوان ئەوانو دەوڵەتی ناوەندی سریلانکا مۆرکرا کە نەرویجو وڵاتانی ئەسکەندەنافیا چاودێری ئەو ئاگربەستەیان دەکرد، هەردوولا بۆ شەش جار گفتوگۆیان کردو دواتر لە ٢٠٠٣دا پڵنگەکان پێشنیازی ئیدارەیەکی هاوبەشی کاتییان کرد کە لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە پێشوازی لێکرا، لە ٢٠٠٥دا ئەوان بایکۆتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەیان کرد، کە دەوترێت ئەوان ڕێگایان بە خەڵکی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان نەدابوو بەشداری دەنگدان بکەن، ئەو کردەوەیە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئیدانە کرا.

لە ٢٠٠٩دا شاری کیلینوچیچی کە وەک پایتەختی دیفاکتۆی تامیلەکان وابوو، لە دەست ئەوان سەندرایەوە کە زیانی مەعنەوی گەورەی لەوان داو بووە هۆی کەمبوونەوەی لایەنگرانیان.

لە ١٧ی ئەم مانگەدا (سێلیڤێرا پاسماناسان) ڕایگەیاند، شەڕ لەنێوان ئەوانو حکومەتی سریلانکا گەیشتووەتە کۆتاییە ناخشەکەی، هاوکات لەگەڵ ئەوەش سریلانکا سەرکەوتنی ڕاگەیاند، هاوکات تەرمی پرابهاکاران لە تەلەفزیۆنی ڕەسمیی ئەو وڵاتەوە پیشاندەدرا، کە خۆی لە خۆیدا دەستپێکردنی قۆناغێکی تازەی دەگەیاند.

باڵی سیاسی پڵنگەکانی تامیل، هێرشی سوپای سریلانکا بۆ سەر ئەندامانی سەرکردایەتی گروپەکەیان کە لە دورگەیەکدا گەمارۆ درابوون، هەموویان لەلایەن سوپای سریلانکاوە کوژران، بە هەوڵێکی کۆمەڵکوژییو تاوانی شەڕ دەزانن‌و لە سایتێکی نزیک بە خۆیان بە ناوی تامیل نێت، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک نەتەوەی تامیلیان لە زیندووبوونی (ڤێلوپیلەی پرابهاکاران) دڵنیا دەکردووە، بەڵام دواتر ڕایانگەیاند کە سەرکردەکەیان لەپێناوی پاراستنی (سەروەرییو مافی نەتەوەکەی) شەهید بووە. بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پڵنگەکانی تامیل (پاسماناسان)، داوای لە یەکێتی ئەورووپاو کۆمەڵی نێودەوڵەتی کردووە کە لێکۆڵینەوە بکات لە کۆمەڵکوژیی سەرکردە سیاسییەکانیانو خەڵکی مەدەنی کە لەلایەن سوپای سریلانکاوە کوژراون، بێئەوەی لە شەڕدا بەشداربووبن.

ماوەی چەند ڕۆژێک ئاژانسەکان هەواڵی هاودژیان لەسەر کوژرانی (پرابهاکاران) بڵاودەکردەوەو بەرکەوتن یان مانەوەی پرابهاکاران لە تارماییدا بوو، بەڵام دواتر پڵنگەکانیش دانیان بە کوژرانی سەرکردەکەیاندا نا.

بە ڕای چاودێران، مردنی (پرابهاکاران) سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی تازەیە کە تێیدا بە مردنی سەرکردەی ئەفسانەیی تامیلەکان (ڤێلوپیلەی پرابهاکاران)، خەباتی نەتەوەی تامیل ڕاناوەستێتو خەونی ئەوان بە شێوازی دیکە درێژە بە ژیان دەدات.

میدیا جیهانییەکان باس لەوە دەکەن، کە سریلانکا دەستیکردووە بە بردنی مێردمنداڵانی تامیل کە نیگەرانی تازەی دروستکردووە، لەکاتێکدا کە ئاوارەکانی تامیل زۆر لە زەحمەتدانو کۆلۆمبۆ ڕێگرە لەبەردەم گەیاندنی یارمەتی مرۆیی پێویست بەوان.

ڕۆژنامەی (نیۆرک تایمز) لە سەروتاری ٥/٢٦دا باسی بارودۆخی نالەباری تامیلییەکانی کردووەو نووسیویەتی (لەو شەڕەدا هیچ کەس براوە نییەو ترسی ئەوە هەیە کە سریلانکا هەموو تامیلەکان وەک لایەنگری پڵنگەکان ئەژماربکاتو درێژە بە پێشێلکردنی ئەوان بدات).

لەگەڵ ئەوەدا کە (پرابهاکاران) بە تیرۆریست ناسرابوو، بەڵام سۆزی خەڵکی زۆرو دیاسپۆرای تامیلی کە خاوەنی پێگەی بەهێزن لە سەرانسەری جیهاندا، هەژاند. ڕۆژنامەی بەناوبانگی کەنەدا (گلوب ئاند مەیل) بەشێوەیەکی زۆر دراماتیک مردنی (پرابهاکاران)ی وێناکردبوو، وەک ئەوەی کە لە تراژدیای گەلێک دەچوو کە فروشرابوونو گەلەکۆمەکەیان لێکرابوو.

(گلوب ئاند مەیل) نووسیبووی (تەنانەت لەکاتی مردندا چاوەکانی ڤێلوپیلەی پرابهاکاران سەرنجڕاکیشترین وێنە بوون، تەواو کراوەو ڕوون، وەک ئەوەی لە ئامانجێک بڕوانن، بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ تامیلەکان هیواکانیان بەو چاوانەوە گرێدابوو).





# گۆڕانکاری سیاسیی، لەنێوان خەونو بەرنامەدا

**هاوڕێ تۆفیق**

مەتەڵی گۆڕانی سیاسیی لە کوردستان لە ئەمڕۆدا زیاتر لە هەر بابەتێکی دیکە، گرنگیو مشتومڕو گرەوی لەسەر هەیە. وشەی گۆڕانکاری هەڵگری چەندین مەدلولی سیاسی جیاوازە، هەر گروپەو هەر هێزە بەو شێوەیەی کە خۆی بە دروستی دەزانێت باسی گۆڕانکاری دەکات، ئەم بارودۆخە بە چەشنێک قسەی لەسەر دەکرێت، ناڕۆشنییەک، چاکتر، دیدێکی قوڵی فیکری سیاسی، کە قسە لەسەر مۆدێلو ناوەڕۆکی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە بکات تا ڕادەیەک ڕۆشن نییە، واتە لەئێستادا بە هەموو ئەوانەشەوە کە بەرهەمهێنەری دۆخێکی ئیفلیجی سیاسین، یان ئەوانەی هوشیارییو دیدی سیاسییان بۆ گۆڕانکاری دیدێکی لیبراڵانە نییە، ئێستا هەموو قسە لەسەر گۆڕانکاری دەکەن.

ویستی چاککردنی وڵات بووەتە ویستێکی نیشتمانی جەماوەریی، سروشتی هێزی سیاسیش وایە، لەکوێ زانیتی ئیرادەی جەماوەری هەیە، دەیەوێت بەدوای ئەو دەنگەدا بڕواتو خاوەندارێتی بکات، بۆ شرۆڤەکردنی ڕەوشی سیاسی کوردستان دەبێت لەسەر پرسیارێکی جدیی هەڵوێستە بکەین، هەرێمی کوردستانو ئەو کێشە ناوخۆییانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، ئاخۆ پەیوەستن بە خراپی ڕەوشی بەڕێوبردنەوە (کێشەیەکی ئیدارین)؟ یان لە جەوهەردا لەبەردەم قەیرانی مۆدێلێکی حوکمڕانی سیاسیدایین؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت لەسەرەتادا سەیری شێوەی مۆدێلی سیاسی ئێستا بکەین، دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان دەسەڵاتێکی بانگەشەکەرە، نەک هێزی خاوەن ئیرادە، بەو مانایەی بانگەشەی دروشمی گەورە دەکات، بەڵام لە هەناویدا هێزی شاراوەی پاوانخوازیی نەرجسی دەسەڵاتخوازو بەرژەوەندیخواز ئاراستەی دەکات، لەڕووی زانستییەوە ناتوانین ئەم مۆدێلە سیاسییەی ئێستا پۆلێنبەندییەکی ئەکادیمی بۆ بکەین، نە مۆدێلێکی لیبراڵە، نە مۆدێلێکی ئیسلامییە، نە سۆشیال دیموکراتە! بەڵکو مۆدێلێکە جگە لە ئاستە عەمەلیەکەی کە کێشەی گەورەی خراپی ئەدای هەیە، بەڵام لەڕووی گوتاری فیکریشەوە لە قەیرانێکی گەورەی سیاسیدایە، بەو مانایەی کۆنسێپتی فیکری دەسەڵات بەگشتیی بۆ ژیانو ئازادییە کەسیو گشتییەکانی چین؟ نادیارە.

لە شوێنێکدا هێزەکە پارێزەری ئایینەو بە دیوێکی دیکەدا لە هەندێک دۆخدا پاسەوانیەتی، هەروەها لەهەندێک کاتی دی باسی مەدەنیەتو ئازادیی تاک دەکات، لە کاتێکی دیکەدا هێزێکە بەرگێکی ناسیۆنالیزمی دەپۆشێت، بەڵام لەڕاستیدا هیچیان نییە، بەڵکو مۆدێلە بە سیاسەتی ڕازیکردنی ڕۆژ کاردەکات، ئەو سیاسەتەی ئەم هەرێمەی تەواو زامدار کردووەو پاشانیش قەیرانی گەورەی بۆ خودی خۆشی بەرهەمهێناوە، لێرەوە تێگەدەین بەڵێ لە کوردستان کێشەی سەرەکی (قەیرانێکی سیاسییە)، لە قەیرانی سیاسیدا چەند ئەگەرو گریمانەیەک بەشێوەیەکی خۆڕسکو پەرچەکردارانە دروستدەبن، ئەگەرێک تووڕەی جەماوەرییە کە تووڕەییەکی پەرچەکردارییە، لەم ئەگەرەدا جەماوەر ئەوەندەی بەلایەوە گرنگە بارودۆخەکە بگۆڕێت، ئەوەندە دۆخی دوای ئەوەی چی دەگوزەرێت بەلاوە گرنگ نییە، دروست پرسیاری ئەو لەسەر گۆڕینی ئێستایە، نەک ئەی دوای ئەمانە چی دەبن؟ ئەم هەستە فراوانە جەماوەرییە بۆ خۆی بزوێنەرو فاکتەرێکی گرنگی گۆڕانکاری سیاسییە، بەڵام وەستانو مانەوە لەم ئەگەرەدا بەبێ بوونی نوخبەیەکی سیاسی بەرنامەڕێژی جدیی، کە بتوانێت ئەو مۆدێلە لە پەرچەکردارێکی جەماوەرییەوە بۆ ئیرادەیەکی سیاسی بەرنامەڕێژ بگوازێتەوە، ئەوا دوور نییە ئەم ئەگەرەیان لە ڕەواندنەوەی تووڕەییەک تێپەڕ نەکات، ئەگەری دووەم، بوونی بەرنامەیەکی سیاسییە کە دەیەوێت دەستکاری نەخشەی سیاسی هەرێم بکات، واتە لە بنەڕەتدا ئەو سەیری دۆخەکە دەکات، وەک ئەوەی هەموو خراپییەکانی کارگێڕیو داراییو ئیدارییو کێشەی سیاسینو پەیوەندییان بەشێوەی حوکمکردنو ئەو ئەخلاقە سیاسییەی لە ڕۆحی ئەو هێزانەدایە، هەیە، واتە ئەم ئەگەرەیان ئەگەرێکی بەتەنیا پەرچەکرداری نییە، بەڵکو ئەڵتەرناتیڤە، واتە دوو مۆدێل بەگشتی ڕۆشن دەبێت، شێوەیەکی پەرچەکرداریو شێوەی ئەڵتەرناتیڤی، لەنێوان ئەو دوو جۆرە لە گۆڕانکاری سیاسیی، جیاوازی گەورەو جەوهەریی هەن، یەکەمیان لەپێش ڕووداوەکانەوە نییە، بەڵکو تووڕەییو ماندوویەتی دەییات بۆ گۆڕانکاری، بەڵام لەشێوەی دووەمدا، نا، ئەو لەپێش جەماوەرەوەیە، ئەو هێزێکە دەیەوێت دەستکاری ژیان بکات، بەبێ زیادەڕۆیی دەیەوێت شەڕی مێژوو بکات، بەو مانایەی ئەو لەپێش هوشیاری جەماوەرییەوەو بەتەنیا نارەزاییەکان دروستیان نەکردووە، کە بێگومان ئەوەی بۆ خۆی گرنگە، بەڵکو ئەو هوشیارێکی قوڵی فەلسەفی ڕایچڵەکاندووە، بە وێنە ئەو وێنەیەکی دیکەی هەیە بۆ ژیان، مانایەکی دیکەی هەیە بۆ دادپەروەریی، خاوەن پێناسەیەکی تازەیە بۆ ژیانو ئازادیی.

لێرەوە دەبێت لە ڕەوشی کوردستان تێبگەین، ئاخۆ خەونی گۆڕانکاری سیاسیی هەڵگری هەستێکی پەرچەکردارییە؟ یان هێزێکی ئەڵتەرناتیڤی خاوەن فیکرە کە لەپشتییەوە ئیرادەی جەماوەریشی هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت لە داهاتوویەکی نزیکدا سەیری گوتارەکان بکەین، تا لەوێوە ئەو ڕۆحە سەرەکییەی لە هەموو پرۆسەیەکی گۆڕانکاری سیاسیدا لەپێشەوەی هەموو شتەکان ئامادەیی هەیەو لەئێستادا ونە، ئەویش بەرنامەی فەلسەفیو فیکری گۆڕانکاری سیاسییە، بەڵام لەئێستادا خەونێک هەیە کە لەپشتییەوە ئیرادەیەکی جەماوەری هەیەو فاکتەرە زەمەنیو بابەتییەکان پاڵنەرین بۆ سەرخستنی پرسی گۆڕانی سیاسی، بەڵام ئەم دەرفەتە پێویستی بە هوشیاری فیکری تازەیە، تا هەموو ئەو ئیرادەو دەرفەتانە بکاتە نەخشەڕێگای گۆڕانی بنەڕەتی لە کوردستان.

# گۆڕانی ریشەیی لە هزردایە نەک لە فۆرمدا

**ئومێد عوسمان**

ئەگەر سەیرێکی وڵاتانی کەنداو بکەین، دەبینین لەڕووی فۆرمەوە تەواوی سیماو شەقڵەکانی مۆدێرنەی لەخۆگرتووە، کە فەزڵی ئەوەش بۆ ئەو داهاتە زۆرو زەوەندەی پێترۆڵ دەگەڕێتەوە کە لە ناوچەکەدا هەیە، بەڵام لەئاستی کلتووریی‌و سیاسیدا ئەو وڵاتانە بچووکترین خەسڵەتو سیمای مۆدێرنەیان تێدا نییە، تائێستاش باڵادەستی نەزعەی عەشایریو ئایینی پێوەدیارەو مافەکانی مرۆڤ بەزەقی پێشێل دەکرێت، هەرچەندە لەڕووی ئابوورییەوە پێشکەوتووە. دیارە پێشکەوتنی باری ئابووری بەبێ پێشکەوتنی ڕووە کلتووریو سیاسییەکان، ناتوانرێت بوترێت ئەو وڵاتە یان ئەم وڵاتە گەیشتووەتە ئاستێکی تەواو پێگەیشتوو، هەرچەندە مۆدێرنە ڕووە ئابوورییەکەی دەکەوێتە پێش ڕووە کلتووریو سیاسییەکەیەوە، بەڵام پشتگوێخستنی ئەو ڕووەی دیکەی مۆدێرنە وادەکات سیستمی سیاسی ناکامڵ بێت، هەروەک ئەوەی لە سەردەمی نازیو بەعسییەکاندا هەبوو، بۆیە ئەو پێشکەوتنەی کە لەڕووی ئابووریو تەکنەلۆژیادا لە کەنداودا هەیە، مانای ئەوە نییە ئەو وڵاتانە پێگەیشتوونو عەقڵە سیاسییەکانی دیموکراسیخوازو کراوەن، بگرە ئەو دواکەوتنە سیاسییەی لە وڵاتانی کەنداودا هەیە، بەردەوام بووەتە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتانە ڕووبەڕووی ڕەخنەو گازندەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ببنەوە لە بەرامبەر پێشێلکارییو پشتگوێخستنەکانی مافی مرۆڤدا.

خۆ ئەگەر بەراوردێک لەنێوان وڵاتانی کەنداوو هەرێمی کوردستاندا بکەین، ئەوا دەبینین زۆر لەیەکەوە نزیکن، بۆ نموونە هەرێمیش بەئاراستەی گەشەکردنی فۆرمو ئابوورییەکەیدا دەڕوات، بەڵام ڕووە سیاسیو کلتوورییەکەی تەواو داماوەو کۆپییەکی وڵاتانی کەنداوە، ئێرەش وەک وڵاتانی کەنداو بنەماڵەکان باڵادەستنو نەزعەو پێوەرە عەشایریو ئایینییەکان حوکم دەدەن. لە هەرێمیشدا بەشێوەی وڵاتانی کەنداو زۆرێک لە سەرمایەدارو بازرگانەکان یان سەر بە بنەماڵەکانن یاخود گرێدراوی سیاسییەکانن، ڕوویەکی دیکەی هاوشێوەیی نێوان ئێرەو ئەوێ لە سیفەتە هاوبەشەکانی نێوان بەشێک لە سیاسییەکاندا خۆدەبینێتەوە، کە خەمی سەرەکیان گرنگیدانە بە فۆرمو بەدەستهێنانی سەرمایە لەبری مەعریفەو هەوڵدان بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەکانیان، بۆیە پێویستە گۆڕانی ریشەیی لە هزرو عەقڵیەتو کلتوورو سیاسەتی هەرێمدا بکرێت، ئەگینا پێشکەوتنی تەلارسازییو فۆرمەکان مانای ئەوە نییە ئەم هەرێمە دیموکراسییەو ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرێتو ئازادییەکان بەرقەرارن، هەربۆیە دەسەڵاتی کوردی بەردەوام ڕووبەڕووی ڕەخنەو گازندەی ڕۆژنامەنووسانی ناوخۆییو بیانیو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەبێتەوە.

دیارە مەفهومی گۆڕان زیاتر لەسەر دەستی مارکسییەکان برەوی پێدرا، کاتێک کە تەئکیدیان لەوەکردەوە جیهان پێویستی بە گۆڕانە نەک شرۆڤەکردنی.

ژاپۆنییەکان لەپێناو گۆڕانکاریی ریشەییدا پەنایان بردەبەر پراکتیزەکردنی چەمکی (کایزن-KAIZEN)، کە وشەیەکی لێکدراوی ژاپۆنییە.

KAI =گۆڕان، ZEN = بەرەو باشتر، پراکتیزەکردنی ئەم چەمکە لە شوێنەکانی کارکردندا بۆ ئەوەبوو ژاپۆن لەو نەهامەتیو ماڵوێرانییە رزگاربکەن کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕووبەڕووی ببووەوە.

(کایزن) بۆ ڕێگرتن بوو لە بەفیڕۆدانی جۆرەکانی مۆدا (MODA)، واتە کارە بێسوودەکان کە لەکاتی کارکردندا ڕوودەدەن.

ئەوجۆرە هەوڵەی ژاپۆنییەکان بۆ خۆڕزگارکردن بوو لە ڕۆتینو کارکردنی جدیی بۆ دروستکردنی ئایندەی نەوەکانیان، کە هەرئەوەش بوو وڵاتەکەیانی گەیاندە ئەو ئاستەی کە ئێستا لەڕووی ئابووریو سیاسیو کلتوورییەوە پێیگەیشتووە، بەڵام لە کوردستاندا چەندان ساڵە باس لە گۆڕانکارییو ریفۆرم دەکرێت، بێئەوەی توانرابێت گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ کرابێت کە مایەی سەرنج بێت، بۆیە پێویستە دەستوبرد بکرێت لە ڕێگرتن لە بەفیڕۆدانی کاتی زیاتر هەروەک ئەوەی ژاپۆنییەکان کردوویانە، بۆئەوەی گۆڕانکارییەکی ریشەیی بکرێتو تیۆرەکان لەمەڕ ریفۆرمو گۆڕانکاریی لە گۆڕەپاندا پراکتیزە بکرێت، ئەگینا بەتەنیا قسەکردن لەسەر گۆڕانکاریی، هیچ مانایەکی نابێتو گەشەکردنمان تەنیا لە فۆرمدا دەبێت، کە ئەوەش گەشەکردنێکی ناکامڵەو تەنیا کۆپییەکی وڵاتانی کەنداوە، تەنانەت ئەوانەی نەخشەی گەشەپێکردنی فۆرمیش دادەڕێژن کەسانی بیانین نەک عەرەبەکانی کەنداو.

**پێویستە گۆڕانی ریشەیی لە هزرو عەقڵیەتو کلتوورو سیاسەتی هەرێمدا بکرێت، ئەگینا پێشکەوتنی تەلارسازییو فۆرمەکان مانای ئەوە نییە ئەم هەرێمە دیموکراسییەو ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرێتو ئازادییەکان بەرقەرارن**

# حکومەت وەک ساحیر



**عەبدوڵڵا ڕێشاوی**

لەگەڵ دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنەکانی مانگی تەمموز، بەپەلە حکومەت لە ئیدارەی سلێمانی کەوتە کارکردنو زیادکردنی پرۆژەکانی خزمەتگوزارییو درێژکردنەوەی کاتەکانی کارکردن بۆ درەنگانی شەو، هەر لەو وادەیەوە ئیدی شارەوانیی سلێمانی بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشو سەیرو ساحیرانە کەوتە ئیشکردنو قیرتاوکردنی شەقامە چاڵچاڵاوییە فەرامۆشکراوەکانی سلێمانیو چەندین پرۆژەی دیکە، بەڵام ئەم پرۆژە بەپەلانەی حکومەت لەم کاتەدا نەک هەر نابنە مایەی ستایش، بەڵکو لای خەڵکی هۆشیار دەبنە جێگای دەیان پرسیارو لەگەڵ خۆیان سەدان ئاماژەی سەرسوڕمان دەوروژێنن!

دیارە ئەنجامدانی ئەو پرۆژانە پێشتر پێویست بوونو حکومەتیش توانای جێبەجێکردنیانی هەبووە، بەڵام ئەی کەواتە بۆچی تائێستا ئەنجام نەدراون؟ پێویست نەبوون یان حکومەت وەک هەندێک لە بەرپرسەکان دەڵێن، توانای جێبەجێکردنی ئەو هەموو پرۆژانەی نییەو دەسەڵاتی دیاریکراوە؟ بێگومان قیرتاوکردنی ناو شاری سلێمانی لە وادەی شەوو ڕۆژێکداو سەرپێخستنی دنیایەک پرۆژەی دیکە بە بۆنەی هەڵبژاردنەوە، سەلمێنەری ئەوەیە کە تائێستا حکومەت درۆی لەگەڵ خەڵک کردووەو ئەو جۆرە قسانەش ڕاکردن بووە لە جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشان، ئەمەش کە ئێستا دەکرێت بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانە، وەک بانگەشەی هەڵبژاردن کە لە بنەڕەتدا ئەو خزمەتگوزاریانە مافێکی ئاسایی خەڵکو ئەرکێکی ڕۆژانەی سەرشانی حکومەتەو ناکرێت وەک بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێت.

لێرەوە ناچارین بڵێین ئەم حکومەتەی ئێمە ڕۆڵی ساحیرو جادووگەر دەگێڕێت، چاوبەست لە خەڵکی دەکاتو لە پێشبڕکێیەکدا نمایشی هێزی خۆی دەکاتو دەیەوێت تا وادەیەکی دیاریکراو سەرنجیان ڕابکێشێت، هەر پاش تەواوبوونی ماوەی پێشبڕکێکەش، شتەکان وەک خۆیان لێدێتەوەو سیحری ساحیران بەتاڵ دەبێتەوە.

لێرەوە پرسیارێکی دیکە کە پرسیاری (کوالێتیە) جارێکی دی یەخەی پرۆژە بەپەلەکانی ئەم ماوەیەی حکومەت (ئیدارەی سلێمانی) دەگرێتەوە، ئایا ئەو پرۆژانە لەڕووی کوالێتییەوە تەواون؟ هیچ گەرەنتییەک نییە ئەو شەقامانەی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لە شەوو ڕۆژێکدا قیرتاو دەکرێن، لەژێر پشکنینی تاقیگەدا دەربچنو بۆ چەند ساڵی دواتر خۆبگرن! بەڵکو لەگەڵ بەتاڵبوونەوەی سیحرەکەدا، ئەوانیش هەڵدەوەشێنەوە.

وروژاندنی پرسیاری کوالێتی لەسەر پرۆژە بەپەلەکانی هەڵبژاردن، ستەمکارانە نییە، ئەگەر پێشینەی کارو چالاکییەکانی لەمەو پێشی حکومەت لەڕووی کوالێتییەوە بەبیر خۆمان بهێنینەوە، ئیدی لەم ڕووەشەوە جارێکی دی کارەکانی حکومەتەکەی ئێمە لە کاری ساحیر دەچێت، چونکە ئیشی ساحیر بێ کوالێتییەو وەهمە.

reshawyaxt@yahoo.com



دانا نوری

# ئۆباما... شۆڕشێکی نوێی جیهانیی

**(بـــەردەوام ئیمپراتۆرییەتێک دادەچێت‌و شارستانییەتی نوێ لەجێی بالاّ دەکات).**

وانەکانی مێژوو ئەم قانوونەیان فێرکردووین، ئەو دەمەی کریستۆڤەر کۆلۆمپس لەساڵی ١٤٩٢دا بۆ یەکەمجار لە کەناری زەمینێکی نوێ (کە دواتر بە ئەمریکا ناوبرا)، خۆی دەبینێتەوە، هەمان ساڵی تیاچوونی دوا مەمالیکی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بوو لە ئەندەلوس، کە غەرناتە بوو، وا رێکەوت کۆتابوونی شارستانی ئیسلامی لە ئەندەلوس، سەرەتای مێژوی جیهانێکی نوێ‌و شارستانییەتێکی نوێ بێت، کە ئەمریکای تەمەن (٥١٧) ساڵە.

ئەگەرچی ناوی ئەمریکا دوو کیشوەر دەگرێـتـەوەو زیاتر لە (٣٠) دەوڵـەت لەخۆدەگرێت، خـاوەن رێکخراوێکی ناوچەییە بەناوی (رێکخراوی وڵاتە ئەمریکییەکان)، کە بە (OAS) ناسراوە، لـێ لـە دووســەد ســاڵـی رابــردوودا تەنیا یەکێکیان لە هەموو رووەکانی شارستانی‌و ئابووری‌و سەربازیی‌و.. تاد، گەشەی کردو بووە مەزنترین دەوڵەتی دنیا، کە ئەویش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو بەتەنیا بووە خاوەنی ناوی ئەمریکا.

رووبەری ئەمریکا زۆر لە رووبەری هەردوو کیشوەری ئەمریکای باکوورو باشوور کەمترە، ژمارەی دانیشتووانی ناگاتە پێنجیەکی ئەو دوو کیشوەرە، بەلاّم کە دەڵێن ســەرۆک یان ئالاّ یان سوپای ئەمریکا، یەکڕا سەرنجمان بۆ سەرۆک یان ئالاّ یان سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەچێت، نەک بۆ سەرۆکی ئەرجەنتین یان ئالاّی بەرازیل یان سوپای کوبا!.

ویلایەتە یەکگرتووەکان یان ئەمریکا چەندین رووی هەیە، هەندێکی باش وەک ئازادیی‌و دیموکراسی‌و پێشکەوتنە زانستی‌و تەکنەلۆژی‌و گەردوونییەکان، هەندێک خراپ وەک ئەوەی کۆمەڵگایەکی مادیی‌و ئیستهلاکی‌و ئیباحی‌و تەنانەت بەکارهێنەرێکی نامەشروعی، هێزی زیاتر لە پێویست‌و داگیرکارە لە زۆر جێی دنیا.

لەوانەیە باراک ئۆباما لە دیدی زۆربەی جیهانەوە هیواو بەرجەستەکردنی رووە جوانەکانی ئەمریکای دادپـەروەریـی‌و یەکسانخوازی‌و جوامێریی‌و پەنای دیموکراسی‌و مافەکانی مـرۆڤ بێت، لەوانەیە هەڵبژاردنیشی بەڕاستی هەلێکی گەورە بدات بە بەدیهێنانی ئەم هیوایە، چونکە ئەو خۆی بەرهەمی رووە جوان‌و رووناکەکانی ئەمریکایە. ئۆبامای گەنج سوودی لە (هەلدان بە کەسانی شیاو) وەک یاریزانێکی سەرکەوتوو لە باسکە وەرگرت، دواتریش وەک خوێندکارێکی زرنـگ لە دوو زانکۆی هــەرە مەزنی ئەمریکا (کۆلۆمبیاو هارڤارد) وەرگیرا. باراک گەورەترین سوودمەندی (خەبات بۆ یەکسانی)ی شۆڕشەکەی قەشەی رەشپێست (مـارتـن لۆسەر کینگ)ە، کاتێک لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم بەرپایکرد، تا مافی خۆپالاّوتن‌و خۆکاندیدکردن بۆ رەشپێستەکانی ئەمریکا دەستەبەر بکات، بەمەش مافی (خەون)ی بۆ ئۆباما مسۆگەرکرد تا بگات بە هیواو خەونەکانی.

رستەی (من خەونم هەیە–I HAVE A DREAM)) ی مارتن لۆسەر کینگ، هاوارێک بوو لە گەورەترین گۆڕەپانەکانی واشنتۆن، لەساڵی ١٩٦٦دا کـراو بەر گوێی رەشپێستەکانی ئەمریکا کەوت‌و منداڵەکانیشیان بەدوایاندا دەیانوتەوە، لەنێویاندا باراک حسێن ئۆبامای شەش ساڵان بوو.

لەڕاستیدا سەرکەوتنی ئۆباما لە ژیانی سیاسیدا، سەرکەوتنێکی زۆر خێراو بێهاوتا بوو، تەنانەت ئەگەر بە ژیانی سیاسیی ئەمریکییە سپی پێستەکانیش بــەراوردی بکەین، لەکاتێکدا ئـەوان لەسەربەخۆییانەوە لە ١٧٧٦ تا چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، بەتەواوی دەستیان بەسەر دەسەلاّتی ئەو وڵاتەدا گرتبوو.

تا ٢٠٠٠ واتە تا (٩) ساڵ بەر لەئێستا، کەسێک نەبوو لـــەدەرەوەی ویلایەتی ئیلینوای، ناوی ئۆبامای بیستبێت.

ئـەم گەنجە خـۆی بـۆ ئەندامێتی پەرلەمانی ناوخۆی پـالاّوت، ماوەکەی تەواونەبوو کاتێک هەوادارانی داوایان لێکرد خۆی بۆ ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بپالێوێت، سەرکەوت‌و بەمەش توانی لە ٢٠٠٤دا ببێتە بچووکترین ئەندامی ئەو ئەنجومەنە.

ئەمجاریش خولی ئەندامێتی لەو ئەنجومەنە تەواونەکرد، تا جارێکی دی لێی داواکرا کە خۆی بۆ کاندیدکردن بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا تاقیبکاتەوە، لە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکاندا کێبڕکێیەکی سەخت لەنێوان ئەوو هیلاری کلینتۆندا روویــدا، هیلاری ئەندامی ئەنجومەنی پیران‌و هاوسەری کلینتۆنی سەرۆکی پێشووە، کە تائێستاش جەماوەرێکی زۆری هەیە ئەگەرچی (٨) ساڵە کۆشکی سپی جێهێشتووە.

هەموو گرەوەکان لەسەر هیلاری بوو، چونکە زۆربەی جەماوەرو بنکەکانی پارتی دیموکراتی خۆیان بە قـەرزاری هاوسەرەکەی دەزانن، سەرباری ئەوەی کە پلانی ئەو تەنیا بۆ سەرکەوتن لە کاندیدبوون بۆ سەرۆک کۆمارو (٤) چوار ساڵ سەرۆکایەتی نەبوو، بەڵکو بەرنامەی هەبوو بۆ بوون بە سەرۆک بۆ هەشت ساڵی ئایندە، بەلاّم رەشپێستێکی لاوازی خاوەن مێژوویەکی سەیر لە ویلایەتی هاوای، سەرباری گومان لە ئیسلامبوونی، لە دایکێکی مێرد کردو بە کەسێک لە ئەوسەری خۆرهەلاّتی ئاسیا، گەڕیدە بەدوی باوان‌و ریشەی خۆی لە کینیای ئەوسەری خۆرهەلاّتی ئەفریقا، گرەوەکە دەباتەوە.

هیلاری‌و زۆربـــەی ئەمریکییەکان سەرسام بوون کاتێک ئەم ناوە نوێیە توانی دەستی بگاتە چەقی ویژدان‌و بیرکردنەوەی ئەمریکییەکان، تیۆری‌و بۆچوونەکانی خۆی بڕێژێتە بەردەم گەلی ئەمریکایی، تواناکانی بەشێوەیەکی ناچاوەڕوانکراو دەتەقاندەوە، دەست بگرێت بەسەر سۆزی سێ چواریەکی گەلی ئەمریکا، تەنانەت بیل کلنتۆنی هاوسەری هیلاری لە ناوەڕاستی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، دانی بەوەدا نا کە (هیلاری لەگەڵ رکابەرێکی ئاسایی لە کێبڕکێدا نییە، بەڵکو هیلاری لەگەڵ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ(New Social Movement) کێبڕکێ دەکات، کە ئەمریکا لـەدوای شۆڕشی گەنجانی شەستەکانەوە وێنەی ئەو بزووتنەوانەی نەدیوە، یان وەک رووبەڕووبوونەوەی رەگەزپەرستی لە باشوری ئەفریقا).

بـەڵـێ بـاراک ئۆباما لەسەرشانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی گەنجانەی نوێ هاتەبوون، ئەوەش ئەو رابوونە بوو کە نە هیلاری نە هاوسەرەکەی نەیانتوانی تا کۆتا لەڕووی بوەستن.

دواتر جەنگ بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار هەڵگیرسا، زۆرکـەس گـرەوی لەسەر ئەوەکرد کە رەگەزپەرستی لە ئەمریکا تائێستا زیـنـدووەو خۆی سڕکردووە، سەرلەبەیانی ٢٠٠٨/١١/٤ بەئاگادێت، خۆی بە دەنگدان بۆ کاندیدی کۆمارییەکان ئاشکرا دەکات، کە سپی پێستە، یەکێکە لە قارەمانانی جەنگی ڤێتنام کە ئەویش جۆن ماکینە.

ئەنجامەکان ئاشکراکران‌و گەلی ئەمریکاو زۆربـــەی جیهان چاوەڕێی لەدایکبوونی مانگێکی نوێ بـوون، ئەو مانگەش بۆ یەکەمجار هەرچەند (رەش) بوو، بەلاّم پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، هەڵبژاردنی ئۆباما شۆڕشێکی کۆمەلاّیەتیی ناوخۆی ئەمریکی بوو بۆ گۆڕان.

لەبیرنەکەین کە هەر ئەمیریکییەکان بوون لە ١٧٧٦دا خۆیان لە دەستبەسەریی رزگارکرد، دوای ئەوەش لە ١٧٨٧دا لە یەکەم دەستووری نووسراوی دونیادا، ئازادیی‌و مافە مەدەنییەکان دیاریکرا، دواتــر شۆڕشێک فەرەنسییەکان لە ١٧٨٩دا بە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورەوە سەرکەوت‌و بەدوایاندا هەموو دنیای گرتەوە، ئەم شۆڕشەی ئێستای ئەمریکا دەبێت وەک شۆڕشێکی جیهانیی ئەژمار بکرێت، شۆڕشی یەکەم لە ئەمریکاو لەسەر دەستی دیموکراتەکان‌و ئۆباما سەریگرت، ئێستا ئێمەو جیهان چاو لەڕێی بەرپابوونی شۆڕشەکانی دوای ئەوین.

ئـەوانـی مـێـژووی شۆڕشەکانیان خوێندووەتەوە، دەزانن کەهەموو شۆڕشێک بە چەندین دروشمی سەرنجڕاکێشەوە خۆ نیشاندەدات، لە دەرگای هەندێک دەدات‌و ماڵی ئەوانی دیکە وێراندەکات، وەک چۆن لە شۆڕشەکانی دنیادا، هەندێک نائومێد بوون، شۆڕشە داهاتووە ئۆبامابییەکانیش هەندێکی دی نائومێد دەکات، بەتایبەت لە جیهانی دواکەوتوو و وڵاتانی هاوشێوەی خۆمان، بەتایبەت ئەو گەلانەی وەک ئێمە چاوەڕێن خەڵکی دیکە رێـی بەهەشتە ونبووەکانیان بۆ ببینێتەوە.

ئۆباما نە کەرکوک بۆ کوردو نە قودس بۆ عـەرەب‌و نە کشمیر دەگەڕێنێتەوە ، هەرکەس بۆ بەهەشت دەگەڕێت، پێویستە بـۆی تێبکۆشێت‌و خەباتی بۆ بکات، چۆن ئۆباما بۆی تێکۆشاو سەرکەوت، بۆ کوردیش هەرگیز دەرگا وەک ئێستا ئاوەلاّ نەبووە بۆ گۆڕان‌و هاورێی دنیای پێشکەوتوو.

> **ئۆباما نە کەرکوک بۆ کوردو نە قودس بۆ عەرەب‌و نە کشمیر دەگەڕێنێتەوە، هەرکەس بۆ بەهەشت دەگەڕێت، پێویستە بۆی تێبکۆشێت‌و خەباتی بۆ بکات**

پەراوێز:

١- Organization Of American States

٢- مـاوەی ئەندامێتی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا (٦) ساڵە، واتە دەبوو لە ٢٠٠٤ تا ٢٠١٠ ئەندام بێت.

٣- شۆڕشی گەنجانی ئەمریکا ئەو هەڵمەتەیە کە دژ بە جونسونی سەرۆکی ئەمریکا بـەر لە چل ســاڵ بەرپابوو، ناوبراوی تێدا لە دەسەلاّت خست.

# (رۆە موو هیون)و دەسەلاّتدارەکانی کوردستان

هەژیر کەمال

رۆژی (٢٣)ی ئەم مانگە هەواڵێکی سەرسوڕهێنەرمان لە میدیاکانەوە بیست، ئەویش هەواڵی مردنی سەرۆکی پێشووی کۆریـای بـاشـوور بـوو، بەلاّم ئەوەی کە هەواڵەکەی گرنگترو سەرسوڕهێنەر کرد، کە خۆکوشتنی بوو بە خۆفڕێدانی لە شاخێکی بەرزەوە! ئەم خۆکوشتنە دەرئەنجامی تێوەگلانی بـوو لە وەرگرتنی بەرتیل لەلایەن گــەورە سەرمایەدارێکەوە لەکاتی سەرۆکایەتیدا، کە ئـەوەش وایکرد رووبــەڕووی دادگا بکرێتەوە، بەلاّم ئەم سەرۆکە وەک لەو نامەیەی پێش خۆکوشتنەکەیدا نووسیویەتی، ئاماژەی بـەوەکـردووە پاڵنەری بۆ ئەم کارە شەرمەزاربوون‌و خەجاڵەتبوونییەتی بەرامبەر بە گەلەکەی! ئەو سەرۆکێک بـوو خـۆی بە پـارێـزەری مافەکانی مرۆڤ‌و خزمەتکارێکی راستەقینەی گەلەکەی دەزانی، بەلاّم ئێستاکە ئەمە پێچەوانە دەبێتەوەو دەبێتە کەسێکی گەندەڵ‌و بەرتیلخۆر، بەلاّم مەزنی‌و گەورەیی ئەم سەرکردەیە لەوەدایە کە ئامادەنییە وەک کەسێکی گەندەڵ (خیانەتکار) بـژی، بۆیە هـەر خۆی رەوایـەتـیـی دەدات کـە ســزای ئەو رەفـتـارەی لەلایەن خـودی خۆیەوە وەربگرێت.

لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەی کە قسەوباسێکی گەرموگوڕی لەسەرە، پرسی گەندەڵییە لەلایەن سەرکردەو فـەرمـانـڕەواکـانـەوە کـە پـڕاوپـڕی تەمەنی ئەم ئەزموونە، حوکمداری ئەم هەرێمەن! ئەم پرسە چەندین قەیران‌و تەنگژەی بەدوای خۆیدا هێناوە کە ئەم هەرێمەی رووبـەرووی داهاتوویەکی ناڕۆشن‌و نادیار کردووەتەوە، کە ئەمانە هەمووی لەئەستۆی فەرمانڕەواکانی ئەم هەرێمەدان، فەرمانڕەواکانی ئەم هەرێمەش پێکهاتوون لە دوو زلپارتەکە، ئـەو دوو زلپارتەی کە خۆیان بە واریسێکی شەرعیی دەسەلاّتی ئەم هەرێمە دەزانن، خۆیان بە پارێزەرو بەدیهێنەرێکی کۆی ئەم ئەزموونە ناوزەد دەکەن‌و گشت گەندەڵی‌و خراپ بەکارهێنانێکی دەســەلاّت بە چەند بەهانەیەکی سواو پەردەپۆش دەکەن، ئەویش خەباتی شـاخ‌و شەرعیەتی هەڵبژاردن‌و ئاسایشی نەتەوەیی (ئەمنی قەومی)و چەندانی دیکە، کە بۆخۆی ئەم بەهانانە دەمێکە بەرەو کاڵبوونەوەو دیماگۆگێت چــوون، چونکە خەباتی شاخ‌و خەباتی رزگاریی کە دەسەلاّتی کوردی بە سەروەرییەکی هەتاهەتایی دەزانـیـێـت بـۆخـۆی، یەکەم بۆخۆی شۆڕشی کـوردی کە تازەترینیان راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەدواداهات، ئەم راپەڕینە ئەگەر ئیرادەو گیانفیدایی گشت کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان نەبوایە، بەدینەدەهات، چونکە کە کـاتـێـک سـەرکـردەکـانـی شـۆڕش هاتنەوە شـارەکـان، ئـازادکـرابـوون لەلایەن جـەمـاوەرو پاشان گۆڕینی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان‌و لێدانی دەســەلاّتـەکـەی ئـەوکـاتـەی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوەو کـۆڕەوە بێشومارەکەی خەڵکی کوردستان نەبوایە، ئەم ئەزموونە بەدینەدەهات‌و نەدەپارێزرا، دووەم ئەوانەی کە لە ساتەوەختی راپەڕیندا لەدایکبوون، ئێستاکە مافی دەنگدانیان هەیە، ئەوانەی کە لەساڵانی پێش راپەڕیندا لەدایکبوون، تەنیا شەڕی ناوخۆی دوای راپەڕینیان لەبیردێت، ئیتر گوناهیان چییە کە نەتوانن بەشداربن لە دەسەلاّتدا!

شەرعیەتی هەڵبژاردنیش بۆخۆی شەرعیەتێکی بەتاڵە لە پرەنسیپەکانی هەڵبژاردنی سەردەمیانە، چونکە لـەم هەرێمە تەمەن (١٨) ســاڵــەدا، دوو هەڵبژاردن کراوە کە یەکەمیان دەرئەنجامەکەی شەڕی ناوخۆ بوو! هەڵبژاردنی دووەمیش هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ بوو، کە ئەمەش زیاتر لە راپرسی (استفتاء) دەچــوو، چونکە رکابەری‌و کێبڕکێی بەهێزی تێدا نەبوو، پرسی ئاسایشی نەتەوەیش کە ئەم دوو زلپارتە لە بەرامبەر ترس لەسەر بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان دەیوروژێنن، بۆ نموونە هاتنەگۆڕێی چەند لیست‌و قەوارەیەکی بەهێزو سەربەخۆیە کە لە تواناییاندایە لە بەرامبەر بەم دوو زلپارتەدا بوەستن، پارسەنگی هێز بگۆڕن‌و ئەم گۆمە مەنگە بشڵەقێنن، یەکسەر دوو پارتەکە پرسی ئاسایش‌و ترسی دەرەکی دەهێننەوە نـاوان، بەڵکو جاری واش هەیە دوو زلپارتەکە ئەو رەوت‌و قەوارەو لیستە نوێیانە تۆمەتبار دەکەن بە گێرەشێوێنو دەستی دەرەکی!

رۆژانــە دەبینین‌و دەبیستین کە میدیا لۆکاڵی‌و جیهانییەکان پـەردە لەسەر گەندەڵییەکی دیکەی دەسەلاّت هەڵدەدەنەوە، بەلاّم بەبێ ئەوەی ئەم دوو زلپارتە یاخود بەرپرسێک لەم دوو زلپارتە رۆژێک لە رۆژان دان بە راستیی گەندەڵیی خراپ بەکارهێنانی دەســەلاّت لەلایەن خودی خۆیانەوە بنێن، هەر بەرپرس‌و دەسەلاّتدارێکی ئەم دوو زلپارتە خۆی بە (گاندی‌و ماندێلاو گیڤارا) دەزانێت!

هیچکامێکیان ئامادەنین رووبەڕووی لێپرسینەوەو دادگاییکردن ببنەوە، بەهێزترین نموونەش سەرکردایەتیی کوردی ئامادەنییە دەزگای دەستپاکی (نەزاهە)ی عێراق بێتە هەرێمی کوردستان لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران بکات، بەبڕوای من ئەم سەرکردانەی ئێمە ئەگەر رووبەڕووی گەورەترین دادگای نێودەوڵەتی بکرێنەوە، گشت تۆمەت‌و گەندەڵییەکانیشیان بەسەرداساغبکرێتەوە، نەک ئامادەنین لە شاخێکەوە، بەڵکو ئامادەنین لەسەر کورسییەکانیشیان خۆیان بخەنە خوارەوە!

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٤٤٢ – R٥
پرۆژە: پرۆژەی ئیش و کاری ترافیک بۆ هەردوو یەکتربڕی (سید علی + ئاوارە) لە رانیە (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٤٢٦ – R٤
پرۆژە: نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی (شەقامی کوردستان + باخچەی شەهید بەکرە ریشە لە عەربەت) (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٤٠٠٠٠٠٠) چوارده ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٦٣ – R١
پرۆژە: گەیاندنی کارەبا بۆ باڵەخانەکانی راپەڕین.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٧٠٠٠٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٦١ – R٣
پرۆژە: دروستکردنی یاریگای تۆپی پێ بۆ بەشی ناوخۆی کەلار لە کەلار.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٧٠٠٠٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٥٩ – R١
پرۆژە: دروستکردنی بینای ماڵی وەرزشەوانان لە سلێمانی.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٥٠٠٠٠٠٠) سی و پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٦٢ – R١
پرۆژە: تەواوکردنی ئاوەڕۆی سندوقی زۆنی (A) لە راپەڕین.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ¬٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٢٠٠٠٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٢٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەریتی
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٢

ژمارە:
بەروار: ٢٠٠٩/٥/٢٧

**ئاگاداری**

داواکار/
داوا لەسەر کراو/ ڕێبین رفیق محمود
بۆ داوا لەسەر کراو (ڕێبین رفیق محمود) داواکار (ابراهیم سلیم صالح) لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمار کردویت بە ژمارە (٨٠/کشف مستعجل/٢٠٠٩) بە (نرخی زیانپێگەیشتوو) تایبەت بە موڵکی ژمارە (٩) سرشقام لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بە مەبەستی ئامادەبونت بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/٢٥) بە پێچەوانەوە ئامادە نەبیت دادگا بە غیابی داواکە دەبینێ.

**دادوەر**
**شکر سلطان عدو شاهین**

---

**الجمهورية العراقية**
**حكومة اقليم كوردستان**
**وزارة العدل**
**مديرية التسجيل العقاري العامة**
**دائرة التسجيل العقاري في السليمانيه**
**نموذج رقم (٣٠) تسجيل عقاري**
**اعلان**
**قرار تثبيت عائدية عقار مجددا**

**بناء على ثبوت عائدية تمام العقار سهما من تسلسل ٤٢٢ محلة چوارباخ الى طالب التسجيل على محمد عبدالله بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٢٠٠٩/٥/٢٥ الصادر من هذه الدائرة عليه نعلن هذا القرار و على من لديه اعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذا الاعلان و عند انتهاء المدة و عدم ورود اشعار من المحكمه باقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية.**

**مدير**
**دائرة التسجيل العقاري في السليمانيه/ الاولى**

---

کۆمپانیای بەڵێن شیروان حسێن
بۆ دروست کردنی کەل‌و پەلی پلاستیکی
بەردەستی یەک جار
پرۆژەی تاکەکەس

Ballen Sherwan
H. COMPANY FOR
Disposable
ڕۆژ: ٢٠٠٩/٥/٢٦

**ئاگاداری**

ئاماژە بە کۆنووسی بڕیاری کۆمپانیای (بەڵێن شیروان حسێن) بۆ دروستکردنی کەلوپەلی پلاستیکی / پرۆژەی تاکەکەس. تایبەت بە پاکتاوکردنی کۆمپانیاکە کە لە بەرواری ٢٠٠٩/٥/٤ بڕیاری لێدراوە، وە پاڵپشت بە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیا بە ژمارە (١٩٥٣) لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٨ کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ سلێمانی دەرچووە.
ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتیان‌و کۆمپانیاو دامودەزگا حکومی‌و ئەهلیەکان دەکەین کە هەرکەس‌و لایەنێک ماف‌و قەرزی لەلای کۆمپانیای (بەڵێن شیروان حسێن) بۆ دروستکردنی کەلوپەلی پلاستیکی/ پرۆژەی تاکەکەس هەیە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پاش بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە پەیوەندی بکات بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠١٥٦٣٨٩٣)، وە یان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکات لە سلێمانی. بە پێچەوانەوە دوای ئەو ماوەیە هیچ مافێکیان نامێنێت.

**پاکتاوکاری کۆمپانیا**
**دلێر فرج حمە صاڵح**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٤٢٦ – R٤
پرۆژە: نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی (شەقامی کوردستان + باخچەی شەهید بەکرە ریشە لە عەربەت) (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٤٠٠٠٠٠٠) چواردە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٥٩ – R١
پرۆژە: دروستکردنی بینای ماڵی وەرزشەوانان لە سلێمانی.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٥٠٠٠٠٠٠) سی و پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٦٢ – R١
پرۆژە: تەواوکردنی ئاوەڕۆی سندوقی زۆنی (A) لە ڕاپەڕین.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٢٠٠٠٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٧ – R١
پرۆژە: (فراوانکردنی قوتابخانەی کانی گۆران + دروستکردنی سیاج بۆ بینای فەرمانگەی کۆنترۆڵی جۆری) لە سلێمانی.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٣ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١٧ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٦/١٧ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٦٥ – R٥
پرۆژە: دروستکردنی دیواری سیاج و ژووری پاسەوان بۆ بینای ناحیە لە پیرەمەگرون.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٥٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن‌و پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٦٠ – R٥
پرۆژە: گەیاندنی کارەبا بۆ گەڕەکی ئاشتی لە قەڵادزێ.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٣٠٠٠٠٠٠) سیانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی


DRR Co.
RENAULT
مژدە
مژدە ...
کۆمپانیای الدرر مژدە دەداتە هاوڵاتیانی خۆشەویست کە نرخی سەیارەی رینۆی فەرەنسی و BYD صینی و کرۆنی کۆری
داشکاند بەهەموو قەبارەکانیەوە بەشێوەی قیست بۆماوەی (٢) ساڵ لەرێگای بانکی ( دیجلەوفرات ) ەوە
سافران 2009
18700$
کیرون ٢٠٠٩
22000$
BYD 2009
12100$
رینو سمبول ٢٠٠٩
12800$
لیفان ٢٠٠٩
9900$
رینو کلیو ٢٠٠٩
12200$
ناونیشان / سلێمانی ، شەقامی مەلیک مەحمود ، بەرامبەر چێشتخانەی کەبابی محسن
E-info.drr@gmail.com
07701462292 - 07480158777


بۆ بەرامبەر هێڵەکەت بوو بە نێودەوڵەتی
بۆ یەکەمین جار لە عێراقدا
گەڕانی وڵاتان
وڵات | عەرەبستانی سعودی | ئیمارات | قەتەر | کوێت | میسر | تورکیا | ئەردەن | جەزائیر
کاراکردنی تۆڕەکە | Jawal | DU | Qtel | Wataniya | Etisalat | Turkcell | Orange/Umniah | Djezzy
نرخی پەیوەندی هاتوو بۆ یەک دەقیقە 20 سەنتە و نامەی هاتوو بێ بەرامبەرە
تێبینی: نرخی پەیوەندیی و کورتە نامەی رۆشتوو بەپێی وڵاتە
ئاسیاسێل
www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١



nalia co.
گوندی ئەڵمانی دوو
پاکترین ژینگە لەبەرزترین جێگا
قەشەنگترین شوێنی نیشتەجێ بوون
پاش ئەنجامدانی پرۆژەی گوندی ئەلمانی‌و پرۆژەی کوردسیتی، کۆمپانیای نالیا مژدە دەدات کە پرۆژەی گوندی ئەلمانی دوو دەستی پێکرد.
ئێستا بەدڵی خۆت باشترین جێگەو روو لەپرۆژەی گوندی ئەلمانی دوو هەلبژێرە تا دوارۆژ وەک گوندی ئەلمانی یەک لەدەستی دووی نەگریتەوە.
شوقەی 145م² بەقیستی پێنج ساڵ‌و بە $80000
شوقەی 220م² بەقیستی پێنج ساڵ‌و بە $120000
بەبێ ئەوەی هیچ زیادەیەکیان بچێتە سەر
ئەم پرۆژەیە لە 320 شوقەو 104 ڤێلا پێکهاتووە.
لەڤێلاکانی پرۆژەی گوندی ئەلمانی دوودا مەلەوانگەو ساوناو شوێنی بلیاردو شوێنی وەرزش‌و باخچەی گەورەی تێدایە.
ڤێلاکان لە سێ نهۆم پێک دێن، بەم رووبەرانە:
1410م² 750م² 550م² 360م²
ناونیشان:
تەنیشت گوندی ئەلمانی یەک ـ بەرامبەر گەڕەکی توی مەلیک
بۆ پەیوەندی:
لەنۆرماڵەوە: 5700 لەمۆبایلەوە: 0535700
07701574880 - 07501574880
www.naliagroup.com

رۆژنامە
# خەڵک
٨ لاپەڕە
xalk.rozhnama@gmail.com 2009/5/31 یەکشەممە ژمارە (479)

**٦ ساڵە زانکۆو پەیمانگاکانی سۆران بەشە ناوخۆییان نییە**
ل ٢

**بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە گوندێک چۆڵ دەبێت**
ل ٢

# بە «نایاسایی» وەزارەتی تەندروستی بایی زیاتر لە ٩ ملیۆن دۆلار ئامێر لە کۆمپانیای سیمنس دەکڕێت



**وەزیری تەندروستی:**
**بۆچی لە کوردستان رۆژانە سەدەها گرێبەستی نایاسایی دەکرێت کەس قسە ناکات؟**
ل ٥

## بنکەی مەشقو پیشەیی هەریر کەلوپەلی تێدا نییە
ل٧

## کارەبای هەرێم لەنێوان قەیران و چارەسەردا


ل ٣

## ٢٥ ساڵ لە تینوێتیدا


ل ٤

www.netewe.com

# کارەبای هەرێم لەنێوان قەیرانو چارەسەردا

ئارام شێخ وەسانی

هەولێر

**وەزیـــری کـــارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بە گرفتەکانی کارەبا کرد لە هەرێمی کوردستان، جەختیلەوەشکردەوەکەهەوڵیانداوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.**

## وەرزی هاوینو گرفتی کارەبا

هۆشیار سیوەیلی، وەزیـــری کـــارەبـــای حکومەتی هەرێمی کـوردســـتـــان، لـــە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاند: بۆ وەرزی هاوین ئەوەی لەتوانامانداببێت بۆ دابینکردنی کارەبا، دەیکەین بۆ پێدانی (١٤ بۆ ١٦) سەعات کارەبای نیشتمانیی لە شـــەوو رۆژێکدا بۆ هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی. ئەوە لەکاتێکدایە کە چەند ساڵێکە هاوڵاتییان زۆربـــەی کاتەکانیان لە بێکارەباییدا بەسەردەبەنو دوای چەند پرۆژەیەکی وەبەرهێنان دەتوانرێت کارەبایان بۆ دابین بکرێت.

وەزیـری کارەبا باسی لەوەکرد کە پێشتر تەنیا وێستگەی دوکانو دەربەندیخان هەبوون بۆ دابینکردنی کارەبا، بەڵام لەبەر کێشەو گرفتی وشکەساڵی، دوکانو دەربەندیخان برە کارەباکەی وەک پێویست نەبووە، وتی: «لە ساڵی ٢٠٠٦دا تەنیا (١٨٦) مێگاوات کارەبامان هەبوو، لە ٢٠٠٧دا کەمبووەوە بۆ (١٣٦) مێگاوات، ٢٠٠٨یش تەنیا(٦٢)مێگاوات کارەبالەم دوو وێستگەیە بەرهەمهاتووە، لەبەر نەبوونی سەرچاوەی بەرهەمهێنانیش دەستمانکرد بە دانانی وێستگە، بۆ ئەو مەبەستەش هەماهەنگی کراوە لەگەڵ کەرتی تایبەتدا».

جەختی لەوەشکردەوە کە گرنگە پشت بە وزەی ناوخۆیی ببەستنو بەردەوامبن لە دانانی وێستگەکانو «ئێمە تەنیا ناتوانین پشت بە یەک سەرچاوە ببەستین، بۆ نموونە غازی سروشتی، واتە پێویستە جگە لەوە سوود لە ئاوو نەوتی رەشو باو وزە وەربگرین، بۆئەوەی ئەگەر گرفتیش لە یەکێک لە سەرچاوەکاندا دروستبوو، بەدیلی دیکەی هەبێت».

## ئاوابوونی دوکانو دەربەندیخان

هۆشیار سیوەیلی ئـامـاژەی بـــەوەکـــرد کـــە دەبـــێـــت ئـــاگـــاداری ئەوەبن وێستگەکانی کارەبا نەبنە هۆکاری پیسبوونی ژینگە، بەوپێیەی سەرچاوەکانی ئیشکردنیان بەشێکی لەلایەن حکومەتی هەرێمو بەشێکی دیکەشی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دابین دەکرێتو «دەتوانین بڵێین وەزارەتی کارەبا سوودێکی زۆری لە کەرتی تایبەت وەرگـرتـووە بۆ بەرهەمهێنانی کـــارەبـــا، بەشێکی دیکەشی بریتییە لـــە هاوکاریی قـــەرزی نـێـودەوڵـەتـی، بەتایبەت حکومەتی یابانو کۆریاو ئەمریکا، سەرچاوەیەکی دیکە فرۆشتی وزەیەو دەبێت لە داهاتوودا زیاتر پشت بە کەرتی تایبەتو ئەو داهاتە ببەستین کە لە وەزارەتی کارەبا کۆدەکرێتەوە لە فرۆشتنی وزەدا».

هەروەک هێمای بۆ کەمبوونەوەی بەرهەمی هەردوو وێستگەی دوکانو دەربەندیخان کرد، پێشبینی ئەوەش دەکات کە بۆ ئەمساڵ لە توانایاندایە کەمتر لە (٦٠) مێگاوات کارەبا بەرهەمبهێنن، وتی: «بڕی کارەبای هاتوو زۆر کەمە، ئێستا تەنیا بڕی (١٠٠) مێگاوات کارەبا دەگات».

وێستگەی (٧٥٠) مێگاواتی چەمچەماڵ کـە بـەشـی (یـەکـی) کەوتووەتە کار، (١٢٥) مێگا بەرهەم دەهێنێت، وێستگەی (٤٠٠) مێگاواتی کارەبای دهۆک کارەکانی دەستی پێنەکردووەو خاوەنی کۆمپانیاکە تووشی گرفتی مادیی بووە.

وێستگەی کارەبای بێخاڵ یەکێکی دیکەیە لە وێستگەکانی دابینکردنی کارەبا کە بە هاوکاریی حکومەتی کۆریا بەبڕی (٧) ملیۆن دۆلار جێبەجێ دەکرێت، «هەرچەندە بڕی کارەباکە کەمە، بەڵام لەبەرئەوەی بە ئـــاو کـــاردەکـــات، پرۆژەیەکی گرنگە، هەردوو وێستگەی دوکانو دەربەندیخان بە قـــەرزی بانکی نێودەوڵەتی بەبڕی (٤٠) ملیۆن دینار نۆژەن دەکرێنەوە»، وتیشی: «پرۆژەیەکی دیکەی هایدرۆپاوەرمان هەیە لە دێرەلوکە کە تواناکەی (٣٠) مێگاواتەو لەسەر قەرزی حکومەتی یابان بۆ حکومەتی هەرێم جێبەجێ دەکرێت، جگە لەوەش ئێستا سەرقاڵی دانانی وێستگەیەکی (٣٠٠) مێگاواتین لە خەبات».

## گرفتە سەرەکییەکانی کەرتی کارەبا

بەرزترین داخوازیی بۆ کارەبا لە ساڵی ١٩٩١دا، (٤٩٥) مێگاوات بووە، لە بەرامبەردا بەرزترین داخوازیی لە ساڵی ٢٠٠٨دا گەیشتووەتە (١٨٥٠) مـێـگـاواتو بـە رێـژەی ٢٧٠٪ زیادیکردووە، بەرپرسانی وەزارەتـی کارەبا هۆکاری ئەوەش بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانی خـەڵـکو پـرۆسـەی پـەرەپـێدانو گرانیی نرخی نەوتو غازو گازۆیل دەگـەڕێـنـنـەوە، بەشێکی دیکەی گرفتەکانی کارەبا کەمیی وێستگەی بەرهەمهێنانە کە (١١) وێستگەی گازۆیل بە توانای (٢٠٤) مێگاوات لە هەرسێ پارێزگای هەرێم هەیە، بەڵام لەبەر کەمییو گرانیی گازۆیل کەم بەکارهێنراون.

لەگەڵ زۆریی داخوازیی خەڵک لەسەر کارەبا، لەماوەی رابردوودا بەشە کارەبای هەولێرو سلێمانی لە کارەبای عێراق کەمکراوەتەوە بەشێوەیەک کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا لەبری (٣٤٧) مـێـگـاوات، (١٩٣) مێگاوات هاتووە، لە ساڵی ٢٠٠٨دا لەبری (٣٨٨) مـێـگـاوات، (١٦٥) مێگاوات هاتووەو لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩شدا بڕێکی کەم کارەبا گەیشتووە.

هەروەک کێشەی گواستنەوەی کارەبا گرفتێکی دیکەیە کە توانای هێڵەکانی گواستنەوەو وێستگە ناوەندییەکان سـنـووردارbوون، فشار لەسەر هێڵەکانو وێستگە ناوەندییەکان کێشەیەکی گەورەبوون بـۆ چـــارەســـەری ئـــەم گرفتە، پێویستبووە ژمارەو توانای هێڵو وێستگە ناوەندییەکان زیادبکرێتو

کۆنترۆڵی بـڕی بەکارهێنانی کارەبا بکرێت. سەرباری ئەوەش دابەشکردنی کـــارەبـــا گرفتێکی دیکەیەو فیدەرو محەویلەکان باریان زۆر لەسەرەو تۆڕەکان بەشێوەی دەوریو ساڵانە کاری چاکسازیان تـێـدا نـەکـراوە، جگە لـە کۆنیی پێوەرەکانی کارەبا.

وەزیـــــری کـــارەبـــا جـەخـت لـــەوەدەکـــاتـــەوە کـــە «کـــارەبـــا وەک ئـــامـــرازی گـــەرمـکـردنـەوە بەکارنەهێنرێت، هانی پاراستنی وزە بدرێت لە رێگای هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەو کەمکردنەوەی ئەو ئامێرانەی کارەبا زۆر بەکاردەهێنن، هەروەها هاوڵاتییان وەک پێویست پارەیان نەدەداو سەرپێچیی زۆربوو، زۆربـــەی فیدەرەکانی دابەشکردن هەواییینو نەخراونەتە ژێرزەویو بەرنامەو پلانێکی روونی پەرەپێدانو ئاوەدانکردنەوە نەبوو».

## هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەکە

بـەرپـرسـانـی کـارەبـا هێما بە هەوڵەکانیان دەکەن بۆ چارەسەری گـرفـتو قـەیـرانـی کـارەبـا کە ساڵانێکە هاوڵاتییانی کوردستانی گیرۆدەکردووە، هەرچەندە زۆرێک لەوانە بەهۆی کاری کەرتی تایبەتەوە کـەوتـوونـەتـە کـارو بەرهەمیان زیـادکـردووە، وێستگەی کارەبای هەولێر (پیرداود) بە توانای (٥٠٠) مێگاوات، وێستگەی کارەبای سلێمانی (چەمچەماڵ) بە توانای (٧٥٠) مێگاواتو وێستگەی کارەبای دهۆک بە توانای (٤٠٠) مێگاوات، وێستگەی کارەبای تاسلۆجە لە سلێمانی بە توانای (٥١) مێگاوات، وێستگەی کارەبای بێخاڵ لە هەولێر بە توانای (١,٢) مێگاواتو چەند وێستگەیەکی بچووکی مایکرۆهایدرۆ پاوەر بەشێکن لەو هەوڵانەن.

وەزیری کارەبا باس لەوەشدەکات کە لەلایەکی دیکەوە هەوڵدراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی وێستگەکانی دوکانو دەربەندیخانو دانانی وێستگەیەکی هایدرۆپاوەر بە توانای (٣٠) مێگاوات لە قەرزی یابانی، دانانی وێستگەیەکی (٣٠٠) مێگاواتی حـــەراری لەلایەن حکومەتی کۆریاو دانانی وێستگەیەکی هایدرۆپاوەر بەشێوەی (BOT)، لەم نزیکانەدا دیراسەی جەدواو دیزاینی وێستگەکە تەواودەبێت، دیراسەی جەدوا بۆ وێستگەی هایدرۆپاوەری دەڵـگـەو خـاڵـوانو گەلی باڵندەو وێستگەی هایدرۆپاوەری (باوەنور) لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی، دیراسەی جـەدوا بۆ (١٥) شوێنی وێستگەی بەرهەمهێنان لە وزەی باو ئەنجامدانی دیراسەیەک لەلایەن (JBIC)ی یابانی دەربـارەی پرۆژەکانی هایدرۆپاوەر لە هەرێمی کوردستان دەکرێن، بەڵام تائێستا ئەو وێستگانە تەنیا هەوڵ بوونو زۆربەیان نەکەوتوونەتە کار.



وێستگەی ٧٥٠ مێگاواتی چەمچەماڵ، بەرهەمی کەرتی تایبەت



گەڕەکێکی سلێمانی، راکێشانی کارەبا بە دار

## خوێندکاران خۆیان کارەباوو ئاوو خانوو دابیندەکەن

# ٦ ساڵە زانکۆو پەیمانگاکانی سۆران بەشە ناوخۆییان نییە

ئەحمەد باڵەکی

**تائێستا بینای هیچ بەشە ناوخۆییەک لە قەزای سۆراندا نەکراوەتەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە (٦) ساڵە زانکۆو پەیمانگا لە قەزاکەدا کراونەتەوە، خوێندکارەکانی دەرەوەی سنوورەکەش ناچارن خۆیان خانوو بەکرێ بگرن‌و پێداویستیەکانیان دابین بکەن.**

لەدوای ئازادکردنی عێراقەوە، کۆلێژی پەروەردەو دواتر کۆلێژی یاساو بۆ خوێندنی ئەمساڵیش هەردوو کۆلێژی بنیات‌و زمان کە سەر بە زانکۆی سەلاحەدینن، پەیمانگای تەکنیکی لە قەزای سۆران کراونەتەوە، بەڵام تائێستا هیچ بەشە ناوخۆییەک لە قەزاکە نەکراوەتەوەو سەرباری رەخنەگرتن لە نەبوونی بینای بەشە ناوخۆیی، خوێندکارانی سنوورەکەش ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرباری ئەوەی دەرماڵەی مانگانەیان کەمکراوەتەوە.

ئەبوبەکر حەمەد، خوێندکارێکی زانکۆیە لە قەزای سۆران، باسی لەوەکرد کە سەرجەمی خوێندکارانی کۆلێژەکان زیاتر لە (٤٠٠) خوێندکارن کە کێشەی بەشی ناوخۆییان هەیە، وتی: «جگە لە قۆناغی یەکەم کە کێشەیان کەمەو بەشە ناوخۆییان بۆ دابینکراوە، ئێمە بەو دەرماڵە کەمەی دەماندرێتێ کرێی کارەباو خانوو دەدەین‌و ئاوو نەوت دەکرین، جگە لەوەی زستانان زۆپامان نەبووەو ئێستاش کە وەرزی گەرمایە ساردکەرەوەمان نییە».

خوێندکارێکی کچی زانکۆکەش کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وتی: «سەرباری ئەو کەموکوڕیانە کە هەمانە، ئێمەی کچان پاسەوانمان نییەو شەوان دەترسین، تائێستاش هیچ بەڕێوبەرێتییەکمان نییەو کەس سەردانی نەکردووین بڵێت چیتان پێویستە».

رەوەند ئەنوەر، بەڕێوەبەری بەڕێوبەرێتی بەشە ناوخۆییەکانی سۆران، ئاماژەی بەوەکرد کە لە ٢٠٠٨/١١/٥دا بە بڕیاری سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین، بەڕێوبەرێتی بەشە ناوخۆییەکان لە سۆران کراوەتەوە، «ئێمەش تەنیا سەرپەرشتیاری قۆناغی یەکەم دەکەین‌و هەر چوار کۆلێژو قۆناغەکانی (٢و٣و٤)، ئێمە هیچ پێداویستییان بۆ دابین ناکەین‌و پەیوەندیشیان بە ئێمەوە نییەو ئەوان هیچ سەرپەرشتییان نییە».

بەڕێوەبەری بەڕێوبەرێتی بەشە ناوخۆییەکانی سۆران باسی لەوەکرد، کە خوێندکاری بەشە ناوخۆییەکان بڕی (١٠٠) هەزار دینار وەردەگرن‌و هەموو پێداویستیەکیان لەسەر خۆیانە، «بەڵام قۆناغی یەکەم بۆ کوڕو کچەکان خانوومان بۆ گرتوون بەجیا، بە هەموو پێداویستیەکانیشەوە، (٥٠) هەزار دینار دەرماڵەشیان دەدرێتێ، ئێمە داواشمان کرد کە خوێندکارەکانی دیکەش بخرێنە سەر ئێمە، بەڵام سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین پێی باش نەبوو، چونکە وتیان ئەم بەڕێوبەرێتییەمان نوێیە».

# بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە گوندێک چۆڵ دەبێت

ئاری تەقتەقی


**بەهۆی نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزارییەوە، زۆربەی دانیشتوانی گوندی ئۆمەرگومبەتی سەر بە ناحیەی سێگردکان لەسنوری قەزای کۆیە بەرەو شارو شارۆچکەکان کۆچیان کردووەو گوندەکەشیان بەرەو چۆڵبوون دەچێت.**

کەریم قادر، دانیشتووی گوندی ئۆمەرگومبەت، ئاماژەی بەوە کرد کە لەدوای راپەڕینەوە (١٢٠) خێزان گەڕاوەتەوە گوندەکەیان، بەڵام ئێستا بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە، زۆربەیان دووبارە بەرەو شارەکان کۆچیان کردووە، وتیشی: «ئەو گوندەی ئێمە لە هەشتاکان لانکەی شۆڕش بووەو قوربانییەکی زۆرمان داوە، دوای گەڕانەوەمان وتمان لەسایەی حکومەتی هەرێمەوە خزمەت دەکرێین‌و گوندەکەمان ئاوەدان دەکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە تائێستا ئێمە ئاوی خواردنەوەمان بۆ دابین نەکراوە، زۆربەی مەڕوماڵاتەکانمان فرۆشتووە لەبەر نەبوونی ئاوو ئالیک»، ئەوەشی خستەڕوو کە ئەو خێزانانەی لەو گوندە بوون، دەیان خوێندکاری ناوەندییان هەبووەو دەبوو بچن بۆ ناحیەی تەقتەق. وتیشی: «چوار ساڵە عامودیان چەقاندووە، بەڵام تائێستا کارەبای نیشتمانییان بۆ نەهێناوین، جگە لەوەی حکومەت یەک خانووی بۆ خەڵکی ئەو گوندە دروست نەکردووەو ئێستاش گوندەکەمان نزیکەی (٣٠) خێزانی تێدا ماوە، ئەگەر چارەسەری کێشەکانمان نەکەن، ناچارین ئێمەش گوندەکە چۆڵ بکەین».

گوندی ئۆمەرگومبەت چەند کیلۆمەترێک لە خۆرهەڵاتی ناحیەی سێگردکانەوە دوورەو گەورەترین گوندی سەر بە ناحیەکەیە، بەڵام لە چەند ساڵی رابردوودا وەک دانیشتووانەکەی باسی دەکەن، بەهۆی بێخزمەتییەوە زیاتر لە (٧٠) خێزانیان کۆچیان کردووە بۆ شارەکان.

عومەر ئەحمەد، بەڕێوبەری ناحیەی سێگردکان، ئەوەی خستەڕوو کە چوار ساڵە سێگردکان بووەتە ناحیەو نکۆڵی لەوە نەکرد کە وەک پێویست نەیانتوانیوە خزمەتگوزاری بگەیەننە گوندەکان، وتی: «لە گوندی ئۆمەرگومبەت لەماوەی چەند ساڵی رابردوو، چەند پرۆژەیەکی لە بواری تەندروستی‌و خوێندن بۆ ئەنجامدراوە، چەند جارێکیش هەوڵی ئەوە دراوە بیری ئیتریوازییان بۆ لێبدرێت، بەڵام هەڵکەوتی گوندەکە وایە ئاو لە ژێرزەویدا نییە، ئێستا بە تانکەر ئاویان بۆ دابین دەکەین تا لە شوێنێکی دیکەوە ئاویان بۆ رادەکێشین، لە بواری کارەباشدا تائێستا ناوەندی ناحیەکەش کارەبای نیشتمانی نییە، ئێمە هەموو شتێکمان ئامادە کردووەو بڕیارە لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ بۆمان رابکێشرێت».

عومەر ئەحمەد ئاماژەی بەوەشکرد، کە لە ساڵی ٢٠٠٨وە بودجەیان بۆ سەرفکراوەو چەند پرۆژەیەکیان لە ناوەندی ناحیەکە پێ ئەنجامداوە لە بواری ئاوەڕۆو رێگاوبان‌و بیناو وەرزشی بووە، تا سیمای ناحیەی پێوە دیاربێت».



**گوندنشینێک: وتمان لەسایەی حکومەتی هەرێمەوە خزمەت دەکرێین‌و گوندەکەمان ئاوەدان دەکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە تائێستا ئێمە ئاوی خواردنەوەمان بۆ دابین نەکراوە**

# هاوڵاتییەک لەسەر ئەرکی خۆی پردێک لەسەر زێی بچووک دروستدەکات

ئاری سابیر

**هاوڵاتییەک لەسەر ئەرک‌و بودجەی خۆی‌و لە جیاتی حکومەت، پردێک بۆ بەستنەوەی هەردوو سنووری دەشتی کۆیەو چەمچەماڵ دروستدەکات، بەمەبەستی ئاسانکردنی هاتوچۆکردنی ئۆتۆمبیل و هاوڵاتییانی ئەو سنوورانە، چونکە هاوڵاتییانی ئەو سنوورانە بۆ هاتوچۆ چەند سەعاتێک زیاد دەڕۆشتن‌و تووشی گرفت دەبوون».**


ئەو پردەی هاوڵاتییەکە لەسەر بودجەی خۆی دروستیکردووە لەسەر زێی بچووک لەنێوان هەردوو گوندی کانیبی‌و گۆپتەپە، درێژییەکەی (٣٠) مەترەو پانی (٧) مەترەو بڕی (١١٠) هەزار دۆلاری تێچووە، توانای هەڵگرتنی سەد تەنی هەیەو زیاتر لە (١٠٠) گوندی سنووری کۆیەو چەمچەماڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

**«ئەو کارەی حکومەت نەیتوانی بیکات، هاوڵاتییەک کردی»**

مشیر شوکر، کە ئەو هاوڵاتییە بەڵێندەرەیە پردەکەی لەسەر ئەرکی خۆی دروستکردووە، ئاماژەی بەوەکرد کە وەک کارێکی خێرخوازیی ئەو کارەیان کردووەو وتی: «هەستمان بەوەکرد کە هاوڵاتییانی ئەو سنوورە ئاستەنگێکی زۆر لەبەردەمیاندایە بۆ پەڕینەوەی سنووری چەمچەماڵ‌و دەشتی کۆیە، پێویستبوو چەندین کیلۆمەتری زیاد ببڕن یاخود بە کەڵەک‌و چوپ بپەڕنەوە لە زێی بچووک، بۆیە ئەو پردەمان دروستکردو ئێستا رۆژانە دەیان ئۆتۆمبیل بەو پردەدا هاتوچۆ دەکەن‌و رێگایان بۆ نزیکبووەتەوە».

ئەحمەد عوسمان (٤٢ ساڵ)، دانیشتووی سنووری کۆیە، باسی لە گرنگیی ئەو پردە کرد کە ئەو هاوڵاتییە دروستیکردووە، وتی: «ئەوکارە زۆر گەورەیە کە ئەو بەڵێندەرە کردویەتی، لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی پردێک تەواوبکات»، ئەوەشی خستەڕوو کە «پێشتر دەبوو هاوڵاتییانی سنووری کۆیە رێگایەکی درێژ ببڕن‌و بە دوکان‌و تاسلوجەدا بچن بۆ چەمچەماڵ‌و تەکیەو ناوچەکانی دیکەی ئەو سنوورە، بەڵام ئێستا دەتوانن بە کەمتر لە نیو سەعات لێرەوە بڕۆن».

# بە «نایاسایی» وەزارەتی تەندروستی بایی زیاتر لە ٩ ملیۆن دۆلار ئامێر لە کۆمپانیای سیمنس دەکڕێت




سامان بەشارەتی

**وەزارەتی‌تەندروستی‌حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەهای (٩) ملیۆن‌و (٤٠٠) هەزار دۆلار، ئامێری پزیشکی لە کۆمپانیای سیمنسی ئەڵمانی دەکڕێت، سەرچاوەیەکیش لە دیوانی چاودێری دارایی ئەو مامەڵەیەی وەزارەت بە «نایاسایی» لەقەڵەمدەدات.**

سەرچاوەیەکی باڵا لە دیوانی چاودێریی دارایی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەزارەتی تەندروستی بە نایاسایی بەبڕی (٩) ملیۆن‌و (٤٠٠) هەزار دۆلار، ئامێری لە کۆمپانیای سیمنس لە ئەڵمانیا کڕیوە»و ئەو گرێبەستەش بە نایاسایی لەقەڵەمدەدات.

ئەو سەرچاوەیەی چاودێری دارایی رونیکردەوە بەپێی یاسای وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم، هەر ئامێرێک بۆ فەرمانگەو دەزگاکانی حکومەت بکڕدرێت، دەبێت بخرێتە موزایەدەوەو چەند کۆمپانیایەک بەشداریی لەو موزایەدەیەدا بکەن، بۆئەوەی بزانن کامیان نرخەکەی هەرزانترەو بەوشێوەیەش گرێبەستەکە لەگەڵ ئەودا بکەن، بەڵام بەپێی وتەی ئەو سەرچاوەیەی رۆژنامە لە دیوانی چاودێریی دارایی، وەزیری تەندروستی بەتەنیا لە وڵاتی ئەڵمانیاو ئەو گرێبەستەی لەگەڵ کۆمپانیای سیمنس مۆرکردووە بۆ هێنانی چەند ئامێرێکی تەندروستی، کە نرخی ئەو ئامێرانە دەگاتە (٩) ملیۆن‌و ٤٠٠ هەزار دۆلار، «کە دەبوو ئەم گرێبەستە لە رێگای لیژنەیەک لە وەزارەتی تەندروستییەوە بکرایە، نەک تەنیا وەزیری تەندروستی ئەم گرێبەستە مۆربکات».

د.زریـــان عوسمان، وەزیـــری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبارەی هۆکاری کڕینی ئامێرە تەندروستیەکان بەو شێوازە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «تا وەکو من وەزیربم،لەقاچاچپیەکانی‌کوردستان ئامێری تەندروستی ناکڕم»، هەروەک ئاماژە بۆ ئەو گرێبەستەدەکات‌و دەڵێت: «ئەو گرێبەستە راستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیای سیمنسی ئەڵمانی کراوە، نیازیشمان نییە لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەکی دیکەدا گرێبەست بکەین، لە بەرئەوەی کەلوپەلەکانیان خراپن‌و نرخەکانیشیان زۆر زیاترە».

د.زریان هۆکاری گرێبەستەکەشی بەوشێوەیە بۆ ئـەوە گـەڕانـدەوە کە پێیانباشە راستەوخۆ بچنە سەرچاوەی سەرەکی کۆمپانیایەکەو ئامێر بـکـڕن.د.زریـان عوسمان دەڵێت: «ئێمە ناهێڵین قاچاغچیەکان بەشداریی لەو موزایەدەدا بکەن‌و خـۆم پێمباشبووە لـەگـەڵ سێ ئەندامیتر لە وەزارەتی تەندروستی برۆمە ئەڵمانیاو لەگەڵ کۆمپانیای سیمنسی ئەڵمانی ئەو گرێبەستە مۆربکەم، دواتر ئەو گرێبەستەش لەلایەن ئەنجومەنی وەزیـرانـەوە رەزامەندی لە سەر نیشانداوەو هیچ کێشەیەکی یاسایی نییە». وەزیری تەندروستی کڕینی ئەو ئامێرانە بەو ئاقارەدا دەبات کە قاچاغچییەکان قسە لەسەر گرێبەستەکە بکەن‌و خۆی لە قسەکانی چاودێری دارایی لادەدات‌و دەڵـێـت: «هەندێک لە قاچاغچیەکانی کوردستان پێیان ناخۆشە لەلایەن خۆیانەوە ئەو ئامێرانە نەهاتووە هەموو کێشەیەک بۆ ئەو گرێبەستە دروستدەکەن کە وەزارەتی تەندروستی کردوویەتی».

هەروەک نایەوێت وەڵامی چاودێری دارایی بداتەوە کە سەرچاوەیەکی دیـوانـی چـاودێـری دارایـی باس لە نایاسایی بوونی گرێبەستەکە دەکات‌و د. زریان باس لەوەدەکات کە بەنیازن گرێبەستێکی دیکەش لەگەڵ کۆمپانیای سیمنس بکەن، «وەزارەتـی تەندروستی بەنیازە گرێبەستی دیکەش بکات لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە بۆ هێنانی کورسی ددان». هــەروەک سەرسوڕمانی خۆشی لەوە دەربـڕی کە «بۆچی لە کوردستان رۆژانـە بە سەدەها گرێبەستی نایاسیی دەکرێت کەس قسە نـاکـات، کەچی وەزارەتـی تەندروستی گرێبەستێکی کردووە لـەگـەڵ کۆمپانیای سیمنس، لە سەریان کردووەتە هەڵا».

بە وتەی وەزیری تەندروستی «نرخی‌ئامێرەکانی‌کۆمپانیای‌سیمنس ٣٠٪ لەبەرهەمی کۆمپانیاکانی دیکە هەرزانترە»، بەڵام سەرچاوەکەی چاودێری دارایی رایگەیاند کە «نرخی ئامێرەکانی سیمنس ٣٠٪ گرانترە لە کۆمپانیاکانی دیکە کە ئامێری پزیشکی دەهێنن»، نموونەش بۆ قسەکەی خۆی دەهێنێتەوەو دەڵێت: «پارێزگای سلێمانی چەند ئامێرێکی پزیشکی خستە موزایەدەوە بۆ چەند کۆمپانیایەک کە ئامێری پزیشکی دەهێنن، لەو موزایەدەدا دەرکەوت نرخی ئامێرەکانی کۆمپانیای سیمنس ٣٠٪ لە نرخی هەمان ئامێری کۆمپانیاکانی دیکە گرانترن، ئیتر نازانم جەنابی وەزیر بۆ گرێبەست لەگەڵ ئەم کۆمپانیایە دەکات».

بە وتەی سەرچاوەکە «ئەو بڕە پارەیە زۆرەو ناگونجێت لەگەڵ ئەو بودجەیەی ساڵی ٢٠٠٩ کە وەزارەتی دارایی لەگەڵ رێکخراوی (undp)ی مۆریکرد، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی‌حکومەت‌ووەزیری‌دارایی‌و پلاندانان‌و بـەڕێـوەبـەری بانکی نێودەوڵەتی‌و قونسوڵی ئەمریکاو ئەڵمانیا». وتیشی: «لەلایەن بەشی یاسایی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە رەزامەندیی لە سەر ئەو گرێبەستە کـراوە، لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/٥دا وەزارەتی تەندروستی ئەم گرێبەستەی مۆرکرد لەگەڵ کۆمپانیایی سیمنس بۆ هێنانی ئامێری تەندروستی».



## چەندین گوندو ناحیە بەوهۆیەوە چۆڵکراون

# ٢٥ ساڵ لە تینوێتیدا

ئاکۆ محەمەد شوانی


دیمەنێک لە شاری چەمچەماڵ

زیاتر لە (٢٥) ساڵە دانیشتووانی سنووری چەمچەماڵ بەدەست گرفتی کەمئاوییەوە دەناڵێنن‌و تائێستاش نەتوانراوە ئەو کێشەیەیان چارەسەر بکرێت، لێپرسراوی ئاوی چەمچەماڵیش نکۆڵی لە بوونی گرفتەکە ناکات‌و دەڵێت: «لەئێستادا دەتوانین لە ڕێگای بیری ئیرتیوازییەوە ڕۆژانە (١٠) هەزارمەترسێجا ئاو بۆ دانیشتووانی چەمچەماڵ‌و ناحیەی شۆڕش دابین بکەین»، ئەوە لەکاتێکدایە پێویستی ڕۆژانەی هاوڵاتییان تەنیا بۆ ئاوی خواردنەوە (٤٥) هەزار مەترسێجایە، ئەمە جگە لەکۆی ئەو (٨) ناحیەو (٤٣٤) گوندەی سنوورەکە، گرفتی کەمئاویی هەڕەشەی چۆڵبوونی لێدەکات.

کامیل محەمود، هاوڵاتییەکی دانیشتووی ناحیەی سەنگاوە، باسی لەوەکرد، کە چەندین ساڵە گرفتی کەمئاویان هەیەو ئەوەش بێزاری کردوون، کامیل جەخت لەوەدەکاتەوە کە زۆربەی گوندەکانی سنوورەکەیان بەهۆی نەبوونی ئاوەوە چۆڵبوون، وتیشی: «بێزاریی خەڵکی سنوورەکە گەیشتووەتە ئاستێک کە زۆربەی ماڵەکانی ناحیەکەشمان ڕۆشتوون‌و چۆڵیانکردووە، چونکە ئاو سەرچاوەی ژیانە، کە ئاویش نەبوو ژیانیش نابێت، بۆیە ئەگەر حکومەت ئەو گرفتەمان بۆ چارەسەر نەکات، ئەوا ئەم ناوچەیە بە گشتی بەرەو چۆڵبوون دەچێت».

ئەوەشی خستەڕوو، کە ساڵی ڕابردوو لەسەر بودجەی وشکەساڵیی بە تانکەر ئاویان بۆ دابینکراوە، بەڵام لەئێستادا «ئەوەشمان نەماوە، بۆیە داوا لە حکومەت دەکەین چارەسەرێکمان بۆ بکات، ئەگەر نا، گوندو ناحیەکانیش بەرەو وێرانەو چۆڵبوون دەچن».

گرفتی نەبوون‌و کەمئاویی سنووری چەمچەماڵ لەکاتێکدایە کە سەرچاوەی ئاوی چەمچەماڵ بیری ئیرتیوازییەو ناتوانرێت پێداویستی ئاوی ناوچەکە دابین بکات، ئەوەش بەپێی وتەی لێپرسراوی پلاندانانی ئاوی چەمچەماڵ گرفتی زۆری بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دروستکردووە، ئەوەش بەپێی وتەی لێپرسراوی پلاندانانی ئاوی چەمچەماڵ.

ئیرەج حەمەشەریف، لێپرسراوی پلاندانان لە فەرمانگەی ئاوی چەمچەماڵ، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: قەزای چەمچەماڵ کە (٨) ناحیەو (٤٣٤) گوندی لەسەرە، «لەئێستادا گرفتی سەرەکیی ئەم ناوچەیە نەبوونی ئاوی خواردنەوەیە، لەبەر ئەو هۆکارەشە بەشێکی زۆر لەو گوندانە چۆڵیان کردووە. هەروەک نکۆڵی لەوەش نەکرد کە ئەگەر گرفتی ئاوی ناوچەکە چارەسەر نەکرێت، ناوچەکە چۆڵتریش دەبێت». ئاماژەی بەوەشکرد کە ئێستا دانیشتووانی ناحیەکانیش تووشی هەمان گرفت بوون، وتیشی: «لەبەرئەوەی دانیشتووانی ناحیەکانی سنوورەکە ئاوی خواردنەوەیان نییە، ناتوانن ژیان بەبێ ئاو بگوزەرێنن‌و ڕوودەکەنە شارەکان».

گرفتی کەمیی‌و نەبوونی ئاو لە ناوچەکەدا، لەکاتێکدایە کە بەشێک لەو بیرە ئیرتیوازییانەی ئاوی خواردنەوەی هاوڵاتییانیان لێوە دابیندەکرێت، بەهۆی وشکەساڵیی‌و کەمیی ڕێژەی بارانبارینەوە وشکیانکردووە، بەوهۆیەشەوە سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە بەرەو کەمبوونەوە دەچن.

لێپرسراوی پلاندانان لەفەرمانگەی ئاوی چەمچەماڵ ئەوەی ڕوونکردەوە، کە لەناوچەکانی بانیمەقان‌و کانی شەیتان‌و ناحیەی شۆڕش، نزیکەی (٤٥) بیری ئیرتیوازییان هەیە، بەڵام (٥) لەو بیرانە ئێستا وشکبوون‌و (٧)یشیان بەهۆی نەگەیشتنی تۆڕی کارەباوە کارناکەن، ئەمانەش هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی کە نیشانی دەدات ئاوی چەمچەماڵ تادێت بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات. پێشیوایە ناکرێت بە ئاسانی تەماشای ئەو گرفتانە بکرێت، بەوپێیەی کە تەنیا لە سنووری قەزای چەمچەماڵ‌و ناحیەی شۆڕشدا نزیکەی (١٥٠) هەزار هاوڵاتی سەرچاوەی ئاویان لەو بیرانەوە بۆ دابیندەکرێت.

جگە لە گرفتی کەمیی سەرچاوەی ئاو لە دەڤەرەکەدا، چەند گەڕەکێکی تازەی چەمچەماڵ تائێستا تۆڕی ئاویان بۆ ڕانەکێشراوە، ئەمەش گرفتێکی دیکەی هاوڵاتییانی سنوورەکەیەو پێویستیان بە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە هەیە، هەروەک گەڕەکەکانی (٦، ٤٦، ٤٨، ٥١، ٦٩، ٩٥)و گەڕەکی نوێی ئەنفالەکان، لەو گەڕەکانەن کە تائێستا ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین نەکراوە.

فەرمان عەلی، دانیشتووی گەڕەکی (٦٩)ی چەمچەماڵ، ئاماژە بەوەدەکات کە سێ ساڵە لەو گەڕەکەدا نیشتەجێیە، بەڵام تائێستا تۆڕی ئاویان بۆ ڕانەکێشراوە، ئەو وتی: «دوای سێ ساڵ چاوەڕوانیی، تائێستا تۆڕی ئاو نەگەیشتووەتە گەڕەکەکەمان، چەندینجار سەردانی لایەنی بەرپرسیشمان کردووە، بەڵام هەرجارەو بە بەڵێنێک بەڕێماندەکەن‌و دواتریش هیچمان بۆ ناکەن».

فەرمان باسی لەوەکرد، کە ئێستا دانیشتووانی گەڕەکەکەیان زۆر بێزارن‌و پێویستی زۆریان بە ئاوی خواردنەوە هەیە، چونکە لە هەفتەیەکدا دەبێت خۆیان چەند جارێک ئاوی خواردنەوە بکڕن، وتیشی: «زۆرجار ئاو دەکڕین، بەڵام هەندێک لەو تانکەرانەی ئاویش دەفرۆشن مەرجی تەندروستی تێدانییە، بۆیە داوا لە حکومەت دەکەین ئەو گرفتەمان بۆ چارەسەربکات».

ڕەخنەی هاوڵاتییانی سنوورەکە لەکاتێکدایە کە بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی چەمچەماڵیش پشتگیرییان دەکات‌و داواکارییەکانیان بە ڕەوا دەزانێت، «لەبەرئەوەی ئاو سەرچاوەی ژیانەو مافی سروشتیی هەموو هاوڵاتییەکە».

ئومێد حەسەن فەقێ، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی چەمچەماڵ، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەگەڵ ئەوەی گەڕەکەکانی (٦، ٤٦، ٤٨، ٥١، ٦٩، ٩٥)و گەڕەکی نوێی ئەنفالەکان، تائێستا ئاوی بۆ نەڕۆشتووە، گەڕەکەکانی دیکەش لە هەفتەیەکدا تەنیا (٢) سەعات ئاویان بۆ بەردەدرێتەوە، هۆکاری ئەو کەمیی ئاوەش بۆ کەمیی سەرچاوەی ئاوی چەمچەماڵ دەگەڕێتەوە. پێشیوایە تاکە چارەسەر بۆ ئەو گرفتە، ڕاکێشانی هێڵی دووەمی ئاوی دوکانە لە تاسلوجەوە بۆ چەمچەماڵ، یا ڕاکێشانی ئاوی گۆپتەپەیە بۆ چەمچەماڵ، کە دیزاینەکەی لەلایەن زانکۆی دهۆکەوە ئەنجامدراوە، «هەرچەندە ئەوەش تائێستا لەلایەن حکومەتەوە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەو دوو پرۆژەیە نەبێت، هیچ بەرنامەیەکی دیکە ناتوانێت گرفتی کەمئاویی سنوورەکە چارەسەربکات».

**چەمچەماڵ لەڕۆژێکدا پێویستی بە (٤٥) هەزار مەترسێجا ئاو هەیە، بەڵام (١٠) هەزار مەترسێجا ئاوی بۆ دابینکراوە**



## حکومەتی کۆریای باشوور بیناکەی دروستکردووە

# بنکەی مەشق‌و پیشەیی هەریر کەلوپەل‌و پێداویستی تێدانییە

ئەحمەد فارس باڵەک

**تائێستا ستافی ئەندازیاری‌و کەلوپەل‌و پێداویستی بۆ بنکەی مەشق‌و پیشەی راهێنانی هەریر دابین نەکراوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە زیاتر لە دوو مانگە بیناکەی تەواوبووە**

ناحیەی هەریر سەر بە قەزای شەقلاوەیە، لەسەر راسپاردەی وەزارەتــی شەهیدان‌و کاروباری ئەنفالکراوەکان، حکومەتی کۆریای باشوور بینای ئەو بنکەیەی بەبڕی (١) ملیۆن دۆلار دروستکرد لەسەر رووبەری (١٥) هەزار مەتر(بۆ راهێنانی گەنجانی سنوورەکە بۆ ئیشی دەست‌و پیشەوەری)، کە لە دوو نهۆم پێکهاتووە‌و (٦) هۆڵ‌و ژووری کارگێڕی‌و سێ گۆڕەپانی وەرزشی‌و دوو مولیدەی (٤٠٠) کەیڤی تێدایە، بەڵام ستافی ئەندازیاریی‌و پێداویستییەکانی دیکەی بۆ دابین نەکراوە‌و تائێستا سوودی لێوەرنەگیراوە.

رزگـار حەسەن، بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر، ئاماژەی بەوەکرد کە لە سەرەتای مانگی ئازارەوە لەسەر راسپاردەی وەزارەتی شەهیدان، حکومەتی کۆریا ئەم بنکەیەی دروستکردووە بە گوژمەی (١) ملیۆن دۆلار، وتیشی: «زیاتر لە دوو مانگە کاری بیناکەی تەواوبووە، بەڵام ئەوەی جێگای داخە تائێستا ئەم بنکەیە نە دەستەیەکی ئەندازیاریی بۆ دابینکراوە نە کەلوپەل‌و پێداویستیشی بۆ دابینکراوە‌و تائێستا دەستبەکار نەبووە»، باسی لەوەشکرد کە هەرچەندە سوپای ئەمریکاش بەڵێنی کڕینی کەلوپەلی بنکەکەیان پێداون، بەڵام تائێستا دابینیان نەکردووە، وتیشی: «ئەگەر ئەوان دابینی نەکەن، دەبێت وەزارەتی شەهیدان‌و کاروباری ئەنفالکراوەکان دابینی بکات».

گەنجانی سنوورەکە رەخنە لەوەدەگرن کە بینای بنکەکە تەواوبووە، بەڵام پێداویستییەکانی دابین نەکراوە‌و جەخت لە پێویستی زوو دابینکردنی کەلوپەلەکانی بنکەکە دەکەن، بەوپێیەی زۆرێکیان لە بێکاریی رزگاردەکات.

نەبەز ئەحمەد، گەنجێکی دانیشتووی ناحیەی هەریرە، رەخنەی لە وەگرت کە دوای تەواوبوونی بینای بنکەکە تائێستا حکومەتی هەرێم کەلوپەل‌و پێداویستییەکانی بۆ دابین نەکردووە، وتیشی: «بەداخەوە پارەیەکی زۆر بۆ بینایەک دروستدەکرێت، بەڵام هەندێک کەلوپەلی بۆ دابین ناکرێت تا خەڵک سوودی لێوەربگرێت»، بەبڕوای ئەو بە کەوتنە کاری ئەو بنکەیە، زۆربەی گەنجەکانی شارۆچکەکە لە بێکاریی رزگاریان دەبێت، «بەڵام ئێستا چی لەو باڵەخانە چۆڵە بکەین».

---

## «بەهۆی یەکگرتنەوەی ئیدارەوە کۆیە لەبودجە بێبەشبووەو کێشەکان بەسەریەکدا کەڵەکەبوون»

# گەڕەکەکانی قەزای کۆیە داوای خزمەتگوزاریی دەکەن

ئاری سابیر

**بەشێک لەگەڕەکەکانی قــەزای کۆیە ئاماژە بەکەموکوڕیی‌و کەمیی پــرۆژەی خزمەتگوزاریی دەکــەن‌و ئەوە دەخەنەڕوو کە لەبری پرۆژەی خزمەتگوزاری هەندێکجار پــرۆژەی جوانکاری ئەنجامدەدرێت، سەرۆکی شــارەوانــی کۆیەش دەڵـێـت: «بەهۆی یەکگرتنەوەی هــەردوو ئـیـدارەی حکومەتەوە، کۆیە لەبودجە بێبەشبووەو ئەوەش وایکردووە ئەو هەموو کێشانە بەسەریەکدا کەڵەکەبن‌و بمێننەوە».**

ئامانج عومەر (٣١ســاڵ)، هاوڵاتییەکی دانیشتووی گەڕەکی (کەکۆن)ی قەزای کۆیەیە باس لەبێخزمەتی گەڕەکەکەیان دەکات، کە لەوەرزی زستاندا هاتوچۆیان سـەخـت دەبـێـت بـەهـۆی بـارانـبـاریـن‌و دروستبوونی قــوڕاوەوە، وتیشی: «ئەو گەڕەکەی ئێمە چەندین ساڵە دروستبووە، بەڵام تائێستا حکومەت نەیتوانیوە چەند کۆڵانێکی کۆنکرێت بکات‌و خەڵکەکەی لەقوڕو خۆڵ‌و تۆز رزگار بکات، لەکاتێکدا گەڕەک هەیە نزیکەی پێنج ساڵە دروستبووە زۆربــەی شــەقــام‌و کــۆڵانــەکــانی قیرو کۆنکرێتە».

ئامانج ئاماژەی بەوەکرد، کە سەرباری ئەو کەموکوڕیانە‌و نەبوونی ئاوەڕۆ، تائێستا خوێندنگای ناوەندی‌و ئامادەیی‌و مزگەوت‌و باخچەی ساوایان‌و بنکەی تەندروستی تێدانییە‌و وتی: «هیچکام لەکێشەکانمان چارەسەر نەکراوە».

قەزای کۆیە لە (٢٥) گەڕەک پێکهاتووە، کە نزیکەی (٥٠) هــەزار هاوڵاتی تێیدا نیشتەجێیە‌و گەڕەکی ئازادی‌و کەکۆن دوو گەڕەکی گــەورەی ئەو قەزایەن زۆربەی دانیشتووانەکەی کەسوکاری پاشماوەی ئەنفال‌و شەهیدانن.

عەبدوڵڵا خدر (٣٨ســاڵ)، دانیشتووی گەڕەکی ئازادی کۆیەیە، کە لەساڵی ١٩٨٨ دروستبووە، رەخنەی ئەوەی لەحکومەتی هــەرێـم گــرت کــە تائێستا نەیتوانیوە چارەسەری کێشەی گەڕەکەکەیان بکات، وتی: «لــەوەرزی زستاندا ئێمە ژیانمان نییە لەوگەڕەکە، ئــەوە لەکاتێکدایە کە دانیشتووانی گەڕەکەکەی ئێمە هەمووی خەڵکی شەهیدو ئەنفال‌و هەژارن‌و دەبوو پێش هەموو شوێنێک خزمەتگوزارییان بۆ ئەنجامبدرایە، کەچی ئاوا خەڵکی شەهیدو ئەنفال بەوشێوەیە فەرامۆشکراوە‌و ئاوڕیان لێنادرێتەوە‌و لەزۆربەی خزمەتگوزارییەکان بێبەشن».

ئــاراس حــەوێــزی، ســەرۆکــی شارەوانی کۆیە، سەبارەت بەناڕەزایی دانیشتووانی گەڕەکەکانی کۆیە‌و کەمی خزمەتگوزارییەکان، وتی: «هاوڵاتیان مافی خۆیانە گلەیی بکەن‌و داوای خزمەتگوزاری بکەن، ناشکرێت بڵێین شارەوانی کۆیە هیچی نەکردووە بۆ گەڕەکەکانی کۆیە، ئێمە هەوڵمانداوە هیچ لایەک فەرامۆش نەکەین‌و ئەو بودجەیەی وەرمان گرتووە دابەشمان کردووە بەسەر پرۆژە جۆراوجۆرەکاندا، لەچەند گەڕەکێک کۆنکرێت، ئاوەڕۆ، قیرتاو باخچەمان کــردووە، بــەڵام پێویستبوو هەندێک شەقامەکانی ناو کۆیەش رێک بخەین‌و جوانکارییان بۆ بکەین خەڵکێکی زۆر روو لەوشارە دەکەن وادەزانن هیچ نەکراوە، هەموو ئەوپرۆژانەی پارەیان بۆتەرخانکراوە پێویستبوون». ئاماژەی بەوەشکرد، کە بەرنامەیان داناوە لەبودجەی ئەمساڵ زۆربەی بۆ خزمەتگوزاری تەرخان بکەن، بەتایبەتی کۆنکرێت‌و قیر.

لەگەڵ ئــەوەشــدا ئــاراس حــەوێــزی، هۆکاری سەرەکی نەگەیشتنی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆسەرجەم گەڕەکەکانی کۆیەی بۆئەوە گەڕاندەوە کە لەماوەی (٥) ساڵدا زیاتر لە (١٠) گەڕەکی نوێ لەکۆیە زیادیـکـردووەو پێیوایە لەوکاتەوە کە بودجەی باشیش بۆ کوردستان تەرخانکرا هێشتا گەڕەکە کۆنەکانی کۆیە کێشەیان چارەسەر نەبووبوو، کە گەڕەکە نوێکانیش دروسـتـکـران، لەبەرئەوە نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی ئەوهەموو گەڕەکانە بکەن بەو بودجەیەی بۆیان تەرخانکراوە، وتیشی: «دووساڵیش بەهۆی یەکگرتنەوەی هەردوو ئـیـدارەی حکومەتەوە، کۆیە لەبودجە بێبەشبووەو ئەوەش وایکردووە ئەو هەموو کێشەیە بەسەریەکدا کەڵەکەبن‌و بمێننەوە».



دیمەنێک لە شاری کۆیە

# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان مام جەلال‌و کاک مەسعود

بەڕێزان: لە وڵاتی کوردەواریدا یاسا نەماوە، خەڵکی هەژاریش نازانێت پەنا بۆ کوێ بەرێت‌و خەمی دڵی لای کێ باسبکات، ئەمڕۆ لە حکومەتی هەرێمدا خزمخزمێنە باوە، لە کوێ گەورە پیاوێکی بەدەسەڵات هەبوو، خەڵکی ناوچەکەی‌و خزمەکانی خزمەت دەکرێن.

ئەوەتا راوێژکار بەهۆی ئەو دیاردەیەوە بە پلەی بریکار خانەنشینکراوەو لە سلێمانی مامەڵەی خانەنشینەکەی بۆ دەکەن، هەشە زۆر لە خوار بەڕێوەبەری گشتییەوەیە، بە پلەی بەڕێوەبەری گشتیی خانەنشینەکەی بۆ کراوە. لە خوا بەزیادبێت خزم هەر هەبێت باشەو رۆژێک دێت فریای بکەوێت‌و هەژاریش با هەر هەژاربێت.

بەڕێزان: منی فەرمانبەر (٣٩) ساڵە خزمەتی شوێنەوارەکانی کوردستان دەکەم، (٣٥) ساڵیشە واتە لەساڵی (١٩٧٧)ەوە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا وەکو پسپۆڕێکی شارەزا بە نووسین، باس‌و لێکۆڵینەوە لەسەریان بڵاودەکەمەوە، کە توانیومە لەو خزمەتەمدا شوێن پەنجەم دیاربێت.

بەڕێزان: بۆ ئاگاداریتان من لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٢)م، ناونیشانەکەم لە وەزیفەدا (شارەزا)یە، دەبوایە لە ٢٠٠٧/٧/١ـەوە خانەنشین بکرامایە، بەڵام بێئەوەی سەروو خۆم یان وەزارەتەکەم ئاگادارم بکات، لە وەزیفەکەمدا مامەوە تا ٢٠٠٩/٤/٣٠، ئەوسا خانەنشینکرام.

بەڕێزان: ئێستا لە ٢٠٠٧/٧/١ـەوە تا ٢٠٠٩/٤/٣٠ مووچەی ئەو چەند مانگەم لێوەردەگرنەوە کە (٢٢) مانگەو کۆی بڕی پارەکەی (٣٤,٩٨٩,٠٠٠) دینارە بە رێژەی ١/٥، کە (١٤٧,٠٠٠) دینارە لە کۆی مووچەی خانەنشینەکەم‌و مانگانە لێم دەبڕدرێت، کە (٧٣٦,٠٠٠) دینارە، واتە ئەوەی لە مووچەکەم دەمێنێتەوە مانگانە (٥٨٩,٠٠٠) دینارە، بە ویژدانتان ئەو مووچەیە بەشی ژیانی خێزانێک دەکات بۆ مانگێک، ئاخر لەمەدا من تاوانم چییە؟

بەڕێزان: ئەو هەموو خزمەتەی من کردوومە بە نووسین بۆ خاک‌و نەتەوەکەم لەسەر شوێنەوارو مێژووی دێرینی گەلەکەم، تو پیرۆزیی خاک دەبێت ئاوا پاداشتم بدرێتەوە، یان دەبوو بۆ ئەو ماندووبوونەم ئەو ماوەیەم بۆ درێژبکەنەوەو بە خزمەت بۆم ئەژمار بکەن، ئایا رەوایە بەوجۆرەم لەگەڵدا بکرێت؟

تکایە ئەگەر رۆژی خزمخزمێنەیە، منیش پەراوێز مەخەن‌و ئەو بارە گرانە لەسەر شانم لابەرن، بۆئەوەی بەو مووچەیەی کە بۆم بڕاوەتەوە بژیم.

کوا دەقێکی یاسایی وا هەیە ئەگەر فەرمانبەر لەکاتی خۆیدا خانەنشین نەکرا، ئەو مووچانەی لێ بسەنرێتەوە، لەکاتێکدا ژیان بەو گرانییە دەڕوات، ئەمە کارێکی ناڕەوایە لەگەڵ هەژاراندا دەکرێت.

لەگەڵ رێزدا...

**کەمال نوری مەعروف**
**ئەندامی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

# دوای هەشت مانگ بەدواداچوون وتیان نابێت!!

لە سیستمی مووچەی نوێی ساڵی ٢٠٠٨دا هاتووە بە نووسراوی (٩-١١-١٧-١٤) لە ٢٠٠٨/٦/٢٤دا کە ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزارەتی دارایی‌و ژمێریاریی‌و دیراسات‌و لێکۆڵینەوە بە واژووی بریکاری وەزارەت بە وەکالەت بەڕێز (رەشید تاهیر حەسەن)، کە کاری سەرەڕایی ئەژمار دەکرێت لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١دا بۆ فەرمانبەران‌و ئەوانەی بە گرێبەست دامەزراون. یاداشتم بەرزکردەوە لە ٢٠٠٨/٩/١٨دا کە پێشتر لەگەڵ سەندیکای کارمەندانی تەندروستیدا گفتوگۆم کردبوو، بەڵام ئەوان چونکە نوێنەری راستەقینەی ئەو چین‌و توێژە نین، گفتوگۆکانمان بنبەست بوو!!

بەهەمانشێوە فەرمانگەی تەندروستی پاش ٨ مانگ دەستی دەستی‌و دواخستن‌و پەنابردنە بەر سەرۆکی یەکەی کارگێڕی سلێمانی کە (پارێزگایە) لەم نێوانەدا هاتوچۆو هیلاکییەکی زۆر، کەسی ئامادە نەبوو وەڵامێکی فەرمیم بداتەوە، هەریەک بە بۆچوونی خۆی رایەکی هەڵە بێت یان راست دەردەبڕی، لەکاتێکدا نووسراوی فەرمی ئاشکرا هەیەو لە بڕگەی (٨)دا لە بەشی حەوتدا، ئاماژە دەدات کە «کاری سەرەڕایی ئەژمار بکرێت بەپێی خشتەیەکی تایبەت‌و کار ناکرێت بەهیچ رێنماییەک دژ بەم رێنماییە»!!، لەکاتێکدا سەلماندوومە کە مانگانە چەندین سەعات، (٥٠) سەعات کاری زیادەم هەیە، هەروەها بەپێی پشتگیری جێگای کارەکەی خۆم کە (مەڵبەندی تەندروستی ئێشکگری بازیانە)، بەڵام هیچ لایەنێکی حکومیی پەیوەندیدار ئامادە نییە دان بەو مافەمدا بنێت، ئەگەر ناشکرێت ئامادەنین نووسراوێکی فەرمی بخەنەڕوو کە کار بەو سیستمە ناکرێت، لەمیانەی ئەو هاتوچۆو بەدواداچوونەم چەندینجار هەڕەشەو تووڕەبوونم لێکراوە، جا ئەم سیستمی کاری سەرەڕاییە بۆ هەندێک کاری پێکراوەو بۆ هەندێکی دیکە نا!!

من داوای سەرفکردن‌و ئەژمارکردنی سەعاتە زیادەکانم کرد کە مافی خۆم بوو وەک فەرمانبەرێکی دەوڵەت، ئەم هەوڵەشم تەنیا بۆ خۆم نییەو سەدان کەسی وەک من هەیە کە ناهەقی‌و ئاستەنگیانەی لەگەڵ دەکرێت‌و هەمان بڕیار دەیانگرێتەوە، بەڵام تۆ بڵێی شارەکانی وڵاتی خۆمان هەریەک ئاوو هەوایەکی جیاوازی هەبێت لە کارە فەرمییەکانی دەوڵەتدا یان بەڕاستی (فەنتەلۆسە)، یان حەوتی بە مەنەکە شەشی ربەیەکە!!

**ئازاد مەحمود قادر**
**کارمەندی تەندروستی**

# بەڕێز/ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم

من ناوم (عالیە حسێن رەشید ئەمین)ە، دانیشتووی پارێزگای سلێمانی- قەزای دەربەندیخانم‌و دایکی شەش منداڵم، ئێستا لە بەندیخانەی چاکسازیی سلێمانی بەشی ژنان‌و مێردمنداڵان بەندم، کە بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ بە (حق العام) حوکمدرام، هەرچەندە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەی لەسەری بەندکراوم، لەنێوان ئێمەو بەرامبەرەکەمدا رێککەوتووین‌و هیچ کێشەیەکمان نەماوەو نیمانە.

داواکارم لە جێگری سەرۆکی حکومەتی بەڕێز، بە لێبووردنێکی تایبەت ئازادبکرێم کە ماوەی بەندییەکەم تەنیا (٥) مانگی ماوە بۆ تەواوکردنی ساڵەکە، ئێمە خاوەنی (٢٧٤٤) دەنگین لە عەشرەتی (دەلۆ) کە ناوچەکانی خانەقین‌و کەلارو دەربەندیخان‌و سلێمانی دەگرێتەوە، ئەگەر بێت‌و لەماوەی (١٥) رۆژدا ئازادنەکرێم، ئەم دەنگانە دەسووتێنم یان بۆ لایەنێکی دیکە دەچن.

دوا فەرمان لای بەڕێزتانە.

لەگەڵ رێزو سوپاسمدا

**لەجیاتی داواکار**
**حەسەن حسێن رەشید ئەمین**
**برای/ عالیە حسێن رەشید ئەمین**

# روونکردنەوەیەک بۆ رۆژنامەی ڕۆژنامە

سەبارەت بەو راپۆرتەهەواڵەی کە لە رۆژنامەکەتاندا لە رۆژی ٥/٢٤ لە لاپەڕەی خەڵکدا بڵاوتانکردووەتەوە، لەژێر ناونیشانی (مزگەوتەکانی رانیە بۆ بێنازن)، بە پێویستی دەزانین ئەم روونکردنەوەیە بدەین لەپێناوی ئەوەی کە راستییەکان نەشێوێنرێن، دیارە ئەو برادەرەی کە ئەم راپۆرتەهەواڵەی ئامادەکردووە، هەرلەشێوازی نووسینە بێبنەماو دوور لە راستییەکەیەوە دیارە کە مەبەستی ئەنجامدانی ئەرکێکی راگەیاندن نەبووە، تەنیا ئەوە نەبێت بڕێک پارە بەم بابەتە وەربگرێت، چونکە هەر لە مانشێتەکەیەوە تا کۆتایی هیچ بەڵگەیەکی روون نەکردووەتەوە کە کەموکوڕییەکان پیشانبدات بەشێوەیەکی راست، ئەمە جگە لەوەی کە هەر لەخۆیەوە تێکەڵ‌و پێکەڵی لەنێوان رانیەو هەولێرو سلێمانیدا کردووە، من دەپرسم برادەر بۆ ناوی ئەو کەسە نانووسی کە لێدوانت لێوەرگرتووە کە ئەوقاف پێیوتبێت لە هەفتەیەکدا تەنیا رۆژێک یا دوو رۆژ دەوام بکات؟ ئەوە مانای ئەوەیە کە شێوازی ئەنجامدانی کارە راگەیاندنەکەت هەڵەیە، چونکە لە هەموو مزگەوتەکانی ناوچەکەدا ئاگاداریی هەڵواسراوە بۆ ئەو کەسانەی لە مزگەوتەکان دەوام دەکەن، لە هەمانکاتدا داواکراوە لە خەڵک کە هەر کەموکوڕییەکیان بینی لە دەوامکردنی ئەم کەسانەو پاک نەکردنەوەی مزگەوتەکان، لە رێگای ئەو ژمارە تەلەفۆنانەی کە لە تابلۆکاندا نووسراون کە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی ئەوقافەوە هەڵواسراون لە سەرجەم مزگەوتەکاندا، ئاگادارمان بکەنەوە بۆئەوەی بەدواداچوون بکەین، لە هەمانکاتدا بەردەوام لەلایەن سەرپەرشتیاری مزگەوتەکانەوە چاودێریی مزگەوتەکان دەکرێت، جگە لەمە چۆن جیاوازیت نەکرد لەنێوان مزگەوتی پارێزگاکان‌و قەزایەکدا، چونکە برادەر هەر مزگەوتێکی پارێزگایەک زیاتر لە (٢٠) کەس خزمەتی تێدادەکەن، بەڵام لە ناوچەکەی ئێمەدا بۆ هەر مزگەوتێک لە (٤) کەس تێپەڕناکات، کەوابێت هەڵەیەکی زۆر گەورەت کردووە کاتێک ئەم بەراوردییە باسدەکەیت، لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠٠٦ـەوە هیچ کەسێک دانەمەزراوە، چونکە دامەزراندن راگیراوە، بەڵام زیاتر لە (١٠٠) مزگەوت لە ناوچەکەدا دروستکراوەو زیاتر لە (٢٥٠) کەس خانەنشینکراوە، ئەی بۆ ناپرسی ئەم بۆشاییە چۆن پڕبکەینەوە، بۆیە داواکارم لەمەودوا کە بەدواداچوونت بۆ هەر کێشەو گرفتێک کرد، بە ئیتیکی رۆژنامەوانییەوە کارەکەت ئەنجام بدەیت‌و لە ئەخلاقی کاری رۆژنامەوانیی لانەدەیت، چونکە ئەنجامدانی هەرکارێک بەدەر لە هەموو شتێک بریتییە لە ئەخلاق..

**لێپرسراوی بەشی راگەیاندنی ئەوقافی راپەڕین**
**هەژار رەمەزان ئەحمەد**

بۆ بەرچاوڕوونی لێپرسراوی بەشی راگەیاندنی ئەوقافی راپەڕین، ئەو بابەتەی لە لاپەڕە (٦)ی ژمارەی رابردووی پاشکۆی (خەڵک)ی رۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە بابەتێکی رۆژنامەنووسی نییەو پەیامنێری رۆژنامە ئامادەی نەکردووە بەڵکو سکاڵای هاوڵاتییەکی دڤەرەکەیەو بۆ گەیاندنی کەموکوڕی‌و گرفتەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی لەلایەن لێپرسراوانەوە پەنای بۆ رۆژنامە هێناوەو لە بەرامبەردا بە هیچ برە پارەیەک پاداشت نەکراوە

پاشکۆی (خەڵک)

# وێنەو خەڵک

فۆتۆ: فەلاح ئەحمەد




بینای مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ لە شاری سلێمانی، یەکێکە لە پرۆژەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، کە بەبڕی ٢ملیارو ٧٨٨ ملیۆن‌و ٤١٣ هەزار دینار دروستدەکرێت، هەرچەندە ماوەی پرۆژەکە ٣٦٠ ڕۆژەو لە ٢٠٠٥/٦/٢-ەوە دەستکراوە بە کارکردن تێیدا، بەڵام تائێستاو دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر وادەکەیدا بەو شێوەیەیەو تەواونەکراوە.



بینا نوێکەی نەخۆشخانەی گشتیی تەقتەق تائێستا پێداویستییەکانی بۆ دابین نەکراوە

دوای دوو ساڵ لە تەواوبوونی، بینای نەخۆشخانەی تەقتەق، تائێستا پێداویستییەکانی بۆ دابین نەکراوە، ئەوە لەکاتێکدایە ئەو بینایەی نەخۆشخانەی گشتیی تێدایە، زۆر بچووکەو چەندین کەموکوڕیی تێدایە.

د.ئارام ڕۆستەم، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی کۆیە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەشێک لە پێداویستییەکانی وەک کەلوپەل بۆ دابینکراوە، بەڵام تائێستا ئامێری پزیشکیی بۆ نەکڕاوە، ئێستاش لیژنەیەک دروستکراوە بۆ کڕینی ئەو ئامێرانە، هەرکاتێک ئامێرەکان کڕدران‌و فەرمانبەری پێویستی بۆ دابینکرا، ئەوکاتە نەخۆشخانەکە دەکرێتەوە.

فۆتۆ: ئاری سابیر

خەڵک سەرپەرشتیار: سەنگەر جەمال بۆ پەیوەندی: ٠٧٧٠١٥٨٦٠٢٢

www.netewe.com